ناوی کتێب: روانینێک بۆ دۆزی ژن
نووسینی: ستارە عارف
بابەت: کۆمەڵە وتار
تایپ: نووسەر
دیزاین: هەرێم عوسمان
چاپ: چاپخانەی کارۆ
تیراژ: **500** دانە
نرخ: **2000** دینار
ژمارەی سپاردن:      ی ساڵی **2012**
نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم
ساڵ و شوێنی چاپ: **2012** سلێمانی

ئای ئازادی چی تاوانێک بە ناوتەوە دەکرێت....

مادام رۆلاند

ستارە عارف

# روانینێک بۆ
# دۆزی ژن

**2712** کوردی        **2012** زاینی

**پێشکەشە بەو چرۆیانەی لە باخچەکەم دا گەورە دەبن و رەگ دادەکوتن، لە پایزی زەردیشدا هەمیشە گەڵاکانی قەرسیلیانە دەمێننەوە و وچان نازانن.**





## پێشەکی

×مەبەست لە کۆکردنەوەی ئەم کۆمەڵە وتارە تەواو کردنی ئەو بناغەییە، کە بۆ هەڵهێنانەوەی هەنگاوی نوێتر و هەڵگرتنی شوێن پێیەکی تازەتر لە نوسین و بە دواداچون گرتومەتـە بـەر، لەوانەیـە زۆرێک لەو گرفـت و باسـانەی لێـرەدا قـسەیان لـەبارەوە کـراوە، تارادەیەک چونەتە پێشەوە و پێواژۆی ئاسایی خۆیان دەرباز کردوە و چارەسەریشکرا بن، بەڵام ئەم کۆکراوەیەش دەبێتە مێژویەک لە رابـردوی نوسـەر، ئەگـەر مەبەسـت لـە هـەر بەرهـەمێکی رۆژنامەنوسیمان گەیاندنی سودێک بێت، تارادەیەک بـەم چەشـنە سودمەندترە، ئەمە بەو واتایە نایـەت ئـەم بابەتانـە هـیچ کێـشە و کەموکورتیان نیە، بە پێچەوانەوە من هەموو کارێکم بە هـەنگاوی سەرەتام دەژمێـرم و هێـشتا زۆر قۆنـاغ و پلـەی گرنگتـری مـاوە بیبڕێت، چونکە من هەمیشە وا خۆم رادێنم، ئـەم کـارەی ئـەمڕۆم هێشتا لە سەرەتایدایە و لە سبەینێ وە پێنگاڤی نوێتر و بێ وچـان هەڵدەگرم.

×ئەوەی زۆر هانیدام ئەو بابـەت و نوسـینانەم لەسـەر رەوش و مافەکانی ژنان بە چاپبگەیەنم ئەوەیە، کە پێموایە پێویـستە وەک ژنێک لەبوار و تێڕوانینی ژنانەمەوە خزمەتێک، ئەگەر بـەمجۆرەش بێت و هەرچەندە زۆر ئـەکادیمیی و تیـرو تەسـەلیش نـەبێت، بـە دۆزەکەی خۆم دۆزی ژنان بگەیەنم.

×من متمانەم هێندە بە خۆم هەیە کە، بە کۆششی سبەینێکانم هەنگاوی داهاتوترم پتەوتر دەچەسپێنم، ئەمەشە زیاتر لە خۆم تەنگم پێهەڵدەچنێت و هانمدەدات، تامەزرۆتر لە بواری نوسین و رۆژنامەگەری و خزمەتکردن بەو نیشتمانەی منی کردۆتە عاشقێکی هەمیشەیی خۆی، شوێن پێی ئەم کاروانە هەڵبگرم و بەردەوامبم، وێڕای هەموو سەختی و تەگەرەکانی بوارەکەم و بوارەکانیتری کۆمەڵایەتی و رامیاری و رەگەزیشیم.

×زۆرجار ئەوەی بیرملێکردۆتەوە و کارم بۆ کردوە، هەستم کردوە لە روانگەی دەروبەرەوە بە رێبازێکیتر لێکدراوەتەوە و مەبەستی سەرەکی خۆی نەگەیاندوە، هەڵبەتە ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ هێشتا پەینەبردن بەو رێچکەیەی، کە بتوانم ناخی خۆمی پێدەرببڕم و پەیامەکانمی پێبگەیەنم، ئەمە هۆکاریشبوە زۆرجار پرۆژە و بیرۆکە و هەتا بە کردەیی کاری لێکۆڵینەوە و بەدواداچونم هەبوە، پراکتیزەم نەکردوە و بە چاپم نەگەیاندون، کە قۆناغێکی تازەی بەسەردا هاتوە کۆن بون لام، بێجگە لەوەی کۆمەڵێک هۆکار و بەربەستی جیدی لە بەردەممدا هەبون.

×ئەمڕۆش بە هۆی زۆری و بۆری بواری نوسین، جۆرێک لە پشێوی دروستبوە، کە لەوانەیە ئەگەر کەسانێکیش بە راستگۆیی مەبەستی کاریان هەبێت، نەتوانن ئامانجەکەیان بپێکن، بەڵام ئەوەی دەمەوێت لەم گۆشەیەوە بە زمانی بهێنم، ئەوەیە نەمویستوە بەم کارە کەڵەکەبونێک لە پەرتوکخانەی کوردی زیاد بکەم، هێندەی مەبەستی جەوهەریم خستنەسەری خزمەتێک بوە بە





بوارەکە، ئومێد دەکەم توانیبێتم پەیام و مەبەستی سەرەکی خۆمم گەیاندبێت، لەگەڵ رێز و ستایشی زۆرم بۆ هەموو رۆژنامە و گۆڤارەکانی ئەم کارانەیان بە گەورەیی خۆیان بۆ بڵاوکردومەتەوە.

## دەروازەی یەکەم:

## باسی یەکەم وتارەکانی تایبەت بە پرسی ژنان

### 1– رۆڵی ژن لە تێکۆشانی سەدەی بیست و یەکەمدا

×سەدەی بیست و یەکەم هەنگاو نانە بەرەو شارستانیەتی دیموکراسی و پێشکەوتنی مافی مرۆڤ، لە کاتێکدا لە سەدەکانیتردا شێوەکانی دەسەڵات و کارگێڕی و تاقیکراونەتەوە و مرۆڤایەتی بە قۆناغە جۆر بە جۆرەکانی دەوڵەت و سیستەمی دۆگماتیزم و کارەساتەکانی بنەبڕکردنی مرۆڤ و ئەنجامە نەرێیەکاندا تێپەڕیون، ئەزمونێکی زۆر لەسەرجەم بوارەکاندا لە مرۆڤدا کەڵەکە بوە لە بواری رامیاری و بەڕێوەبەرایەتی و تامەزرۆبون بۆ ئاشتی و هەڵهاتن لە مەرگەسات و وێرانکارییەکانی شەڕ و کۆکوژی رۆژ لە دوای رۆژ بەهێزتر دەبێت.

×لە سەدەی**21**مدا مرۆڤ تارادەیەکی باش پێزانینی بۆ هەموو لایەنەکان هەیە، لە بەرامبەردا ئاگاداری ناهاوسەنگی و ناکۆکییە رەگەزی و ئابوری و کۆمەڵایەتییەکانە، لەلایەکیتریشەوە تەقینەوەی یان ئەنجامی گۆڕانکاری سروشتی و پلە بە پلەیەکان لە ژیانی مرۆڤدا، کە پێداویستی نوێی سەدەکەیە مرۆڤایەتی لەم چاخەدا دەستنیشانیدەکات، سەرەڕای درێژخایاندنی شەڕ و توندوتیژی و بێ چارەیی بە درێژایی چاخەکە، هەتا داهاتنی ئەم سەدە نوێیە، واتە وێڕای باڵادەستبونی جەنگ لەسەرتاپای جیهاندا قۆناغی پلە بە پلەش لە برەودا بوە، چونکە گەردون هەمیشە لە





بزواندن و نوێبونەوەدایە، پێشکەوتنی زانست و تەکنۆلۆژیایش ئەم کاروانگەیە خێراتر دەکات.

×بێگومان تایبەتمەندی سەدەی**21**م وەرچەرخاندنە بەرەو دیموکراسیەت و چاوپۆشییە لە زەبر و ستەم، ئەمەش لەرێگەی بە بنەما وەرگرتنی ئەو ناوەندانەی، فرە کلتور و نەژاد و نەتەوەن بە پلەی یەکەمیش بە دەستەوە گرتن و بەگەڕخستنی ناوەڕۆکی گونجاو لەگەڵ دیموکراسیەتدا، کە تایبەتە بە ژن، شوێنگەیەکی بەم رەنگە فرەییە تەنها رۆژهەڵاتی ناوینە، بۆچی رۆژهەڵاتی ناوین نەک رۆژئاوا؟، چونکە ئەوەی تا ئەمرۆ ریفۆرم و وەرچەرخاندنی بەخۆیەوە نەبینیوە و هەرگیز لە چاوتێبڕین و زەوتکردنی داگیرکاری بێبەشنەبوە، ئەم ناوچەییە و پێگەیەکی شارستانی و مێژوییەکە، کە هەموو جۆرە سیستەمەکان بێجگە لە سیستەمی سەرمایەداری لێرەدا سەریانهەڵداوە.

×پێشەنگی ئەم هەڵمەتەش، کە بتوانێت رەنگێکی راستەقینە بەم سەدەیە ببەخشێت و گونجاو و بە گوێرەی ئەم پێوانە لە نێو رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا رۆڵ بگێڕێت، کوردە لە نێو ئەم گەلەشدا ژنە، لەبەرئەوەی زۆر ئاکاری لێکچوویان هەیە، کە تەواو لەگەڵ ناوەڕۆکی دیموکراسیەتدا هاوچەشنە، لە مێژودا تا ئەمرۆ گەلی کورد هیچ جۆرە دەسەڵاتدارێتیەکی بە جەور و چەوساندنەوەی لەگەڵ دراوسێ و گەلانیتردا بەکار نەهێناوە و خاوەن تایبەتمەندی جیاواز بوە، ژنیش خاوەن رەفتاری دادپەروەری و یەکسانییە، بۆیە هەردوکیان بۆ چەسپاندنی دیموکراسیەت زۆر گونجاون و نزیکن.

×ڕەوشی ڕۆژهەڵاتی ناوین و ژن تا چەند زەمینە خۆشکەرن بۆ ئەم بوارە؟، ئەمە پرسیارەکەیە لەبەرئەوەی لە ناوچەکەدا قەوارەیەکی سەربەخۆ بونی نیە، ژنیش لە بواری بێویستەیی و بێ ئیرادەیی و بێ بڕیاری لە هەموو لایەنێکەوە ڕزگاری نەبوە، وەلێ چڕبونەوەی ناهاوسەنگی ڕەگەزیی و بواری ئابوری و یاسایی و ڕامیاری و زۆر بونی پێویستی بۆ دواییهێنان بە باری ناسەقامگیری و نادادپەروەری و ئافراندنی زەمینەیەکی ئاشتی و چارەسەریی وەک شێوەیەکی نوێ بۆ گۆڕانکاری خۆی دەسەپێنێت.

×ئەم ڕەوشە سەبارەت بە ژن، کە ڕوبەڕوی پێشڕەویەتی دەکاتەوە، لە ڕێگەی بە گەڕخستنەوەی جەوهەری ژنانەیەوە دەبێت، کە لە ئەنجامی بەهێزبونی بەرهەم و دەستپێکردنی نا هاوسەنگی هێز و لاسەنگی باری ئابوریەوە لاواز کراوە و ژنیش ئیتر بۆ چارەسەرکردنی کێشەکەی دەگەڕێت و شێوازی کۆن و تیژ پەسند ناکات.

×دەبێت ژنیش لەم مینبەرانەوە چاودێری ئەم ڕەوشانە بکات و ئەو ئاستە بە دەست بهێنێت، کە وریا و زرنگتر بۆ مەسەلەکان بڕوانێت و مۆرکی خۆیان لێبدات، ئەگەر ئەمڕۆ بە سەدان مەرگەساتی خۆ کوشتن و خۆسوتاندنی ژنان لە دەڤەر جیاجیاکاندا ڕودەدەن، ئەو ڕاستییە دەسەلمێنن، کە لەگەڵ بەرزبونەوەی توانا و توانستی ژن و گۆڕانکاریەکان لە ئاستی زانست و کلتوری گەلان، ململانییەکانیش پتەوتر دەبن و لایەنە بە گەڕ نەخراوەکانیش بە ئاشکرا ڕۆڵی خۆیان نیشاندەدەن.





×لەم کاتەدا ژنانیش وەک ئەندامی سەرەکی کۆمەڵگە دێنە بەرامبەر گرفتەکانی کۆمەڵگە لە هەموو بوارەکاندا، ئەو گرفتانەی چارەسەر نەکراون و خۆیان دەسەپێنن، وەلێ بەهۆی نەبونی ئاسانکاری و توانای پێویست و بیرکردنەوەیەکی زانستی و پڕۆژەیەکی ڕێکخراو بۆ ئەم مەبەستە، ژنان توانای هاتنە پێشەوە و هاندەریان نیە، ئەو هوشیارییە پەیدابوەی لە ناو ژنانیشدا بەرەو گۆڕانکاری هەنگاو دەنێت، سیستەمی باڵادەست بە گوێرەی بەرژەوەندی و پڕۆژەی تایبەتی چەوتی خۆی پێچەوانەی دەکاتەوە.

×لە بەرامبەردا سەدەی **21**م، کە دەبێتە سەدەی ژنان و ناکۆکییە ڕەگەزییەکان، پێویستە ژنیش بە گەنجینەیەکی دەوڵەمەندی بیر و فیکریی و زانینەوە لەسەر بنەمایەکی زانستی و دیالەکتیکی و لە بواری کلتوری و ڕامیارییەوە خۆی بگەیەنێتە کاروانی تێکۆشانی سەدە و شەقڵی ژن لە هەموو بوارەکاندا بەرچاو و دیار بێت.[1]

[1] – ساڵی 2000 لە ژمارە 3ی ڕۆژنامەی ڕۆشنایی تایبەت بە ژناندا بڵاوکراوەتەوە.

## 2- دیموکراسیەت لە روانگەی ژنەوە

## بەشی یەکەم

## کلتوری دیموکراسی کەی و لە کوێ سەریهەڵدا؟

×دەستەواژەی دیموکراسیەت مێژویەکی زۆر کۆنی هەیە، هەرچەندە لە سەردەمی پێشکەوتنی رێنسانسدا چوارچێوەیەکی بۆ دیاریدەکرێت و دەبێتە واژە، بەڵام ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ **12**هەزار ساڵ پێش ئێستا بۆمان دەردەکەوێت، کە ئەو سەردەمە شێوە دیموکراسییەکی سادە و سروشتی هەبوە، کە لە هەناوی ژنەوە پێشکەوتوە، ئەگەر بپرسین لەو سەردەمەدا، کە سەرەتای دروستبونی مرۆڤایەتییەوە، چۆن دەتوانرێت باس لە دیموکراسیەت بکرێت؟، بێگومان رەنگدانەوەی ناوەڕۆکی ژن لەهەر قۆناغێکدا بە مەرجێک لەسەر بنەما و تەوەری راستەقینەی خۆی و تایبەتمەندیەکانی بێت، دەتوانێت ببێتە خاوەن زەمینەیەکی بەمرەنگە، کە کاریگەری لە ژینگەی خۆیشی بکات.

×لە قۆناغێکدا ژیانی مرۆڤایەتی تازە لە گەشەکردندایە و دەربازی ژیانی جێگیر بوە، مرۆڤ ئیدی لەو ئاستەدایە، کە بە دوای پڕکردنەوەی پێداویستیەکانی ژیانیدا بگەڕێت و دایک هەرچەندە منداڵی دەبێت، بەڵام هێشتا هەستی بە بون و پەیداکردنی ژیانێک نەکردوە، کە بە شێوەیەکی سەقامگیر خۆی و منداڵەکانی تێیدا بژین، بەڵکو بنەمای ئەو شێوە ژیانەی دەستی پێدەکەن، گەڕانە بە دوای پڕکردنەوەی پێویستی ژیانی منداڵەکانییدا، بەمجۆرە سروشت





دەبێتە هاوڕێیەکی هەمیشەیی و لێگەڕێکی هەر کاتی بە ناوییدا، بەم شێوەیە زەمینەی ئەو ژیانە پێکدێت.

×لە ئەنجامدا روبەڕوی زۆر ئافراندن و دۆزینەوەی نوێدەبێتەوە وەک دۆزینەوەی ئاگر، چونکە ژن، کە بە دوای شتە بەسودەکانی ناو سروشتدا دەگەڕێت، ئەمە وەک ئەوە نا لەیەکەم روبەڕوبونەوەدا بە ئاستێکی تەواوە بۆیدەچێتە سەر، بەڵکو گەریدەیەکی هەمیشەییە و رۆژانە ئەو هەستەی لە لا دروستدەکات، کە ئیتر سود و خراپی شتە سروشتیەکانی بۆ دەربکەوێت، واتە لە بەرامبەر بەکارهێنانی درەختە بەردارەکان بۆی رووندەبێتەوە، کە کامە درەخت بەسوودە و لە دۆزینەوەی بەرد و لەیەکخشاندنیاندا پریشکی ئاگر دەدۆزێتەوە، لە ئەنجامدا پێویستی بەکارهێنانی ئاگری بۆ دەردەکەوێت.

×لە ئاکامی لێبوردبونەوەی ئەو تۆوانەی بەهۆی بلاوبونەوەی لە زەویدا سەوز دەبن، فێر دەبێت بچێنێت و دەستبداتە کشتوکاڵکردن، پاشان پێویستی زۆر بونی بەرهەمی کشتوکاڵی بیری دەجولێنێت و ئامێری بەرهەمهێنان دروستدەکات.

×بێگومان لەو کەرەستانەی ئەو کاتە بونیان هەبوە تەنها بەرد بوە، ئەم کارە ئافرێنەرانەی ژن دەستی دەداتێ، زەمینەی دروستکردنی ژیان پێکدەهێنێت، کە بە ژن دەستپێدەکات، لە هەمانکاتدا رێچکەی لە یەکتر نزیکبونەوەی مرۆڤ و هەستکردن بە یەکتری و هەرەوەزی ژیان دەدۆزێتەوە، واتە ئیدی مرۆڤ لەوە رزگاریدەبێت بە تەنها بژی، بەڵکو زەمینە رەخساوە پێکەوە بژین

نەک بە تەنها، لەمڕوانگەییەوە ژیانی بە کۆمەڵ دروستدەکەن، لەو ساتەوە تا ئەمڕۆ ژن بۆتە خاوەن تایبەتمەندی بە کۆمەڵ ژیان و نەرمبون و ئافرێنەری و دادپەروەریی، ئەگەرچی لە رۆژی ئەمڕۆدا ژن گۆڕانکاری خراپی دور لە جەوهەری خۆی بەسەردا هاتوە.

×لە ئەنجامی چاندن و پەیداکردن بە مەبەستی پێویستی کۆمەڵگە، کە سەرەتا منداڵەکەیەتی پاشان کۆمەڵگەکەی رەفتاری بە تەنها بۆ خۆ ژیان نا، بەڵکو بۆ گشتی لەلا دروستدەکات، ئەم تایبەتمەندیانە کۆمەڵگە بەڕێوە دەبەن و خۆیان باڵادەستدەکەن، شێوە ژیانێکی دایکسالاری دروستدەکات، کە دورە لە چەوساندنەوەی رەگەزی و توندوتیژی و شەڕ، چونکە ئاستی تەماعکاری و یەکترحوکمکردن پێشنەکەوتوە و تایبەتمەندیەکانی پیاو هێشتا خۆیان نەکردۆتە پێڕەوێکی دەسەڵاتدار، هێشتا زەمینەی خۆ بە ناوەندکردنی نەدۆزیوەتەوە، ئەمەش واتا باڵابونی ناوەڕۆک و تایبەتمەندییەکانی ژن، کە رەوشێکی دیموکراسی دەسەپێنێت، بێ هیچ شێوە بێبەشکردن و جیاوازییەک رەنگی ژیانێکی سەرەتایی و دادپەروەریانە دەگوزەرێنن.

×ئەم کۆمەڵگە بچوکەی یەکەم، کە پاشان دەبێتە بناغەی ژیانی ئەمڕۆ، مۆرکی یەکەم دیموکراسیەتیان بە ناو چاوانەوەیە و نەخشەی یەکەم دیموکراسیەت وەک کلتورێک لە سەرەتای ژیانی مرۆڤایەتی دەنەخشێنن، ژنیش یەکەم داهێنەر و بونیادنەرییەتی، پیاو خاوەن هێز و پەیداکەری بواری ئابوری و ژیان نیە، بۆیە زەمینەی ژیان لە تەوەری ژندا پێشدەکەوێت، پیاو بە هۆی





خەریکبونی بە راوشکاری و کوشتنی ئاژەڵەوە دەبێتە هەڵگری تایبەتمەندی توندوتیژی و تاکڕەوی.

×هەتا ئەو قۆناغەی پێویستی بە زۆربونی بەرهەم و هێزی جەستەیی و قازانجکردن هەیە، ئەو کاتە هێزی پەیداکردنی ئابوری، لە دەست ژن وەردەگیرێتەوە و ژن شوێنی بێ رۆڵی پیاو دەگرێتەوە.

×لەگەڵ تێپەڕبونی قۆناغەکانی چینایەتی و سەردەمی ناوین، کە بە سەردەمی زۆرداری و دادگایکردنی فەیلەسوف و کەسایەتییە زانستیەکان دەناسرێت، ئیدی پێواژۆی سەرهەڵدانی ناکۆکی دوو جەمسەری، کە یەکێکیان کۆمەڵگە بەرەو گۆڕانکاری و لاکەیتریش هێشتنەوەی کۆمەڵگە بە چەق بەستویی و قاڵبگیری دەستپێدەکات.

دەستەواژەی دیموکراسی لە کوێ لە دایکبو؟

×پاش سەردەمی ناوین، کە زانست و تەکنۆلۆژیا دەگاتە لوتکە، قۆناغی سۆفیست و تیۆریزانەکان لەناو خەڵک و لاوان گەشە دەکات، بنەمای دیموکراسیبونی کۆمەڵگە دادەنێن، یەکەم شوێنی لێشاوی دیموکراسیەت بە پلەی یەکەم ئەسینای پایتەختی یۆنانە، کە بە بازرگانیکردنەوە سەرقاڵبوە، لە رێگای کەشتی و دەریاوە دەست بە بازرگانی لەسەر رێگەکانی میزۆپۆتامیا دەکەن، ئەو قۆناغەی میزۆپۆتامیا لە لوتکەی بە مرۆڤبونی خۆیدا دەژیا و بەهای ژیانی دەئافراند، یۆنانستان لە قۆناغی سەرەتاییدابو، وەلێ توانی بە هۆی سێکوچکەی رێگای بازرگانی بۆ یۆنان و شوێنی ستراتیژی

بۆ بازرگانی و پێشکەوتنی پیشەسازی، یەکەم بیری سۆفیگەرایی لەناوخۆیدا حەشار بدات.

×لەو روانگەیەی پیشە و بازرگانی زەمینەی سیاسەت و هزری دەئافرێنێت، ئەسینا لەو سەردەمەدا بە کاریگەری فەیلەسوفەکانی، کێشمە کێشی گۆڕان و فیکر گرتیەوە و زەمینەی پەیدا کرد، یەکەمجار بەو شێوەی پێویستە هەر کەسە پێوانی خۆی هەبێت و هەر کەس وەک تاک بە ئیرادە و پێوانی خۆی بژی، لە ناویاندا دروستبو، ئەم زەمینە فیکرییە و هەر کەس بە پێوانی خۆی بەرێوە چونە، گەیشتە ئەو رادەیەی ئیدی ئاراستەی پێشکەوتنەکان مەگەر تەنها بە هێزی زەهنی و بیری فەیلەسوفەکانی وەک ئەرستۆ و ئەفلاتۆن و پێشگیری لێبکرایە و ئاراستەیەکی نوێ و بە پێوانی بدرایەتیێ.

×ئیدی ئەسینا بوە شوێنی یەکەم شارستانیەتی رۆژئاوا و شوێنی یەکەم لانکەی مرۆڤایەتی میزۆپۆتامیای کۆنی گرتەوە، یەکەم بێشکەی یۆنان وەک چۆن ناوەندی ژیاندنی رۆژئاوا ئەسینا بوە و لێرەوە دیموکراسیەت و شارستانی بە جیهاندا بڵاوکرایەوە، بە هەمان شێوە میزۆپۆتامیاش یەکەم بەخێوگەی ئەسینا بو، کە لەسەر ئەم میراسەی میزۆپۆتامیا خۆیکردە خاوەن شارستانی بە رێگای بازرگانی، کە رێگەیەکی سەرەکی بازرگانیکردنی یۆنان بۆ سەر میزۆپۆتامیا بو.

×دیموکراسیەت لە ئەسینا دەبێتە دەستەواژە و بەرگی شارستانیبونی بە بەردا دەکرێت، ئەسینا دەبێتە یەکەم دامەزرێنەری





دیموکراسییەت لە سەردەمی پیشەسازی و بورژوازیەتدا و بەرەو پێشچونی سەردەمی رێنسانس و عیلمانیەت و شوێن بۆ پێشکەوتنی چەمکەکە دەگونجێنێت، چونکە دیموکراسیەت لە خوارەوە بۆ سەرەوە هەڵدەکشێت.[2]

### 3– دیموکراسیەت لە روانگەی ژنەوە

### بەشی دووەم

### پەیمانێکی تازەی کۆمەڵایەتی

×لەم روانگەیەوە دیموکراسی تاکە سەرچاوەی دروستبونی هەر کۆمەڵگەیەکە، لە زەمینەی دیموکراسیدا تاکی ئازاد و کۆمەڵگەی بە توانا پێشدەکەوێت، چونکە لە زەمینەی دیموکراسیدا دەرفەتی لە یەکتر تێگەیشتن و لە یەکنزیکبونەوە زیاترە و مامەڵەکردنی ئارام و بواری گوێ لە یەکتر گرتن زۆرترە، هەر شتێک ئەگەر چی لە دەرفەتێکی زۆر هێور و هێواشدا گەشە دەکات، بەڵام لە ئەنجامدا زیاتر و تەمەندرێژترە و توندوتیژی و هەڵچونی کاتی و سۆزداری کەمدەکاتەوە و رێگە بۆ چارەسەرییە بنەڕەتیەکان دەکاتەوە.

×لە هەموو لایەنەکانی ژیانییەوە گیروگرفتەکان رو لە باشبون و کەمبونەوە دەکەن، ناکۆکی و کێشەی بە ئاستتر جێگایان دەگرێتەوە، لەلایەکیترەوە ئەم مەسەلەیە تەنها قازانجی چینێک

[2] – لە ژمارە "سفر"ی رۆژی 2004/6/30ی رۆژنامەی تروسکەدا بە دوو بەش دابەزیوە.

دابین ناکات، بەڵکو بواری پێشکەوتن و بە دەستەوە گرتن بۆ هەر چین و نەتەوە و ڕەگەز و مەزهەبێک دەڕەخسێنێت، بە تایبەتی بۆ مەسەلەی ژن و کۆمەڵگە، کە تەواوکەری یەکترن و یەکێکە لە خاڵە بنچینەییەکان و پڕەنسیبی ژن و تایبەتمەندییە هەوڵ بۆ دراوەکانی.

×گەرەنتیکردنی بوارەکانی هوشیاری ژنان و گەشەکردنی ماف و بواری یاسا و سیاسەتی دیموکراسی و جیاکردنەوەی ئایین و سیاسەت لە یەکتر، پاڵپشتی سەرەکی پێکهێنانی دیموکراسییەتن، بێگومان دیموکراسیەت لە کوردستان و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بە تایبەتی، نەک هەربونی نیە بەڵکو هێشتا زەمینەی پێکهاتنی دیار نیە و لایەنەکانی بەهێزبونی هێشتا لە سەرەتای خۆیاندان و سیاسەت هەر هەمان سیاسەتی جارانی تاک دەسەڵاتە و حوکمی ئاین و قالبگیری هەر هەیە، هێشتا ئاستی هزری ژن و ناسینی میراسی کۆن و کلتوری ئەم خاکەی، مرۆڤایەتی پێگەیاندوە کەمە و ئاشکرا نەبوە.

×تا ئێستا تاکەکانی ئەم کۆمەڵگەیە دەبنە قوربانی بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگە، بە پێچەوانەی ڕۆژئاواوە، کە کۆمەڵگە کراوەتە قوربانی تاکەکان، هەردو تێزیش ڕاست و ڕەوا نین و پێویستە نە تاک بکرێتە قوربانی بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگە و نە کۆمەڵگەش بکرێتە قوربانی تاک، بەڵکو پێویست بەراگرتنی هاوسەنگی نێوان هەردو تاک و کۆمەڵگە دەکات، کە کەسیان لە ئیرادە و تواناکاری بەهێزیان نەڕوتێنرێنەوە و بێهێز نەکرێن، هەر





لایەک بە گوێرەی سنور و توانای خۆیان خزمەتبکەن و بەرژەوەندییەکانی یەکتر بپارێزن.

×فشار خستنە سەر بیر و ئیرادەی تاک، لە هەمانکاتدا دەست بەسەرا گرتنی هێز و ئافرێنەریی کۆمەڵگەیشە، بوار خۆشکردن بۆ دەسەڵاتی تاکیش بێ ڕەچاوکردنی کۆمەڵگە، گەڕانەوەی کۆمەڵە بۆ سەردەمی تاکڕەوێتی و ئەنارشیزم و خۆپەرستی، کوژاندنەوەی توانا و بەها مەعنەوییەکانی مرۆڤە، ڕێگە سازاندن بۆ تەنها دەسەڵاتی کۆمەڵگە و ڕێگەگرتن لە بەها و هێزی تاکیش، جارێکیتر سەرگەردانکردنی کۆمەڵگە و تاک دەگەیەنێت، هەروەک لە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی ناویندا تا ئەمڕۆ بواری بە تاکەکانی کۆمەڵگە نەداوە، وەک تاک گوزارشت لە خۆیان بکەن و هێز و توانای شاراوەی خۆیان دەرببڕن.

×بوار کردنەوە بۆ خۆ دەربڕینی تاک لە چوارچێوەیەکی پەروەردەییدا، توانا و تێفکرینی زیاتر و بەهێزتر دەکات، ئەو پێڕەوەی نەیهێشتوە کۆمەڵگە گۆڕانکاری بەسەردا بێت و شێوەیەکی تازە بە خۆیەوە بگرێت، دەسەڵات و سەپاندنی داب و نەریتی کۆمەڵگە و کلتورەکەی بوە، بە هەموو جۆرێک بڕیارە باوە کۆمەڵایەتییە کۆنەکان، کە پێویستی بە تازەکردنەوە هەبوە، کراوەتە چارەنوسی کۆمەڵگە و هیچ تروسکایەک بۆ گەشەکردنی بیر و بۆچونەکانیتری ئەو کۆمەڵگەیە وەک تاک، کە تیایدا دەژین و خاوەن مافی ژیانن نەکراوەتەوە.

×هەر کۆمەڵگەیەکیش ئیرادەی ئـازادی تـاک تیایـدا پـەرەی پێنەدرێت و رێگەی بۆ نەکرێتەوە، وەک مۆرکێکی دواکەوتویی بەو کۆمەڵگەیەوە دیارە و کاریگەری لەسەر هـەموو لایـەنێکی ژیـانی دەکات، بە تایبەتی لە بواری ئافراندن و لێهاتوییەوە ئەمە بەو واتـە نایەت، کە بیٚ ڕەچاوکردنی هـیچ پێـوانێکی ئـەخلاقی و ویـژدانی بواری بۆ بڕەخسێنرێت.

×ئـەوەی لـەم راسـتیەوە بۆمـان دەردەکـەوێت ئەوەیـە، نـە دەسەڵاتی تـاکڕەوی و نـە دەسـەڵاتی سـەراپاگیریی و گـشتگیر، ناتوانن رێگە چارەیەکی گونجاو بۆ گۆڕینی پێڕەوەکانی رۆژهەڵاتی نــاوین و کوردســتان بدۆزنــەوە، تــەنها پێــڕەو و سیاســەتێکی دیموکراســی دەتوانێــت روگــەی پاشــڤەڕۆی ئــەم سیــستەمە دواکەوتوانە بگۆڕن.

×لەلایەکیتریشەوە بەگەڕ کەوتنی هێـز و ئیـرادەی ژن تـا بـە گوێرەی دەنگی جەوهەری خۆی بجوڵێتەوە، یەکێک لە کـاراترین سەرچاوە و یارمەتیدەر بۆ پرۆسەکە، پێگەیشتنی هێـزی هـزری و هوشیاری ژنانە، چونکە هێزی بەرامبەری ئەم سیستەمەی هەیە و ئەویش هەر لە رێکخستنی ژناندا خۆی دەبینێتەوە.

×جارێکیتر پێویستی پێکهاتەی کۆمەڵگە بە بەستنی پەیمانێکی کۆمەڵایەتی نـویٚ، کـە پـشت بـە هێـزی مێـژوویی و کلتـوری و رۆشنبیری قایمکرد بێت خۆی نیشاندەدات.

×لە قۆناغی پێشکەوتنی دیموکراسیەتدا تاکە پێشەنگ و رۆڵگێڕ ژنە، لە تەوەری ئەویشدا گەشە دەستێنێت، نوێکردنەوەی کەلەپور و





میراسی مێژوویی و کلتوری، لە هەنگاونانی خێرای ئەویشەوە بەرەو پێــشدەچێت، یــەکێکیتر لــە بنــەما ســەرەکیەکانی بونیادنــانی دیموکراسی پێکهێنانەوەی یاسا و مافناسیە، ئەم بوارە لـە وڵاتـانی رۆژهەڵاتی ناویندا تا ئەم سەردەمەش بە مرۆڤی ئەم دەڤەرە نامۆیە و یاسایەکی مەدەنی و یەکسان، کە داکۆکی لە مافـەکانی مـرۆڤ بکات نەبوە و کار بۆ بەرقەرارکردنی نەکراوە، بۆیـە سـەردەمی بیٚ یاسایی پێویستە تێپەڕێنرێت.

×سەرپشککردنی یاسا وەک رێگـا چـارەیەکی سـەرەکی، کـە گەرەنتی دیموکراسیەت دەکات و لایەنێکی دونیای پێشکەوتوە، لە کۆندا پێوانەکانی دایک، کە بۆ ژیانی دادەنا ببونە یاسای کۆمەڵگە و هەر کەس پـەیڕەوی دەکـرد، واتـە دایـک بەڕێوەبـەری ژیـان و کۆمەڵگـە بـوە، لـەو کاتـەوە یاسـا بـونی هـەبوە، لـە سـەردەمی سەرمایەداری و پیشەسازیدا چوارچێوەی پێدراوە و بـە دەسـتەواژە کراوە.

×کە باس لە دیموکراسیبونی کۆمەڵگە و مرۆڤ دەکـەین واتـە دونیایەکی مەدەنی، ئەوا ستونێکی بـەهێزی یاسـایە، کـە بتوانێـت خۆی لە یاسای عەشیرەت و خێڵ دەرباز بکـات، بـە رەچـاوکردنی مافی هەر گەل و زمان و مەزهەبێک و بیٚ باڵا دەستکردنی فەزڵی هیچ رەگەز و نەتەوەیەک بەسەر ئەویتردا، بیٚ زاڵکردنی دەسەڵاتی سیاسی بەسەرییەوە و بیٚ زاڵکردنی مـۆرک و دەسـتی حیزبایـەتی بەسەر گەل و خەڵکدا، یاسا و پاراسـتنی مـاف پێویـستە لەسـەر و

هەموو دەسەلأت و لایەنەکانیترەوە بێت، مافی خۆ گەورەتر دیتنی هیچ بوار و کەسانێکیتر بەسەر یاساوە نەبێت.

×پێویستە کۆمیتەی یاسایی و بواری مافناسی رێگەیەکی فراوانی لە بەردەمدا بکرێتەوە، هەروەها جوداکردنەوەی ئایین و سیاسەت لە یەکتر، لە هەمانکاتدا دورخستنەوەی یاساشە لە پەیڕەوەکانی ئاین و ئیسلام، کە تا ئێستاش پەیڕەوەکانی ئیسلام لە رۆژهەلأتی ناویندا یاسا بەڕێوە دەبەن، ئەو پێوانەی بۆ سەردەمی کۆنی ئیسلام پێویستبوە، بۆ ئەمڕۆش هەمان پێوان بەکاردەهێنرێت، وێڕای هەموو گۆڕانکارییە جیهانیەکان، رێگە بە یاسا نادات خۆی نویٚ بکاتەوە و مرۆڤی ئەم دەڤەرە ناچار کراون بەم پێوانانە بەڕێوە بچن، بێگومان ئەمە لەگەلٚ سەردەمی ئەمڕۆدا ناگونجێت، ئەمەش وایکردوە رۆژهەلأتی ناوەڕاست لە دوای گشت پێشکەوتنەکانەوە بمێنێتەوە.

×کەواتە لە دنیای ئەمڕۆدا، کە ئیتر سنوری گۆڕانکارییەکان ئەم چاخانە بەجێدەهێڵێت، ئێمەش وەک گەلانی ئەم مەملەکەتانە پێویستیمانە فەزڵی یاسا بخەینە سەرو لایەنە سیاسی و دەسەلأتدارییەکانەوە، وەلیٚ بەڕێوە چونی سیاسەتێکی کۆن و عەشیرەت و بنەماڵە پارێزانە، وایکردوە یاساش بە گوێرەی بەرژەوەندی سیاسیانەی ئەوان پێوان بگرێت و راژەی بە ئەوانکردوە، بەلأم پێشکەوتنی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی لە پێناو سڕینەوەی دەسەلأتی قورسی تاکڕەوی و کۆمەڵگەی کۆن و کلاسیکە، بۆ رزگارکردنی بیر و ئیرادەی مرۆڤ و پێشکەوتنی و خۆ





نوێکردنەوەیەتی، تا خۆی لە دوبارە بونەوە بپارێزێت و رێگە بۆ پێشکەوتنی ناکۆکیەکانی کۆمەڵگە بکرێتەوە، کۆمەڵگە بە بوار رەخساندن بۆ دەرکەوتنی ناکۆکیە کۆمەلأیەتی و هزری و فیکرییەکان، بە بیٚ هیچ فشارێکی توند رەوتی پێشکەوتنی خۆی دەدۆزێتەوە.

×بەسەرکردنەوەی بوارە یاسایی و کۆمەلأیەتییەکان و کردنەوەی دۆز بە مەبەستی لێپرسینەوە و فشار هێنان، بە چالاکی و داواکاری دیموکراسی و راهێنانی خەڵک و فێرکردنیان بۆ پەنابردنە بەر ئەم لایەنە و هوشیاریدانە گەل پێویستە، هەتا بە خەڵک ئاشنا بێت رێگە چارەسەرییەکی بەم شێوەیە، کە دور بێت لە هەر دەستتێوەردانێک گەرەنتی مافەکانیان دەکات، هەروەها رۆڵی رێکخراو و کۆمەڵە و دەزگا مەدەنیەکان سازدانی کۆڕ و سمینار و پەروەردەکردنی خەڵک پێویستە، تا لەم بارەیەوە ئاستێکی گەشەسەندوی یاسایی لە هزریاندا پێکبێت، نەبونی زانین و شارەزایی گەل لە بواری یاساییەوە هۆکارێکە، کە نەیتوانیوە فشار بخاتە سەر هێزە دەسەلأتدارە تاکڕەوەکان و ناچاری گۆڕانکاری یاساییان بکات، هەر بۆیە وەک خۆی ماوەتەوە و زیاتر یارمەتیدەری بالأدەستە دۆگماکان بوە درێژە بە خۆیانبدەن.

×ئەمانە فاکتەری گرنگن، کە پێویستی لایەنی یاسایی دەردەخەن، بێجگە لە پێداویستی سەردەمی لە هەندێک سەرچاوەی مێژویی و فەلسەفییەوە لەسەر گرنگی هەبونی یاسا و ماف ئاماژە بەوە کراوە، کە پێویستە هەتا لە گوندەکانیشدا کۆمیتەی مافناسی بکرێتەوە، بە مەبەستی پەروەردەکردن و هوشیارکردنەوەی خەڵک.

×ئەنجامی بێیاسایی و نەبونی پێڕەوێکی دیموکراسی و مرۆیی لەم ناوچەیەدا و دوبارە بونەوەی نەهامەتی و کارەساتە خوێناوی و کۆمەڵایەتی و سیاسیەکان، هەموی پێویستی یاسایی و مافناسی دەسەپێنن، ئەمانە هەموو لە گۆڕەپانێکی فراواندا، کە بە گۆڕەپانی سێهەم دەناسرێت، لە دام و دەزگا سەربەخۆ و دیموکراتی و رێکخراوە ژنانیەکان پێکدێت و دەرفەتی بۆ دەرەخسێنرێت، بە مەرجێک ئەم سازیانە لەسەر بنەمایەکی قوڵی هزری و زیندوکردنەوەی میراس و کلتوری دەوڵەمەندی کوردستان و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بێت، پشت بە یاسایەکی مەدەنی بەبەستێت و بە ئامانجی دەرخستنی وزە و توانای ژنان و لاوان و پێشخستنی سیاسەتێکی دیموکراسی، بەم شێوەیە خەباتی هزری بەڕێوە ببرێت و ستونە سەرەکیەکانی دیموکراسیەت بچەسپێنرێت، کە لەم بوارانە و زۆر بواریتری کۆمەڵایەتی و ئابوری و زانستی پێکدێت.[3]

## باسی دووەم:

## 1– زەردەشت فەیلەسوفی سروشت

×بێگومان زاراوەی ژینگەپارێزی وەک دەستەواژە و زاراوەکانیتر، هەرچەندە لە سەردەمی نوێی مرۆڤایەتیدا، جەختی لەسەر کراوەتەوە و چوارچێوەی بۆ دانراوە، بەڵام خاوەن مێژویەکی کۆن و زێڕین و قوڵترە، واتا ئەگەر لە سەردەمی دایکسالارییەوە

[3] -عەبدوڵا ئۆجەلان، لە دەوڵەتی راهیبی سۆمەرەوە بەرەو شارستانیەتی دیموکراسی، چاپی یەکەم2000، چاپخانەی رەنج سلێمانی، لا80.
لە ژمارە"1"ی رۆژی2004/7/15ی تروسکەدا دابەزیوە.





بیگرینە دەست، هەتا داهاتنی باوەڕی پێغەمبەر زەردەشت دەبینین ئەو پێناسە و ناوەڕۆکەی، کە لە رۆژی ئەمڕۆدا بە بەریدا کراوە، ئەو سەردەمە بە کرداری و پراکتیکی بە بێ هیچ تیۆری بۆ دانانێک جێبەجێکراوە، واتە هەرچەندە ئاوێتەی ئەو ژینگە سروشتیە بون، هەر لە کشتوکاڵکردن و چاندن و بەخێوکردنی دار و سەوزایی و ماڵیکردنی ئاژەڵ و ئازار نەدانیان، هەتا بایەخدان بە خاک و ئاو و هەواو دیاردە سروشتیەکانیتر، ئەوەندەش ئەم هەوڵانە لەگەڵ رۆح و ناوەڕۆکیاندا بۆتە یەک و بە کەسایەتی و سروشتی هەڵکەوتنیاندا رۆچوە.

×ژن بونیادی سروشتی رۆح و کەسایەتی لەم پێکهاتەوەیە، لەسەر هەمان کلتوری دایک، کە لەو قۆناغەدا ژینگە دەپارێزێت و تێکەڵیدەبێت و سەرچاوەی ژیان و پێکەوەنانی کۆمەڵگەکەیەتی، زەردەشتیش بنەمای ئایینەکەی لەسەر چوار پرەنسیبی سەرەکی" ئاو، خاک، هەوا، روناکی" دادەڕێژێت، چوار پرەنسیبی سروشتی ژینگەن و لە هەمانکاتدا چوار ستونی سەرەکی فەلسەفین، ئەمەش بۆ سود بینین لە دیاردە سروشتیەکان و پاراستنی ژینگە و دروستکردنی ئەو رۆحەییە، کە مرۆڤ هەمیشە بچێنێت و سەوزایی و خاک بپارێزێت و روناکی بکاتە ئامانجی ژیان، بە بێ پاراستن و قازانجکردن لە ئاو و روناکی هەتاویش ئەو لایەنانەیتر مەیسەر نابن.

×روناکی پرەنسیبی باوەڕییەکەی دیاریدەکات و مرۆڤ بۆ پەیوەستبون بە خاک و سروشتەوە هاندەدات، لە هەمانکاتدا

بانگەوازییەکە بۆ مرۆڤ ئـەو کلتـوره بپارێزێـت، کـە لـە دایکـەوە دەستپێکردوە، واتە ژینگەپارێزی لە بنەڕەتدا هەتا لەو قۆناغەشـدا دروسـتکردنی بـاوەڕی و ڕۆح و بیـره، کـە کەسـێتی مـرۆڤ لـەم لایەنانەوە بونیاد دەنێت، بناغەی بـەهێزبونی لایـەنی فەلـسەفی و زانستیەتی بە شێوەیەکی تەندروست، لەگەڵ بەرەو پێشچونی بیری مرۆڤایەتیدا گەشە دەکات و بارە ئاساییەکەی خۆی وەردەگرێتەوە، وەلێ لەو سەردەمەدا هێندەی ئەمڕۆ خاوەن تەکنۆلۆژیای پێشکەوتو و بیری پێشکەوتوش نەبون، چـۆن دەرک بـە ئەوەنـدە پاراسـتنی ژینگە کراوە.

×بێگومـان ڕەسـەنایەتی هــەموو دیـارده و لایەنــەکان لــەو سەردەمەدا پارێزراوە، دایک لەو کاتەدا ئافرێنـەر بـوە و سـەرەتای تێکەڵبونی بوە بە سروشت و پڕەنسیبەکانی شوێنی دیاریان هەبوە و کارپێکراوە، ئومێد و بڕوای بە سروشت لە لوتکەدا بوە، مـرۆڤ بـە تەواوی پێویـستی بـە سروشـت و ژینگـە بـوە و لەگـەڵ گـۆڕانی گەردونیدا گونجاوە، کلتوری دایک ژینگەپارێزی سەرچاوەکەی بوە و پێویستی هەموو کەسێکبوە، مـرۆڤ چـاوگی ژیـانی خـۆی تێـدا بینیوەتەوە و ڕەسەنایەتی ئەو سەردەمەی پێکهێناوە، پێوان بوە بـۆ هەموو مرۆڤێک، لە پێناو بەڕێوەچونی ژیان و فەرهەنگەکەی.

×بۆیە دەتوانرێت بوترێت مرۆڤایەتی چاخی دایکـسالاری و ژن بە تایبەتی، لە سـەردەمی زەردەشـتیدا ژینگـەپارێز بـوە، بـە واتـە مادییەکەی و لە لایەنی ڕۆحی و فەلسەفی و کەسایەتیشەوە ژینگە پارێز و سروشتناس بـوە، ئاسـایی ئەمـە ژیـانی کۆمەلایەتیـشیانی





کاریگەر کردوە و بەرەو پێشیبردوە، چونکە چـەند ڕادەی ناسـین و شارەزاییان زیادیکردوە، ئەم بوارە باشتر لە یەکتری نزیککردونەتەوە و تێکەڵیکردون.

×لە ئەمڕۆدا هەرچەندە ژینگـەپارێزی بۆتـە خـاوەن قـەوارەی خـۆی و کارپێـدەکرێت، بـەلام ناوەڕۆکــەی لــە دەســتدراوە، لەبەرئەوەی مرۆڤایەتی بە گشتی لە ناوەڕۆکدا زیانی بەرکـەوتوە و ئەو ڕۆح و توانایەی بزرکردوە، نەک لـەخوددا ئاوێتـەکردن، بـەڵکو مرۆڤ لەملایەنەوە کەمتەرخەم و بێ پێوانە.

هەرچەندە یاسای قەدەغـەکردنی بڕینـی دارسـتان و کوشـتنی ئاژەلانیش هەیە، دیسانەوە پێشێلکاری هەیە و تایبەتمەندیە ژینگە پارێزیەکان، لە ژندا بە تایبەتی و مرۆڤ بە گـشتی خـاپور کـراون، مرۆڤ ئەو لۆژیکەی زەردەشت ڕەوایکردبو، بۆ ڕۆح پێداهێنانـەوە و خەریکبون بە سروشت و کلتوره ڕەسەنەکانەوە، لە بیری چۆتەوە و تازە لە ولاتانیترەوە ئەم وشانەی بـەر گـوێ دەکەوێتـەوە و نـاوی کۆمەڵەی سـەوز و پڕەنـسیبی رونـاکی دەبیـستێتەوە، مـرۆڤ بـە تایبــەتی لــە میزۆپۆتامیــادا ئەوەنــدە لــەو ناوەڕۆکــە ڕەســەنە دورخراوەتەوە، کە گەڕانەوە بۆ ڕەسەنایەتی بەهێزی هزر و ناسنامە دەمانگەیەنێتەوە بەو چەمکە جوان و سەوزەی ئەمڕۆ بە فیرۆ دراوە.

×چەمکی ژینگە پارێزی سەرەتا لە پەرەپێدانی بیـری سـەوز و مەدەنی و زەهنیەتێکی دور لە تەقلیدەوە پێکدێت، کە جەوهەریانە ڕاژە بە هزر و کۆمەڵگەی مەدەنی بکات، بێگومان ئەم چـەمکەش لە هەمان زەمینەی کۆمەڵگەی مەدەنی و دیموکراسیدا پێکدێتەوە،

چونکە ژینگەپارێزی خۆی تایبەتمەندیەکی کۆمەڵگەی مەدەنییە، لەبەرئەوە ئەمرۆ زیاتر گرنگی بەم لایەنە دەدرێت.

×ئیدی کۆمەڵگە لە شێوەکاری باو و کۆن تێپەڕی کۆمەڵگەی مەدەنی دەبێت، لایەنە فیکری و یاساییەکانی دەبنە پاڵپشتی دروستبونی، شارستانیەتیش ئەو بوارەی لە روی کلتور و کەلەپور و هەتا نوسینەوەی سەر لە نوێی مێژو و فەرهەنگ و ژیاندنەوەی بوارەکانەوە دەژێتەوە، هەتا بە دەستهێنانەوەی نرخ و بەهاکان، کە ئاسایی لایەنی ژینگەپارێزیش دەگرێتەوە خۆی.

×ئەم لایەنە هەم ئەو رۆحەیە پاشان دەبێتە کلتور و پێوان و سەرەتا ژن پەیرەوی دەکات و رەوایی پێدەبەخشێت، دەیکاتە بەرهەم و دیاردەیەکی پێشکەوتو.

×بێجگە لەوانە کاریگەری لە هەموو لایەنەکانیتری کۆمەڵگە کردوە و بە خۆیەوە بەستۆتەوە، یەکەم پەیوەندی لە نێوان مرۆڤ و سروشتدا بوە، لەوانەیە ئەگەر هۆکارەکانی دەستنیشان بکەینەوە، دیسانەوە دەست بۆ پێویستی هەبونی ئەو پەیوەندیە درێژ بکەینەوە، لە ئەنجامی هەموو ئەم لێکدانەوانەوە دەردەکەوێت، کە ژینگەپارێزی سەرەتا رۆحە و دەبێت بە بیر و متمانە و قایلبونەوە روبەڕوی ببینەوە.

×هەرچەندە لە کۆمەڵگەی ئەمرۆی ئێمەدا باس لە هەبونی کۆمەڵەی ژینگەپارێزی دەکرێت، بەلام هێشتا بەو ئاستە نەگەیشتوە جەوهەریانە لێی تێبگەین و گرنگی و نرخی مەزنەدە بکرێت، چونکە لە روی فیکرییەوە گرنگی پێنەدراوە، وا هەست





دەکەین ژینگەپارێزی تەنها کاری پراتیکییە لە پاراستنی سەوزایی، کە ئەگەر گرنگی پێویستی پێبدرێت سروشتیانە لایەنەکانیتریش راپێچی خۆی دەکات، تێگەیشتن لە واتا و ناوەڕۆکی ئاستی تێگەیشتنی مرۆڤ لە روی زانستی و تەندروستی و کۆمەلایەتی و شارستانیەوە زیاد دەکات.[4]

## 2– مێژوی نەنوسراوەی ژن
## ئاماژەیەک بۆ دایکسالاری

×مێژو ئەو چەمکە گرنگەیە، کە هەمیشە شوێن و پانتاییەکی زۆری داگیر کردوە و بە هەموو زمان و رەهەندەکانیەوە لەسەری دەنوسرێت، ئێمەیش وەک گەلی کورد بە درێژایی ئەم زەمەنە مێژو هەمیشە وێردی سەر زمانمان بوە و بە شانازییەوە بۆمانڕوانیوە، بەلام دەبێت بزانین ئەو مێژوەی باسیدەکەین کام مێژوە و کێ بۆی داڕشتوین.

×بێگومان ئێمە خاوەن ئەو مێژوەین، کە تا ئێستاش بە دەنگ و بیر و روناکبیریمان نەنوسراوەتەوە، بەڵکو وەک هەمیشە داسەپاندنی ئەو پێڕەوەی بەسەر فیکر و بیر و رۆحماندا ئاواش مێژومان بە زهنیەت و پێنوسی بیری خۆرئاوایی و نەتەوە

---

[4] – لە ژمارە"3"ی رۆژی یەکشەممە 2004/8/15دا لە رۆژنامەی تروسکەدا دابەزیوە.

هەرێمیەکان داڕێژراوە، بۆیە ناتوانین ئەمە بە مێژوی خۆمان ناو بنێین، بەڵکو مێژومان زۆر لەوە بەرفراوانتر و بە لق و پۆپترە، چونکە هەرچەندە خاوەن زانیاریەکی مێژویی خۆیی نین تا ئێستا لەوەش نامۆین، لەناو ئەو مێژوە نەنوسراوەدا مێژویەکی شاراوە و پەنهانی ژنیش هەیە، کە لەوانەیە لە ئاستی هەرێمیدا هەر بە هیچ شێوەییەک پێیان هەرسنەکرێت، گەرچی زۆر لە شارەزایان و پسپۆڕان بە بونی ئەم مێژوە شاراوەیە ئاشنان، بەڵام لە روی هزری باوکسالارییەوە هەمیشە هەوڵی نکۆڵیکردن و رەتکردنەوەی دراوە.

×ئەگەرچی زۆر نکۆڵی لە هەبونی مێژومانکراوە و بە نەبوی دەژمێرن، بەڵام هەبونی کۆمەڵگەی کۆنی گەڕۆکی کورد و دیاردە کلتوری و شارستانی کۆنی شار و ناوچەکانمان و دێرینی گەل بەڵگەی هەبونی مێژوی کۆنی گەلانی نێوان هەردو روبارن، بە هەمانشێوەش هەبونی خوداوەندە کۆنەکانی وەک عەشتار، کە سەرەتا "نین هورساک" بوە بە واتەی کچی شاخ و بە زمانی سۆمەری، پاشان لە سەردەمی پاش دایکسالاری واتا لەناو سۆمەریەکاندا دەبێت بە ئینانا، لەناو ئەکەدیەکاندا دەبێت بە عەشتار تا دەگاتە یۆنان بە ئافرۆدیت و لە ئیتالیاش بە ڤینۆس، مەبەست لە گۆڕینی ناوەکانی لە چاخە یەک لە دوای یەکەکاندا گوێزانەوەی ئەو کلتور و فەرهەنگەیە، کە لەدایکەوە واتا لە نینهورساکی چیاکانی کوردستانەوە دەستپێدەکات، ئەم ژنە بۆ ناوبانگێکی بەمڕەنگە پەیدا دەکات و چۆن زنجیرەی گۆڕانی بەسەردا دێت؟.





×بێگومان یەکەم چاخی دەستپێکردنی مرۆڤایەتی لە دەشتەکانی نێوان هەردو روبار، کە بە ناوچەی میزۆپۆتامیا دەناسرێت، لە پاش تێپەڕاندنی چاخی بەردینی کۆن و ناوەڕاست، چاخی بەردینی تازە دەستپێدەکات و ژن مۆرکی خۆی لێداوە، چونکە ژن لێگەڕێکی بە توانا و بەرهەمهێنەر و دابینکەر بوە، ئەمەش زو ئاشنای سروشتی دەکات و زو دەیکاتە ئەو کەسەی تەنها بۆ خۆی نا بەڵکو بۆ ئەو کۆرپەیەش، کە هەیەتی هەوڵبدات، پاشان ئەم پێویستیە و ئەو رۆڵەی هەر بۆ خۆی ناژی لە ژندا بەهێزتر دەبێت، ئەمەی ئەمڕۆ پێی دەوترێت کۆمەڵگە لەو سەردەمەدا گروپی بچوک و دەستەبون، ئنجا بەرەو نیشتەجێبون دەچێت بەمەبەستی جێگیر بون.

×ئیدی ئەو گروپانە پێکدێن و فێر دەبن چۆن پێداویستی ژیانیان دابینبکەن و رادێن لەگەڵ ئەو درەخت و سروشتەی سودی لێدەبینن، ئاژەڵی ماڵی و سودمەند دەناسن و میوە و داری بەردار سودیان دەداتێ و هاوتەریبی و گونجاوییەک لەگەڵ دەوربەرەکەیاندا پەیدا دەکەن، ئەو کەسانە گەڕۆک و تاکگەرا دەژین، پاشان لە رێگای ژنەوە لە یەکتر کۆدەبنەوە، هەماهەنگ لەگەڵ ئەو سروشتەدا دەژین، کە تێریاندەکات، ئەمانە هەموو فاکتەری کەرەستەیی و مادی ئەو ژیانە پێکدێنێت، کە لە ژنەوە دەستپێدەکات، لە هەنگاوناندا بەرەو بە کۆمەڵگەبون و ژیانی نیشتەجێیی، گوند دروستدەکەن و سود لە شتە سادەکانی دەوروبەر وەک قوڕ و قامیش دەبینن.

×هەر بۆیە ژن لەو سەردەمەدا بە پیرۆز دەبینرێت و بە یەزدان و خوداوەند دەناسرێت و پەیکەری بۆ دروستدەکرێت، چونکە لە هەموو لایەنێکەوە ئافرێنەر بوە، بۆ نمونە لە منداڵبوندا، کە یەکێکە لە تایبەتمەندیە سەرەکیەکانی ژنان، دەوترێت ژن لەبەرئەوەی منداڵی دەبێت پیرۆزە، هەروەها ژن هەمان هەست و نەستی دایکایەتی بۆ منداڵەکەی، پیشانی ئەو ئاژەڵانەیشیداوە کە ماڵیکردون، بە هیچ شێوەیەک ئاژەڵی نەکوشتوە و سەوزایی و دار و درەختی پاراستوە و خزمەتیکردون و چاندویەتی، هەمیشە سودی لە سروشت وەرگرتوە و لێوەی فێری دروستکردنبوە و دەرمانی لە گژوگیا دروستکردوە، کە بە سەردەمی بەردینی نوێ نئۆلۆتیک دەناسرێت، دەربازبونی ئەم بەرهەمانە بۆ قۆناغی دروستکردنی گوند بە شۆڕشی نئۆلۆتیک لەقەڵەم دەدرێت، کە گەورەترین شۆڕشی چاخی دایکسالارییە.

×کە باس لەوە دەکەین ژن ئەو کەسایەتییە، زو دەتوانێت لەگەڵ قۆناغی دیموکراسی و مەدەنیەتی هەزارەی سێهەمدا دەبێتە یەک و گونجاوە، لەم مێژوە شاراوەیەوە سەرچاوە دەگرێت، چونکە نئۆلۆتیک تەنها بە زەمینەی ژیانی مادیی و بەرهەمهێنەری ژن دەرنابڕرێت، بەڵکو دەست بۆ ئەو تایبەتمەندی و ئاستی هزریی و ناوەڕۆکەش دەبەین، کە دەرەنجامی ئەم قۆناغەن و کەسایەتی بە گوێرەی ئەو رەوتەی ژیان شێوە دەگرێت و ئاکار و پێوانی کەسایەتی پێکدێت.





×لەم روانگەیەوە قوناغی نئۆلۆتیک واتەی ژن و بەرهەم و ئافرێنەریی و تایبەتمەندیە جەوهەریەکانیەتی، کە تا ئێستا لە ناخیدا شاراوەیە، رەنگە بە پێی دەربازبونی رۆژگار ئەم راستیانەی ژن گۆڕانی بەسەردا هاتبێت و وەک خۆی نەمابێتەوە، بەڵام ئەمانە بەڵگەی هەبونی مێژوییەکی نەنوسراوەی ژنە و دەرکی پێنەکراوە، هەر لەم چەرخەدا ژن ناوی خوداوەندی لێدەنرێت، بە حوکمی ئافرێنەری و ئەو داهێنانەی کردویەتی.

×گەورەیی و هێز و توانای خۆی دەرخستوە، ئەو پێوانانەی بۆ ژیانی داناوە بونەتە یاسای ژیان و پەیڕەو کراوە، ئەو سەردەمە رەنگی ژن بە خۆیەوە دەگرێت و پێوانەکانی دایکسالاری ژیان بەڕێوە دەبەن، تەنانەت بێنوێژی ژنان بە گوێرەی ئەستێرە و مانگ و سوڕی ژیانیان دەپێورێت، لەو کاتانەدا ئەستێرە ناسی و دەرکەوتنی رۆژمێر دەستپێدەکات.

×لە پاش هاتنی سەردەمی باوکسالاری شوێن بە قۆناغی دایکسالاری لەق دەبێت، هەر ئەو ژنەیە داکۆکی لەخۆی دەکات، شەڕی نێوان دایکسالاری و باوکسالاری بە زمانێکی ئەفسانەیی"میتۆلۆژیا" لە مێژودا باسیکراوە و نوسراوەتەوە.[5]

5 – لە ژمارە"3"ی رۆژنامەی تروسکەدا، رۆژی یەکشەممە 2004/8/15دا دابەزیوە

## 3- زەهنیەت یان دیموکراسی

×بە حوکمی پێشکەوتنی جیهانگیری لە جیهاندا و بە هێمنی پەلهاویشتنی بۆ کۆمەڵگەی ئێمەش سیستەمێک رومان تێدەکات، دەبێت پەیڕەویش بکرێت، وڵاتێک لە بارودۆخێکی بە راستی دیموکراسی و تێر لە هزر و بیرێکی تازە و سەردەمیدا نەژیا بێت، زەمینەیەکی قایمی بۆ جێگە کردنەوەی ئەم چەمکانە نەکردبێتەوە، کەواتە تاچەند گرنگی بەم چەمکە تازانە و سیستەمەکەی دەدات؟.

×لەبەرئەوەی ئێمە گەلێکی کڵۆڵین لە بارەی تێگەیشتنی زانستی لە بابەتەکان بەو واتایە نا، کە وەک گەل ئەو توانایەمان نیە تێبگەین و پێشبکەوین، بەڵکو ئەو رەوشەی لەسەرمان بوە و بەڕێوەیبردوین، وێڕای هەر بەرەنگارییەک لە هەر لایەنێکەوە، بەڵام ناچاریکردوین وەک خۆمان و بۆ خۆمان نەبین، هەرگیز قەوارەیەکی تایبەت بە خۆمان نەبوە و بە لۆژیک و بیری خۆمان مامەڵەمان نەکردوە، باری دەرونی و سایکۆلۆژی گەلێکی چەوساوە بەسەرماندا زاڵبوە، بۆیە لەمڕوە وە لاسەنگ و لە پەراوێزدا بوین.

×لەروی هزرییەوە هیچ ژێرخانێکی فیکریمان پێکەوە نەناوە ئەو سیستەمەش، بەڕێوەیبردوین هەمان سیستەمبوە، کە لە هزر و زەهندا داماو و لە هەموو بوارەکانەوە گەندەڵ و لە وڵاتە دواکەوتوەکان بوە.

×میراس و مێژومی خۆمان لە دەستداوە، لەبەر فاکتەری داسەپاندنی پێڕەوی تازەی دوژمنکاری بە سەرماندا، ئەو بارە سایکۆلۆژیە وایلێکردین، بەها مانەوی و نرخەکانی مرۆیی و





دۆستایەتی و مێژوویی و فەرهەنگیمان کز ببێت، لەبەرئەوەی بارێکی سایکۆلۆژی درێژ خایەن بوە و نەوەی تازەش پێدەگەیشتن، لەوانەیە بوترێت لە بوهێڵی مرۆڤدا ئەو بەها و ئاکارانە دەمێننەوە، ئەگەرچی نەوەی تازەش پێبگەن، بەڵام لە مێژوماندا لە هیچ رویەکەوە نەیانهێشتووە ببینە خودی پێڕەوێکی فیکری و گەنجینەی هەبون و میراتمان، پێش تێپەڕبون بە قۆناغەکانی سەرەتایی و ناوەندی و پیرییدا، ئەم قۆناغانە لە رەگەوە وشککراون و دەرفەتی گەشەکردنیان پێنەدراوە.

×تەنها فاکتەری دەرەکی نا، بەڵکو بە هۆکاری درێژخایەن ئەو رەوشەی سەپێنراوە بەسەرماندا، کاریگەرترین هۆکارە لە کەسایەتیماندا کۆدەبێتەوە، هەروەک هەموو قۆناغ و سەردەمێکی نوێ شتی تازەی دەوێت، ئەوەی داگیرکەرانیش لەسەرمانکردیان بە سامان و ئەو میراتەی لە سیستەمی ئەوانیشەوە بۆمانمایەوە، بۆماوەییەکی کۆن بو لە دۆگماتیزم و باڵادەستی چینایەتی و مەزهەبی و رەوشت و دیاردەی نامرۆیی و نا یاسای، کە ئاسایی دیموکراسی و پێشکەوتن و ناکۆکی ژیان لەناو خۆیاندا دەکوژن، چونکە لە بنەڕەتدا عەقڵیەتێکی کامڵ و زەهنی نیە، بەڵکو هێڵێکی بەسەرچوی خێڵەکی و داگیرکاری یان ئاینی و زاڵ و قاڵبگیر و دور لە گۆڕانکاری و بەها مرۆڤایەتی و مەدەنییەکان بەسەرماندا سەپێنراون.

×لەبەرئەوە بە ئاشکرا ئەو ڕاستیەمان بۆ دەردەکەوێت، کە دیموکراسیەت بەبێ هزری پێگەیشتو و مەدەنی پێکنایەت، هزر زەمینە و دەرفەتی ئافراندنی دیموکراسیەت دەڕەخسێنێت.

×لە یۆنانستان فەیلەسوفەکانی وەک سوقرات و ئەرستۆ لە دوای چەندین قوربانی و مەرگەساتی تراژیدی چاخی ناوەڕاست، هەر لەسەر پەڕاندن هەتا کوشتنی مەنسوری هەلاج و بە سەدان جار تۆمەتبار کردنیان لە هوشیارکردنەوەی لاواندا، بەوەی مێشک و ئاوەز و ئارەزوی لاوان تێکدەدەن، تانە و تەشەریان لێدەدان، بەڵام لە ڕەوشێکی وەهاشدا توانیان زەمینەی پێگەیشتنی دیموکراسی برەخسێنن، ئاستی زەهنی و هوشیاریان لەناو کۆمەڵگەدا ئافراند، هەتا بە تێپەڕبونی کات بە هێزی پێشکەوتنی عەقڵیەت و هزر دیموکراسیەت لەوێ چرۆیکرد.

×هەتا ژێر خانێکی فیکری و هزری لەناو کۆمەڵگەدا، کە هەموو لایەنەکانی پێکدەهێنێت بەرەو پێشەوە نەچێت، کە شوێن بە سیستەمی کۆن و دۆگماتیزم لێژ بکات، هەڵهاتنی خۆری دیموکراسیەت مەحاڵە، چونکە دیموکراسی لەسەر بنەمای هەبونێک لە بواری هزری و یاسایی و کۆمەڵایەتی و پەروەردەیەوە پێکدێت، ئەگەر بە شێوەیەکی تێکهەڵکێش ئەم بوارانە ئاستێکی هزری و شارستانی و مەدەنیان هەبێت، ئەو کاتە توانای وەرچەرخاندنی تازەگەری پێکدێت.

×ئەوەی لە مێژوە وە تا ئەمڕۆ هەبوە، بێ هزری یان نەبونی عەقڵیەتێکی مرۆڤدۆست و سەردەمی بوە، ئێستا ئەم چەمکانە لە





ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیشدا قسەیان لە بارەوە دەکرێت، بەڵام تەنها شێوە باوەکەی یان لاساییکردنەوەییە و بە ناوەڕۆک پڕ نەکراوەتەوە، هەرچەندە لەگەڵ مەودا و کاتیشدا باس و بریقەدار بکرێت، دیسانەوە ناتوانێت زەمینە و دەرفەتی خۆ گونجاندن لەناو کۆمەڵگەدا دروستبکات، ئەگەر بەردەوام لە ڕۆژهەڤدا هێشتنەوەی ئەم چەمکانە، بە وێنەی ئێستای کۆمەڵگە تەنیا دروشم بێت و لۆژیکی کۆنەپەرست و سیستەمە دەسەڵاتدار و چینایەتیەکان، تەنها وەک ئامێرێک بۆ خۆ پەڕاندنەوە و سیاسەت لەسەر کردن بەکاری بهێنن، ئەوا هیچ بەرهەمێکی لێناکەوێتەوە.

×لەبەرئەوەی لۆژیک و کارپێکردنی ئەم چەمکانە لە ناوچەکەدا لە دواوەیە و کۆنە، بە هۆی نەبونی بیرێکی نوێیشەوە، بۆیە میکانیزمی کارکردنیش نەزۆک دەکات، ڕێنوێنی بۆ پرۆژە و پلانی نوێ دەرناکەوێت، بەڵکو بە هەمان ڕێڕەوی جاران خۆی دوبارە دەکاتەوە، کە ئاسایی هیچ لە بوارەکانیتریش ناگۆڕێت، بەڵام هەبونی هزر و بیری نوێ، قۆناغی دیموکراسی و سەردەمێکی هاوچەرخ لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت.[6]

×بێگومان هزر کۆکراوەیەکە لە بیر و لێتوێژینەوە و بە دواداچون و زانایی و شارەزایی لەمەڕ ماف و ئازادی و نرخ و بەها مرۆیی و کۆمەڵایەتییەکان، هەروەها زانستیانە و مرۆییانە لێکۆڵینەوەی

[6] – لە ژمارە "4-5" ڕۆژی 2004/9/15ی ڕۆژنامەی تروسکەدا بە دوو بەش بڵاوبۆتەوە

لایەنە مێژوویی و راژە مرۆییەکانە، جەختکردنەوە لەسەر ئەمە بەو مەبەستەیە هەر شتێک لە بیری نوێ و هزری مەدەنی و سەربەخۆ وە دەستپێدەکات، لۆژیکی بارگاوی بە زەهنیەتی نا مەدەنی و خێڵەکی و حیزبی و قاڵبگیرییەکان، سنور لەسەر ئەم رێگە تازانە دادەنێن.

×هەمان لۆژیک و مۆرکی قاڵبگیر ئارەزو و توانا بێسنورەکانی مرۆڤ تێر ناکات، چونکە سازش لە بەرژەوەندیە سیاسیەکانی خۆی ناکات، بە حوکمی ئەو عەقڵیەت و سنورە دیاریکراوەی هەیەتی، ئەمانە نیشانمان دەدەن بۆ ئەوەی کۆمەڵێکی مەدەنی بەرقەرار بکەین، پێویستە دامو دەزگاکانی دابمەزرێنین، پرۆژەکانی پەروەردە و هوشیارکردنەوەی کۆمەڵگە، بە تایبەتی بۆ ژن و منداڵ بایەخیان پێبدرێت.

×لە کردنەوەی بواری تایبەتمەندبون لە لایەنی مێژوویی و یاسایی و هوشیاری ئیرادەیی، بە مەبەستی ژیاندنەوەی فەرهەنگ و کلتور و بەها مانەوییەکان، بە پلەی یەکەم دەرفەتی سەربەخۆ بۆ ژنان هەبێت لەبەرئەوەی ئەو، کە ژیانی ئافراند بەهاکانیشی دروستکرد و بەڕێوەیبرد، ئەو تێزەی باس لە گرنگیەکەی دەکەین بە ژن دەستپێدەکات، چونکە کاراترین بونەوەرە و توانای هەیە لەگەڵ ئەم سەردەمە داوا کراوەدا ببێتەیەک، ئەم لایەنانەی دەستنیشانکران وەک سەرمایەیەک، بنەمای شارستانی نوێ پێکدەهێننەوە و تێزی تازەی بەرامبەر دروستدەکەن.





×هەر سەردەمێکی نوێ کات و جێگای خۆی هەیە، لەوانەیە هێشتا کاتی پەیڕەوکردنی ئەم لایەنانە نەهاتبێت، بەڵام بۆ ئەوەی هەر تێزێکی نوێ جێگەی خۆی بگرێت کاتی گونجاوی دەوێت، هەتا لەگەڵ واقیعە تازەکەدا بگونجێت و زەمینە سازی دەوێت، بە هۆی سەختی بونە یەک لەگەڵ واقیعدا بەتایبەتی، کە ئەو هزر و تێزە نوێیە دەیەوێت شوێنی کۆن بگرێتەوە، لە کۆمەڵگەی رۆژهەلاتی ناوەڕاستدا تێگەیشتن لە تێگەی دیموکراسی هەڵەیە، چونکە لە ناوەڕۆکدا بە تاڵە و وەلامی راستەقینەی وەرنەگرتوە.

×دیموکراسیەتیش پێوان و رێسای خۆی هەیە، لەوانە رەخنەگرتن هەر کەسێک مافی رەخنەگرتنی هەیە، مافی بەکارهێنانی بوارەکانیتری، وەک دەنگ هەڵبڕین بە شێوەی سکالانامە و ئاگادارکردنەوە، هەتا رێپێوان و ناڕەزاییدەربڕین، ئەگەر ئەم رێبازانە سەریاننەگرت، بەکارهێنانی مافی پاراستنی رەوای لە هەر بوارێکدا هەیە، لە کاتی پێشێلکردنی مافدا، هەر کەس و گەلێک مافی هەیە لە ناو ئاشتیدا بژی و ماف و داواکاریەکانی لە سەرەتایترین مافەوە دەستەبەر ببێت.

×بە ئاشتی ژیان پێویستیەکی مرۆییە، لە دیموکراسیەتدا دەبێت ئاشتی بپارێزرێت، دور بێت لە هودنە و تەشەر و ئاگر خۆشکردن و دروستکردنی نا ئارامی و پشێوی، پێویستە ئەم پێوانانە لە سیستەمی بەڕێوەبردندا هەبێت، لە جیاتی بازرگانی و سیاسەتکردن بە گەلەوە بە بەهانە و تەگەرەی نەگونجاوە وە دیماگۆجیەت لەسەر گەل و پشتگوێخستنی داواکاری و ئاسایشیان،

بە پێچەوانەوە دەبێت پێڕەوی کارگێڕی و بەڕێوەبردنی گەل هارمۆنی و گونجاو و چۆنیەکبێت بە کۆمەڵگە.

×مافی ژیان و پێشبینی و پێویستیەکانیان و پڕۆژەی خزمەتگوزارییان لە کات و شوێنی داواکراو دا بۆ پێشبخرێت، بەڵام ئەو سیستەمەی ئەمڕۆ لە کوردستان و ناوچەکەدا هەیە، نەک دڵنەوایی کۆمەڵگە ناکات، بەڵکو گۆڕینەوەی خواست و مافەکانی گەل و کۆمەڵگەیە بە بەرژەوەندی و مەرامی خۆیی و بیانی و لەکەدار کردنی داخوازیەکانی خەڵک.

×هەر بۆیە دیموکراسیەت بە بێ پێڕەو بیرێکی تازە سەرناگرێت، واتە دەبێت زەمینەی ئەم گۆڕانکاریە لە بیر و هۆشدا بکرێتەوە، بە دەرفەت رەخساندنی ئازاد بۆ رادەربڕینی هەر کەس و چین و رەگەز و توێژ و مەزهەب و لایەنێک، هەتا بیر و راکانیان کۆدەبنەوە و لە خاڵی هاوبەش و ناکۆکدا پێکدەگەن، بەمشێوەیە بیروبۆچونەکان ئاراستەی راستی خۆیان دەدۆزنەوە و زەمینەی دیالۆگ و لێک تێگەیشتن پێکدێنن، ئەگەر نا کۆمەڵگە بەم شێوەیەی ئێستای، کە هەر سیستەمی دەسەڵاتدار بۆی هەیە خۆی دەربڕێت، داواکاری و تواناکانی تاک و کۆمەڵگە بە هەموو توانستێکیەوە دەکرێنەوە بە قوربانی بەرژەوەندی گروپێک، زەمینەی پێکهاتنی دیموکراسی بەرتەسکدەکەنەوە.

×لە نەریتی ئەم جۆرە کۆمەڵانەدا دەوترێت، پێویستە هەر شتێک وەک هێزی نەریتی و دەسەڵاتدار بێت و لێدەرچونیی نیە، ئەمە لە ئازادی و مافی هەر کەسێک کەمدەکاتەوە، لەبەرئەوەی





ڕێگە بە تاکەکانی کۆمەڵگە نادات، وەک خۆیان و تاکێک بیر بکەنەوە و توانا و هێزیان بەکاربهێنن، بەڵکو دەبێت لە هەر بوارێکدا وەک گشتی بیر بکەنەوە، کە لە رەوشی ناچاری رزگاری نابێت، بەمشێوەیە بیرو توانای مرۆڤ و تاک دەکوژرێت، ناهێڵرێت گەشەی بیریی و ئازادی بۆچونی بەرەو پێشەوە بچێت، لەم بارەدا تاک بەرەو سەرگەردانی و نائومێدی دەچێت و بێبەرهەم و نامۆ یان یاخی دەبێت.

×مرۆڤ هەر لە سەرەتای دروستبونیەوە لەگەڵ گونجان و بە سروشتی گەشەکردندا بوە و ئاسایی ئەم رەوتە لە بونیادی سروشتی مرۆڤدا هەیە، لە "گەنەتیک و بوهێڵی" مرۆڤدا بە ئاشتی ژیان و سروشتیانە و دیموکراسیانە گەورە بون لە عەقڵ و توانا و داخوازی و بونیادیدا هەیە، ئاکامی ئەمجۆرە سروشتیبونەی مرۆڤە، لە گەردوندا ماوەتەوە و تا ئەمڕۆش مرۆڤایەتی بەگشتی لەدژی شەڕ و توندوتیژی ژیانە و بەهیچ شێوەیەک لە لێگەڕینی ئاشتی و دیموکراسیەت لاینەداوە.

## 5- یەزدانە ژنەکان

×قۆناغی نئۆلۆتیک بە بەرهەمی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری دەناسرێت، ژن بە دۆزینەوەی بەرهەم و کشتوکاڵ و پیاویش بە راوەشکارییەوە سەرقاڵبون، ئەمە قۆناغی دەستپێکردنی مرۆڤایەتییە لە دامێنی چیای زاگرۆس و تۆڕۆس، مرۆڤ لەم دەڤەرە لە شێوەی دروستبونی منداڵێکی ساوادایە و لە نوێوە زمان دەگرێت و ئامێری

سەرەتایی و پاشکەوتو بەکاردەهێنێت، ترس و رەمەکی ژیان بەرەو ژیانی بە کۆمەڵی رادەکێشێت و لەیەکتریان کۆ دەکەنەوە، چونکە پێویست بە یەکتری دەبینن، ژن بە هۆی کرداری منداڵبونەوە زیاتر کۆبونەوەکە پێشدەخات، هەروەک بە هۆی گەڕان بە ناو سروشتدا فێری پشکنین و هەرەوەزی دەبێت.

×هەرچەندە زانایی و تێگەیشتن بەو شێوەیە نەبوە، کە بیریان لە بە کۆمەڵبون کردبێتەوە، بەڵام کردەی کشتوکاڵ و بەرهەمهێنان گیانی هەرەوەزی لە مرۆڤدا پێشدەخات، ژن ئەرکی سەرەکی هەم لە بواری دۆزینەوە و ئەفراندن و کشتوکاڵ و هەڵگرتنی توخمی نوێدا هەبوە، لەهەر بویەر و بوارێکی ژیاندا و لە ئەنجامی تاقیکردنەوە وە ئەزمون بە دەستدەهێنن و پێڕەوێکی ژیانی سەرەتایی دروستدەکەن.

×ژنیش لە بوارەکاندا و لە ئەنجامی ئەزموونی رۆژانەوە، کە پەیدای دەکات ئیدی بە هۆشیاری کار دەکات، لەم شێوە کارکردنەشدا کەسایەتی و تایبەتمەندنی ژن و پیاو دروستدەبن، وەک لە جۆری کارکردنیانەوە، نەرمبون و دادپەروەری و یەکسانی و کۆمەڵکاری لە ژندا و وشکی و توندی و تاکگەرایی لە پیاودا پێکدێن، هەرچەندە ئەم تایبەتمەندیانە لە ناوەڕۆکدا لە سروشتی مرۆڤدا نین، بەڵام بەگوێرەی جیاکاری ئەو کارانەی بەڕێوەیدەبەن شێوە دەگرن و کەسایەتیان پێکدێنن، بۆ نمونە بەهۆی کاری کشتوکاڵ و بەخێوکردنی منداڵ و ئاژەڵیشەوە، شێوەی کەسایەتی ژن نەرم و مرۆییانەتر هەڵدەکەوێت، بەهۆی راوشکاری و





دورکەوتنەوە لە ژیانی ماڵەوە، پیاو راوی ئاژەڵی نا ماڵیدەکات، لەگەڵ ئەو رەوشەدا دەژی، تایبەتمەندی و رەفتاری لە ژن رەقتر دەردەکەون، واتە جۆری کار کاریگەری لەسەر کەسایەتیان هەیە.

×لە سەرەتای مرۆڤایەتیدا کەلتوری یەزدان و خوداوەندی دایک باڵادەستبوە، عەشتار وەک خوداوەندی ئەو سەردەمە لە میزۆپۆتامیادا بەزۆر ناوی جیاواز ناسراوە، جارجار کەسیەتیەکی سەربەخۆ جار نا جاریش یەکێتی گەردون و مردنی لە ژیانیدا کۆکردۆتەوە و دوو ڕوی نیشانداوە، لە هەمانکاتدا هەم پاکیزەیی و دایکێتی نواندوە، عەشتار وەک یەزدانێک بە زمانی میتۆلۆژیا پارێزگاری لە رەگەزی ژن کردوە و بە درێژە پێدەری زایەندی زانیوە و وتویەتی بەم هۆیەوە پیرۆزە، عەشتار بە زمانی میتۆلۆژی ئەو سەردەمە بەم رەنگە خۆی ناساندوە.

وتویەتی:

من هەم یەکەم و هەم کۆتاییم

من هەم دایکم و هەم کچم، هەم پاکیزەم هەم هاوسەرگیریم کردوە

منداڵم نابێت و منداڵم زۆرە

لە زەماوەندی هەرە مەزنم دا و لەگەڵ هیچ پیاوێکیشدا نەبوم

مامانێکم هەتا ئێستا منداڵم نەبوە، وەک ژنێکی دوو گیانیش ئازارم چەشت

هەم بوکم و هەم زاوام، من ئەوەم کە هاوسەرەکەم هێنامی

من دایکی باوکمم، برای هاوسەرەکەمم، منم ئەفرێنەری هەموو ئەمانەم.

×عەشتار لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا "خوداوەند"ی بە زمانی ئەفسانە، زۆربەی شارستانیەکان و وەک خوداوەندی سەرزەمینیش بایەخپێدراوە، لە کۆمەڵگەکانیتریشدا بەهۆی گوێزاندنەوەی ئەم کلتورەی لە میزۆپۆتامیادا هەبوە، بە شوێنیتریش گەیشتوە و بە ناوی جوداوە ناسێنراوە، وەک ئینانا و ئیسس، بابلییەک لە ساڵی **2000**، پ.ز دا، هۆنراوەیەکی بۆ عەشتار نوسیوە بەم شێوەیە.

بۆ یەزدانە عەشتاری خوداوەند
تەنیشتی زەمینێکی ڕەش پۆشە
هەر چارەنوسێک دەگرێتە خۆی
لە تێڕوانینیدا خۆشەویستی لە دایک بوو
تامەزرۆیی ژیانی لە شکۆییدایە
هێزی ئافرێنەری ژن و پیاوە.
بابل **2000**،پ.ز[7]

×ئەمە ڕەنگدانەوەی تێڕوانینی ئەو قۆناغەیە بەرامبەر بە ژن، کە هێشتا بەهای لە دەست نەداوە و هەر بە پیرۆزی تەماشای دەکرێت، بە تایبەتیش بە هۆی منداڵبونەوە.

×پێش کۆمەڵگەی چینایەتی، کە بە سەردەمی کۆیلایەتیش دەناسرێت، تەوتەم پوختەی ناسنامەی ئەو کۆمەڵگە سەرەتایە بوە،

[7] -پەرتوکی کورد و کوردستان ی محەمەد مەردۆخی.





باوەڕیانوابوە ئەو کاتەی تایبەتمەندی چەوساندنەوە لای سەرۆک هۆز و تیرەکان پەرە دەستێنێت تەوتەمیش، کە ناسنامەیان بوە و پێی ناسراونەتەوە، وردە وردە بەرز دەبێتەوە و لەسەر زەمینەوە بەرەو ئاسمان هەڵدەکشێت، تایبەتمەندی چەوساندنەوەش لەلای سەرۆک هۆزەکان لە ئەنجامی پەیدابونی گرنگی خاک و کۆکردنەوەی لە دەست هۆزەکاندا پێکدێت و لێرەوە شەڕ و پێکدادان دەستپێدەکات.

×ئەم ڕوداوانە لە کۆمەڵگەدا بەشێوەی میتۆلۆژیا "ئەفسانە" گێڕراونەتەوە، لە سەردەمی سۆمەریەکاندا بە ململانێی نێوان خودا و شەیتان گوزارشتیلێکراوە، کە پێواژۆی دایکسالاری بەسەر چوە، هێشتا ڕێز لە ژن گیراوە و هەموو شتێکی لە دەستنەداوە، هێشتا "خوداوەندە ژنەکان" بە زمانی ئەو کاتە دەستیان بەسەر نیوەی بوارەکانی ژیاندا گرتوە، لەو سەردەمەدا خوداوندی ژن سەرەتا بە"نین هورساک"و پاشان بە"ئینانا و لە کوردیشدا بە ئەستێرە و ستارە دەناسرێت.

×هەر تایبەتمەندییەک لای سۆمەرییەکان خوداوەندێکی هەبوە، چینی ژێرەوەی کۆمەڵگەی چینایەتی سۆمەری لەو کاتەدا، کە ناکۆکی چینایەتی و کۆیلەکردنی ژن دەستپێکردوە، لە ئەنجامی کردەوەی نایەکسانی و بێبەشکردنیان لە مافی ژیان دەگەڕێنەوە بۆ خەیاڵی کۆنیان و ژیانی سەرەتایان، کە ستەمی تیادا نەبوە و بە چاخی ڤینۆس ناویدەبەن.

×میتۆلۆژیا بە شێوەی شیعر باسی ئەوە دەکات، کە ئیتر خوداوەندەکان شەکەت و ماندو بون و پێویستیان بە خزمەتکار هەیە، ئەمەش مۆرکی خۆی لە تەواوی شارستانیەت دەدات و ئازادی مرۆڤ سنوردار دەکات، ئەو ترس و فشارەی دەخرێتە سەر تاکەکانی کۆمەڵگە، رۆژانە زیاتر ئازاریاندەدات و ئیرادەیان لێدەسێنێتەوە، بۆیە ئەم فشارانە لای تاکەکانی کۆمەڵگە دەبێتە گومان لە بارەی بنەماکانی باوەڕی و خوداوەندەکان، کە هەر مرۆڤن دەناسرێن و یاخیبون دەستپێدەکات.

×پێواژۆیەک دەستپێدەکات، کە ئیتر میتۆلۆژیا و تیۆلۆژی پێداویستیەکانی مرۆڤ پڕناکەنەوە و بەرەو بیری فەلسەفی و تاکخودایی دەڕۆن، لە قۆناغی کۆنتریشدا ژن هاوشێوەی خاکە بەپیتەکانە و وەک خۆر و مانگ و ئەستێرە و بەها ئاسمانیەکان نرخی دەدەنێ، گەورەترین بونەوەر و هێمای هێزی زایین و خوداوەندی دایکبوە.[8]

هەندێک لەو ژنانەی لە مێژودا رۆڵیان دیار بوە:

ئەمە بەشێکە لەو لێکۆڵینەوەیەی ساڵی **1999** دەستمدایە و لەبەر هەندێک هۆکار بە نیوەیی بەجێمهێشت، هەرچەندە لەوانەیە هەندێک لەو ژنانە زۆریان لە بارەوە نوسرا بێت، بەلام من لە ئەنجامی گەڕانی خۆمەوە، لە ناوچەی باڵەکایەتی و شێخ وەسانان و

[8] – عەبدوڵا ئۆجەلان، وەرگێڕانی لوقمان عەبدوڵا، لە دەوڵەتی راهیبی سۆمەرەوە بەرەو شارستانیەتی دیموکراسی، چاپخانەی رەنج، سلێمانی چاپی یەکەم 2000.





پشدەر، باسی هەندێک لەو ژنانەم لە دەمی کەسی نزیکیانەوە بەدەستهێناوە و زانیاریم لە بارەیانەوە وەرگرتوە، چونکە ئەوە خولیای ئەو تەمەنەم بو، کە کارێک لەسەر ژنە ناودارەکان بکەم، هەرچەندە بە تەواو نەکراوی بەجێمهێشت، وەلێ ئێستا وەک رێزێک بۆ رەنجی ئەو کاتەم، پێمباشە هەر لێرەدا بە نیوەیش بێت بڵاویانبکەمەوە، سودم لە سەرچاوە کۆنەکانیش وەرگرتوە.

**1** – ئاتوسا: لە نەوەی سەمیر ئەمیسە کچی بلوزی دوەمە، لەو کاتەی ئاشورییەکان دوبارە سەرهەڵدەدەنەوە، لە دەرکردنی میسرییەکاندا یارمەتی باوکیداوە، لە دوای مردنی باوکیشی فەرمانڕەوایی ئاشوری گرتۆتە دەست، دوای روخاندنی دەوڵەتی ئاشوری دەسەلاتی بابلیەکان دەستپێدەکات، دەوڵەتی میدیا بە مەبەستی پتەوکردنی دۆستایەتی لەگەڵ بابلییەکاندا، کواکسار شازادەی میدیا ئامێتسی کچی دەداتە شازادەی بابل بەختنەسر، ئەویش لە ساڵی **622**دا، باخچە هەڵواسراوەکانی بابلی لەسەر داخوازی ئەم کچە کوردە دروستکردوە، کچە کوردەکە ویستویەتی دیمەنەکان هەموو وەک کوردستان جوانبن، لە سەردەمی میدیادا کورد زۆر جار ژنیان لە بری پتەوکردنی دۆستایەتی و رێگە گرتن لە شەڕ داوە.

**2**– سودابە: ئەو ژنەیە کەیکاوس کوڕی کەیقوباد دوای گەڕاندنەوەی لە هندستان بە نیازی داگیرکردنی یەمەن

هاوسەرگیری لە گەڵدا دەکات، هەرچەندە لەوە ناچێت سودابە کورد بو بێت، بەڵام رۆڵی گرنگی لە سەردەمی میدیادا گێڕاوە.

**3**- هوما کچی بەهمەن بوە یۆنانییەکان بە پەریزاد ناویانهێناوە، بەهمەن لە سەردەمی کۆرشی گەورەدا، ساڵی**532-6020**پ. ز، وڵاتەکەی زۆر فراوانکردوە، پایتەختەکەی شاری شوشبوە، دوای مردنی بەهمەن هومای کچی ماوەی **40**ساڵ، لە **533-494**پ.زایینەوە فەرمانڕەوایکردوە، پایتەختی نوێی شاری تەیسفونی عێراقی، بەپێی سەرچاوەکان شاری خانەقین بوە، هەڵبژاردنی ئەم پایتەختەش لە ئەنجامی ناڕازیبونی لە زۆر هەڵسوکەوتی باوکیەوە بوە.

لە ساڵی**424**پ.ز دا، داریۆش کوڕی هوما، کە بە دارا ناسراوە، بۆتە فەرمانڕەوا بەسەرپەرشتی دایکی کاری دەوڵەتی بەڕێوە بردوە، بێجگە لە فەرمانڕەوایی میدیا و پارس خاکی فەلەستینیشیان بۆ ماوەی**20**ساڵ بە دەستەوە بوە، داریۆش یان دارا بە داریۆشی میدیا ناسراوە، هەتا سەردەمی هێرشی ئەسکەندەری مەکەدۆنی، کە کۆتایی بە دەوڵەتی میدیا هاتوە، بە هاوکاری دایکی بەردەوامبون.

**4**- سەمیر ئەمیس شاژنی ئاشوریەکان بوە، لە دورگەی عەرەبی تا هندستان، لە سنوری شاری بەسرە وە تا چیاکانی قەفقاسی بە دەستەوە بوە، بەسەر میدیاکانیشدا سەرکەوتوە، زۆر کۆشک و باخچەی دروستکردوە، لە نوسراوێکدا، کە لە دەریاچەی ئۆڕاڵ دۆزراوەتەوە، باسی کارەکانی کردوە و وتویەتی،"سروشت تەن





و لاشەی ژنانەی بە منداوە، بەڵام کارەکانم هاوتای کاری گەورە پیاوانی جیهانە"، دوای سێ ساڵ لە لایەن رامیسیسی فیرعەونی میسرەوە داگیر کراوە.

**5**- مولازم حەلیم: بە پورە حەلیم ناسراوە، یەکێکبوە لەو ژنانەی پێشمەرگایەتیکردوە، لە ساڵی **1945** لە گوندی ماونانی ناوچەی باڵەکایەتی لە دایکبوە، لە هۆزی باڵەکینە گوندەکەیان چەندینجار بەر سوتاندن و وێرانکردن کەوتوە، هاوکاری شۆڕشەکانیکردوە، ئومێدی بە سەرکەوتنیان هەبوە، لە دوای کوژرانی براکەی چەک لە شان دەکات و دەبێتە پێشمەرگە، ماوەی سێ مانگ بە شوێن دۆزینەوەی تەرمی براکەیەوە بوە.

شکستی ساڵی**1974**ی پێپەسەند نەکراوە و لە داغی کوژاندنەوەی شۆڕش نەخۆشکەوتوە و باری دەرونی تێکچوە، لە دەستپێکردنەوەی خەباتدا رو لە چیا دەکاتەوە، وەک شێت و سەرمەستی شۆڕش ناسراوە، دوای خەبات و هاوکاریکردنێکی زۆری شۆڕش، لە چیادا دەکەوێتە زەریایەکەوە و دەخنکێت، کە تا ئەمڕۆش بە نەناسراوی ماوەتەوە.

**6**- مارگرێت کچێکی ئاشوریبوە، بە تامەزرۆییەوە پەیوەندی بە بزوتنەوەیەکی کوردیەوە کردوە، کەسایەتیەکی زیرەک و بە ئیرادە بوە، لەبەرئەوەش ناوی بە ژاندارکی کورد رۆیشتوە، بە هۆی چالاکی و کارامەییەوە بەشداری لە چالاکیەکاندا کردوە، دژایەتی زۆر کراوە، لەئەنجامیشدا لەلایەن بەرپرسێکی حیزبیەوە بە دیلی دەکوژرێت، شوێنی کوشتنەکەی دۆڵی کۆکێیە لە چیای قەندیل،

دوای ئەوەی تەسلیم بەو بەرپرسە نابێت لە گەلاڵەوە هەتا دۆڵی ئارانە لە دەستیان هەڵدێت، بۆیە سەرکردایەتی بۆ ئەوەی ئەو کارەی خۆیان نەبێتە تانەیەک لەلای خەڵک، لە کۆبونەوەیەکیاندا بڕیاری کوشتنی دەدەن و بە بەدرەوشت تاوانباری دەکەن، بانگەشەیەکی زۆر خراپ لە دژی دەکەن و لە دواییدا بە دیلی دەیکوژن.

زۆر سەرسامبوە بە کەسایەتی لەیلا قاسم و ئەویش هاندەریبوە بەشداری لە شۆڕشدا بکات.

**7**- لەیلا قاسم یەکێکە لەو ژنە تێکۆشەرانەی تەمەنی کورتی دەکاتە قوربانی دۆزی کورد و پەتی سێدارە بە شانازیەوە لە ملدەکات، هەزاران ساوای ئەم کوردستانە بە ناوی ئەوە وە ناونران، لە ساڵی**1952**دا، لە دێی بانمیل لە خانەقین لە دایکبوە، خوێندنی هەتا سێهەم ساڵی کۆلێژی ئەدەبیات بەشی کۆمەڵناسی دەگات، هێشتا منداڵە خێزانەکەی بەرەو بەغداد دەڕۆن.

وێڕای ئازاری پەنابەری لە ناو خوێندکارانی زانکۆدا بە کچە کوردەکە ناسراوە، لەناو زانکۆدا کاری ڕێکخستنیکردوە.

لە ڕێپێوانە جەماوەرییەکاندا ڕۆڵی بینیوە، لەو ساڵەدا کۆمەڵکوژی قەلادزێ دەکرێت، زۆر خێزانی کورد لە ساڵی**1974**دا، لە بەغداد دەردەکرێن، خوێندکارانی قەلادزێ لە دژی ئەو کۆمەڵکوژیەکەی ڕۆژی **1974/4/28** خۆپیشاندان لە شاری بەغداد ساز دەکەن، لەیلاش بەشداریکردوە، لەگەڵ چوار هاوڕێی لەو خۆپیشاندانەدا دەستگیر دەکرێن، ماوەیەکی زۆر لە





زینداندا ئەشکەنجە کراوە و خۆی بە دەستەوە نەداوە، تا لە ڕۆژی**1974/5/13**دا، لەیلا قاسم لە تەمەنی **23**ساڵیدا لە سێدارە دەدرێت.

ئەم خونچە بە جەرگە یەکەم ژنە بە فەرمی سزای لە سێدارەدانی بۆ دەبڕێتەوە، لە زینداندا ڕژێم سەری سوڕ دەمێنێت، کە پەشیمانی پیشاننادات سەرەڕای ئەشکەنجەی زۆر وتویەتی، ئەگەر پەشیمان ببمەوە لەو کارەی، کە نرخی هێندەی جیهانێکە لام واتا بە ماوەیەکی کورت دەمرم، بێ ئەوەی تێکۆشانم کردبێت، بۆیە بە هۆی کاریگەری لەسەر خوێندکاران هەر زو پەتی سێدارەی بۆ هەڵدەخەن و لە کاتژمێر**7**ی بەیانیدا شەهید دەکرێت.

لەبەردەم پەتی سێدارەدا لەیلا وتویەتی دڵخۆشم، چونکە بە لە سێدارەدانی من هەزاران کورد رادەپەڕن، لەیلا قاسم یەکەم ژنە لەسەر ئاستی هەر چوار پارچەی کوردستان و ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست لەلایەن ڕژێمی دیکتاتۆرە وە لە سێدارە دەدرێت، لەناو گەلانیتریشدا لە سێدارەدانی لەیلا دەنگیدایەوە وەک سیبمبۆڵی ژنێکی ئازا و خەباتگێڕی کورد ناسرا، ئەو ساڵە زۆر کچ ناوی لەیلایان لێنرا.

**8**- مامۆستا نەسرین خەڵکی شاری دەربەندیخان بوە، یەکێکبوە لەو ژنانەی لە سەردەمی ڕژێمدا پیشە و ئەرکی مامۆستایکردوە و خزمەتی دۆزی گەلەکەیشی کردوە، دەرەنجام لەلایەن هێزەکانی ڕژێمەوە دەستگیر کراوە و دوای ئەشکەنجەیەکی زۆر ساڵی هەشتاکان لە سێدارە دراوە.

**9-** یەکێک لە ژنە ناودارەکانی کوردستان، کە تا ئێستا بێ ناونیشانە و ئاوڕی لێنەدراوەتەوە، فاتیمە خانی نەقشبەندییە، خەڵکی شارەزورە و نەقشبەندیە کچی مەولانا خالیدی نەقشبەندییە، ساڵی **1826** لە دایکبوە، بە حوکمی ڕۆشنبیری بنەماڵەکەیان هەر لە منداڵیەوە بە خوێندن و زانین ئاشنا بوە، هەندێک لە نوسەران لە بارەی توانای نوسین و شارەزایی ئەم ژنەوە لە ئەدەب و وێژەدا لە بارەیەوە نوسیویانە و ستایشیانکردوە، لە ڕێبازی نەقشبەندیدا شارەزای هەبوە، لە بواری تەریقەت و فیقهیدا شارەزایی لە مارەیی و تەلاق و میراتدا هەبوە، بە فەقیهە ناوی دەرکردوە، لەگەڵ خێزانەکەیاندا ماوەیەک لە شام ساڵی **1865** ژیاوە، بێجگە لەوەی لە تەریقەتدا شارەزا بوە و گرنگی بە وێژەش داوە، ئاگاداری وێژەی کوردی و عەرەبی و فارسیشبوە، لەو قۆناغەدا ئەستەم بوە ژن لە بواری وێژە و هۆنراوە و زانستدا کار بکات و شارەزایی هەبێت، لە شەریعەتیشدا شارەزایی هەبوە بە نیازی حەجکردن رو لە حیجاز دەکات و لەوێ کۆچیدوایدەکات و تەرمەکەی لە مەککە دەنێژرێت.

**10-** لیزا خانمی جاف: ئەم ژنە لە سەردەمی خۆیدا بە ڕۆشنبیرێکی بە توانا ناسراوە، لە دەستنوسی کاکەیەکاندا کەمێک لەسەر ژیان و هەڵبەستەکانی نوسراوە، ساڵ و کاتی لە دایکبون و مردن و ژیانی دیار نیە، هیچ سەرچاوەیەکیش لەسەری نەنوسیوە، هەندێک پێیانوایە سەردەمی ژیانی بۆ سەدەی **5**ی پێش زایین دەگەڕێتەوە، لە شارەزو لە دایکبوە و ژیاوە، ژنێکی خوێندەوار بوە، نازانرێت تا چەندی خوێندوە، بەڵام ئاستی هەڵبەستەکانی





دەریخستوە، ژنێکی هوشیار و خوێندەوار بوە، شارەزاییەکی باشی لە ڕێبازی کاکەیەکاندا هەبوە و لەسەری نوسیوە.

تەنها بەڵگەیەک بۆ کاتی ژیان و سەردەمەکەی ساڵی **1074-1015** ز دیاریکراوە، پاشان شارەزور بەجێدەهێڵێت و دەچێتە لوڕستان.

**11-** خانم شەهدە دینۆریە: نازناوی مخزنساو لەلایەن زانایانی شاری بەغدادەوە پێدراوە، لە وانە وتنەوەدا بۆ ماوەی چەند ساڵێک شێوازی زۆر تایبەت بە خۆی هەبوە، کچی ئەبو نەسر ئەحمەدی کوڕی فەرەح عومەری ئیبرییە، خەڵکی شاری بەغداد بوە، لە ساڵی **1066** لە شارۆچکەی دینۆریەی شاری کرماشان لە دایکبوە و خوێندنی لەوێ تەواو کردوە و پەیوەندی وێژەی لە نێوان کرماشان و بەغداد دا هەبوە، لەلایەن زانا و کەسە پێشکەوتوەکانی بەغدادە وە داوا لە باوکی شەهدە کراوە، تا وانە لە بەغداد بڵێتەوە ئیدی لە بەغداد نیشتەجێدەبێت.

**12-** ئامینە خانی کچی حەمە ئاغایی ئەمین ئاغایی، شاعیری بە ناوبانگ ئەختەر بە ڕەئیس ناسراوە، ئەم ژنە ساڵی **1929** لە دایکبوە و ژنێکی ناسراو بوە لە بنەماڵەی حەویزییەوە، کەسایەتیەکی هوشیار و ساکاریش بوە، ماڵەکەی پەناگەی هەژاران بوە و یارمەتی کەسانی دەوروبەری داوە، وەک نەریتێکی زەردەشتی هەمیشە خەڵکی بۆ کشتوکاڵکردن هانداوە و کاری لە گەڵدا

کردون، ژنێکی سوار چاکیشبوە بەرامبەر رژێمی ئەو کاتەش تێکۆشاوە.

لە ساڵی**1946**وە بەهۆی دروستبونی شەڕێکی دژوار لە نێوان کورد و هێزەکانی ئێراندا، لە شاری مهاباد نیشتەجێدەبێت، پێشەوا قازی محەمەد و شێخی نەمر رێزی زۆریان لە تواناکانی گرتوە و گرنگیان پێداوە، لە پاش روخاندنی کۆماری کوردستان ئامینە خان لە شنۆ وە گەڕایەوە باشوری کوردستان، لە رەواندوز و دیانا زیندانیکراوە و بە هەوڵی شێخ مەحمودی نەمر، لە ساڵی**1956**دا ئازاد کراوە، پاش ئازادبون بۆ کۆیە گوندی شیواشیان گەڕاوەتەوە، لە ساڵی**1975**دا کۆچیدوایکردوە.

**13-** ماە شەرەف خانم: ناسراو بە مەستورەی کوردستانی ژنێکی شاعیر و مێژونوسی سەدەی **18**بوە، لە سالآنی**1085-1847**ژیاوە، لە شاری سنەی رۆژهەلآتی کوردستان لە دایکبوە و لە سەردەمی میرنشینی ئەردەلآنیدا ژیاوە و کچی ئەبو حەسەن بەگبوە، لە ناو وێژەی کوردیدا جێگایەکی بەرچاوی هەیە، لە سەردەمانێکدا ژیاوە، کە کوردانی رۆژهەلآت بۆ پەروەردەکردنی کچەکانیان لاسایی تارانیان کردۆتەوە، کە دەبوایە کچە گەورەی ماڵ سەما بکات و گۆرانی بڵێت و ئەسپ سواری بکات، لەبەرئەوەی کچ نەخراوەتە بەر خوێندن و بواری چونە دەرەوە و گەڕانی پێنەدراوە.





مەستورە خوێندکارێکی زیرەکبوە، لە روی خوێندنەوە شیاو بوە بۆ گەیشتن بە پلەی وێژەوان و هونەر، بۆیە باوکی هاوکاریکردوە بخوێنێت، کە خۆی مرۆڤێکی زانا و روناکبیر بوە، باوکی زۆربەی ناوچە و شوێنەکانی کوردستانی پێ گەڕاندوە و شوێنەوارە مێژویە وێرانکراوەکانی پێناساندوە، بۆ ئەوەی مەستورە زیاتر برەو بە هۆشمەندی و زانایی خۆیبدات، گەلێک بەرهەمی نایاب و بەهێزی وێژەیی هەیە بە تایبەتی بایەخێکی زۆری بە هەڵبەست و نوسینداوە، شارەزایان دەڵێن لەبەرئەوەی لە کاتی خۆیدا هۆنراوەکانی مەستورە کۆنەکراوەتەوە پێدەچێت گەلێکیان فەوتابن، چونکە گەلێک لە هۆنراوەکانی چاپکراون، مەستورە لە هەڵبەستەکانیدا باس لە مەینەتیەکانی ژنان دەکات، نمونە لە هەڵبەستێکدا هەستی خۆی ئاوا دەردەبڕێت.

"سەری من، کە شیاوی تاجە، ئێستا خستویانەتە ژێر پەچە، بەلآم چەسود بەد بەختی وەک من بە هیچ ناگات".

×مەستورە لە دوای مردنی خەسرەو خان پەرتوکێکی بە دەست نوسی خۆی بە ناوی مەستورە خانی کوردستانی نوسیوە، نوسراوەکانی ناو پەرتوکەکەی لە چوار بەشدا کۆکردۆتەوە مێژوی زنجیرەی ئەردەلآنیەکانی نوسیوە و لەلایەن میرزا عەلی ئامۆزای مەستورە لە دوای کۆچی مەستورە وە بەشەکەیتری تەواو کراوە، تا ئێستا ئەو پەرتوکە لە پەرتوکخانەیەکی لەندەن پارێزراوە پارچەیەک لە هۆنراوەکانی:

گرفتارم بە نازی چاوەکانی مەست، فەتتانت
بریندارم بە غەمزەی هەردو چاو تیژ موژگانت
بە تاڵی پەرچەمی ئەگریجەکانت غارەتتکردم
دڵێکم بو ئەویش خستە ناو چاهی...زەنەخدانت
منیش هاتم بفەرمون بمکوژن بمکەن بە قوربان
تەشەکور واجبە بۆ من ئەگەر بمرم بە زەخمی تۆ
بەشەرتی کفنەکەت بۆ درێت بە تاڵی زوڵفی پەرێشانی
لە کوشتن گەردنت ئازاد دەکەم خۆ بێیتە سەر قەبرم.

گڵکۆی ئەم شاعیرە گەورەیە لەشاری سلێمانییە، بەرهەمەکانی پێکهاتون لەدیوانی شیعری بەکوردیو فارسی، پەیامی شەریعەت، ژیاننامەی شاعیرانی کورد، مێژویی ئەردەڵان.

**14**-لەعلیە خان، یەکێکیترە لەو ژنانەی فەرمانڕەوای میرنشینی سۆرانیکردوە لە دوای کۆچی خانزادی میری سۆران، لەسەر هەمان ڕێچکەی خانزاد بەڕێوە چوە، وەک میراتگری خانزاد خۆی ناساندوە، بەهێز و ناوبانگبوە.

خەڵکی شاری ڕەواندوز بوە و برازای خانزادی میری سۆران بوە، ئەم کەسایەتیە هەمیشە چوار دەوری قەرەباڵغ بوە و دەسەڵاتی بەسەر ڕەواندوز و حەریر و دیانادا گرتوە، لە پاش کوشتنی مێرد و کورەکەی بە دەستی عوسمانیەکان حوکم دەگرێتە دەست و ناوبانگ پەیدا دەکات، دەوربەرێکی فراوانی هەبوە و بە کارایی





بەشداری شەڕپشیکردوە، هەمان ئەو هێزەی ژیاندۆتەوە، کە خانزاد لە ژنان دروستیکردبو، **30**هەزار ژن بون، ئاسایشی ناوخۆی وەک خانزاد پاراستوە و دادپەروەری تارادەیەکی زۆر لە ناو خەڵکدا فەراهەمکردوە.

**15**-مینا ئاغایی گروباغ: لە کۆندا خاوەنی قەڵادزێ بوە و سامانێکی زۆری لە ژێر دەستدا بوە، خەڵکەکەی بە شێوەیەکی یەکسان و سەرکەوتوانە بەڕێوە بردوە.

**16**- عائشەگوڵ: لە مانگی ئابی ساڵی **1931**، لە شاری کۆیە لە دایکبوە لە ژیانیدا زۆر تێکۆشان و خەباتیکردوە و لە دژی ڕژێمی بەعس ڕۆڵی گرنگی گێڕاوە و لە خەباتی نهێنی ناو شاردا خەباتیکردوە، لە مانگی ئایاری ساڵی **1988**، لەلایەن ڕژێمەوە ڕەوانەی زیندان دەکرێت و ئەشکەنجەی زۆری لێکراوە، خۆڕاگری زۆریکردوە، لە زیندانی موسڵدا لە سێدارە دەدرێت و تەرمەکەی بۆ شاری کۆیە دەنێردرێتەوە و بە مەراسیمی شایستە لەلایەن گەلەوە بە خاکی دەسپێرن و گوڵبارانیانکردوە.

**17**- میرنشینی سۆران لەسەدەی **12**ی ز دا لەرەواندوز دامەزراوە، بە شێوەیەکی بۆ ماوەیی فەرمانڕەوایەتی بەڕێوە براوە، خانزادی میری سۆران هەرگیز ناوی لە تۆماری ئەو کاروانە کاڵ نابێتەوە، کە ڕۆڵیان گێڕاوە و هەر پرشنگدارە، خانزادی میری سۆران میراسێکە ژنان شانازی پێوە دەکەن، چونکە لە سەردەمی دەسەڵاتی پیاوسالارییدا زۆر بە دەگمەن ژن بەم شێوەیە

کارامە و بوێر دەرکەوتون، ناویان ئاوا شکۆدارانە کردۆتە سەلمێنەرێک، کە ژن هەڵگری توخمی خۆیەتی و خاوەندارێتی لە مێژوی دایکسالاریکردوە.

خانزادی میری سۆران: لە ساڵانی **1555** ز- **1615**ژیاوە، کچی حەسەن شاکەلی بەگ و خوشکی میر سلێمانی میری سۆرانە لە رەواندوز پایتەختی میری سۆران فەرمانڕەوایەتی کردوە، ماوەی**13**ساڵ لەم دەڤەرەدا میرێتیکردوە بە شاژنی هەرێمی سۆران ناوبانگدەردەکات.

ناوچەکەی بەو پەڕی وریاییەوە بەڕێوە بردوە، دانیشتوانەکەی پێی قایلبون و رێزیان لێگرتوە، لە سەردەمی میر سلێمان بەگی برایدا وەزیری ناوخۆ بوە، لە دوای کوژرانی براکەی بە دەستی لەشکری تورک، خانزاد دەبێت بە میر و فەرمانڕەوایەدەکات ئازا و سوار چاکبوە، هەمیشە چەکی هەڵگرتوە، لە کاتی شەڕدا جلی سەربازی لەبەر کردوە پێشەنگی سەربازەکانیبوە، لە پێناو دابینکردنی پێداویستیەکانیاندا گوێی لە هەژارانگرتوە.

خانزاد بەرامبەر بە دزی و دەستدرێژی و تاڵانی توندوتیژ بوە، یەکەم خاڵی جیاکەرەوە لە نێوان ئەو میر سلێمانی برایدا ئەوە بوە، کە ددانی بە دەسەڵاتی عوسمانیدا نەناوە، بۆیە هەتا خانزاد لەسەر حوکم مایەوە میرنشینەکەی بە سەربەخۆی هێشتۆتەوە، تایبەتمەندی زۆر گرنگی میر خانزاد ئەوە بوە، کە حەزی لە هاوسەرگیری نەکردوە هۆیەکەیشی ئەوە بوە، کە نەیویستوە،





کەسێک بەسەریدا زاڵبێت، تایبەتمەندی سەربەخۆییون لای خانزاد بۆتە هۆی ئەوەی بەهێز و ئیرادەی خۆی بژی.

لە دوای کوشتنی سلێمان بەگی برای عەلی برازای منداڵ بووە، بۆیە ئەو شوێنی براکەی دەگرێتەوە، بەڵام لە نەریتی کورددا بە میراتگری فەرمانڕەوایەتی ماوەتەوە بۆ باوک یان برا بێ جیاوازی کچ یان کوڕ، بەڵام بە مەرجێک لێهاتو بوبێت، شاری رەواندوز لەکۆندا شارێکی گەورە بوە، پێش داگیرکردنی ناوچەکە میرانی سۆران کردبویان بە پایتەختی میرنشینەکەیان، ببوە ئامانجی داگیر کردن. کە هەواڵی کوشتنی میر سلێمانی برای بە خانزاد دەگات، لە قەڵاکەی خۆیدا ماندەگرێت، قەڵاکەی بەسەر کێوی حەریردا دەڕوانێت و تا کۆتایی حوکمڕانیەکەی پابەندی بڕیارەکەی دەبێت.

خانزاد لە کاتی فەرمانڕەوایەتی خۆیدا زۆر قەڵا و دامەزراوەی دروستکردوە، لەوانە مزگەوت و قوتابخانە و پرد، تا ئێستاش زۆریان پاشماوەیانماوە، لە تەمەنی**50**ساڵیدا کۆچیدوایی دەکات.

**18-** حەپسە خانی نەقیب: یەکێکە لە بەتواناترین ژنی ئەو سەردەمەی خۆی و ئامۆزای شێخ مەحمودی نەمر بوە، یەکێکبوە لەو ژنانەی لە شاری سلێمانیدا لە دژی ئینتیدابی بەریتانیا بوە تێگەیشتو لێهاتبوە، بەرپرسیارێتی ئەو تیپە ئەفسەرە بەریتانیایەی پێدەدرێت، کە لە شەڕی ساڵی**1919**دا لە دەربەندی بازیان بەدیلیان گرتبون، ئەو کاتەی شێخ مەحمود بە دیلی و بریندار کەوتبوە دەست، هەموو لایەک تەگبیریان بەم خانمە

کردوە، بە هۆی مامەڵەی دادپەروەرانەی لەگەڵ دیلە بەریتانیاکان کاریگەری لەسەر کەمکردنەوەی سزای لە سێدارەدانی شێخ مەحمود هەبوە، بۆ زیندانی هەتاهەتایی و دوایش بە تەواوی ئازادکردنی. لە کاری وڵاتدا یارمەتیدەرێکی بەهێزی شێخ مەحمود بوە، ساڵی **1920**بۆ**1930** نەتەوە یەکگرتوەکانی لە جنێف بۆ پاراستنی مافی کورد کردوە بە ئامانج و چەندین جار نامەی تایبەتی بۆ ناردون و باسی مافی کوردی کردوە، ئەمە بەڵگەیە بۆ زیندویی و ئاستی هوشیاری ئەو ژنە لەو سەردەمەدا.

لە سەردەمی جەنگی جیهانی دووەمدا **1939–1945**، کە برسێتی روی لە جیهانکردوە، کەمدەرامەتی کاریگەری لەسەر کوردستانیش هەبوە، کۆمەڵێک ژن لە رێگەی بەیاننامەیەکەوە داوای دامەزراندنی لیژنەیەکی باربۆی گشتی بۆ یارمەتیدانی هەژاران دەکەن، حەپسەخان یەکەم ئەندامی لیژنەکە بوە، لە بەڵگەنامەکانی ئینگلیزدا باس لەم ژنە گەورەیە کراوە.

رۆڵی لە بەرپەرچدانەوەی داب و نەریتی کۆنی کۆمەڵگە و هوشیار کردنەوەی ژناندا هەبوە، لە ساڵی **1926**دا یەکەم قوتابخانەی کچان و ژنانی کردۆتەوە و داوای خوێندنی لێکردون، لەم هەوڵەیدا پیرەمێردی شاعیریش یارمەتیداوە، چونکە ئەویش لایەنگری ئەوە بوە کچ بخوێنێت، هەمیشە وتویەتی نابێت نیوەی کۆمەڵگە لە خوێندن بێبەش بێت.

شێخی نەمر لە کارەکانیدا گفتوگۆکانی بە سەرەکی وەرگرتوە، زەمینەیەکی باشی بۆ چاوکردنەوەی ژنان رەخساندوە، لە





ساڵی **1953**دا کۆچی دوایدەکات و میراسێکی گەورە لە خەبات بەجێدەهێڵێت.

**19–** یەکێکیتر لەو ژنانەی لە سەردەمی حەپسەخانی نەقیبدا ژیاوە نزیکبوە لێی، بەشداری هەڵمەتی هوشیار کردنەوەی کۆمەڵگەی لە بواری خوێندندا کردوە، فاتیمە محێدین بوە، لەو خوێندنگەیەی حەپسەخانی نەقیب کردویەتیەوە، یەکەم مامۆستای کچانبوە، بەهیە محێدینی خوشکیشی یەکەم ژنبوە لە بواری شانۆگەریەکدا رۆڵی دایکی بینیوە.

**20–** ئەختەری رەشۆڵ: لە سلێمانی لە سەردەمی داگیرکاری ئینگلیزدا لە رێپێوانێکی دژ بە ئینگلیزدا بەشداریکردوە و رۆڵی سەرەکی لە پێشەوەی رێپێوانەکەدا بینیوە، لەو رێپێوانەدا گوللەباران دەکرێت و لەگەڵ کۆمەڵێک کەسیتردا دەکوژرێت.

**21–** لە شاری قەڵادزێ یەکێک لە ژنە ناودارەکان فاتیمەخانە، کە هوشیار و خاوەن متمانەی گەلبوە، لە سەردەمی داگیرکاری بەریتانیادا ژیاوە و سەرپەرشتی**8** گوندی لە دوای مردنی مێردەکەی کردوە، گەورەی هۆزی میراودەلی بوە، بەشداری لەو شەڕانەدا کردوە، کە دژ بە کورد کراون، لە شەڕێکدا لە چیای ئاسۆس دژ بە هێزی ئینگلیز جەنگاوە.

**22–** عادیلە خانمی هەڵەبجەیی: کچی ئەحمەد پاشای جاف و تێکەڵ بە بنەماڵەی ئەردەلانیەکان بون، ژنێکی زاناو بوێر بوە لە ساڵی **1859**دا هاتۆتە دنیاوە، لە هەڵەبجە ژیاوە ماوەی

**15**ساڵ کار بە دەستبوە، بەریتانیا هەمیشە راوێژی لەگەڵدا کردوە، دەستی بەسەر هەڵەبجە و شارەزوردا گرتوە، لە کاتی عادیلە خاندا هەڵەبجە زۆر بایەخپێدراو بوە. ئەو کاتەی تورکەکان ویستویانە هەڵەبجە بە خۆیانەوە ببەستنەوە، لە رێگەی رایەڵەکردنی تەلی کارەبا و تەلەفۆنەوە، ئەو رێگایە بە فەرمانی ئەم ژنە دەبڕێت و هەواڵ بۆ ئەستەنبۆڵ دەنێرێت، کە ئامادە نییە تەلی کارەبا چاک بکاتەوە، چونکە حەز بە چارەی تورک ناکات، هەتا کۆتایی شەڕی جیهانی دوەم ناوچەی شارەزور بە گشتی لە دەستی تورکەکان دابڕێنراوە.

ئەم تێکۆشانەی ژنان لە مێژودا شاردراوەیە، سەرەڕای خەبات و هوشیاریان، بەڵام بە حوکمی سیستەمی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کەلتوری و نەبونی مێژویەکی نوسراوە بە مۆرک و قەڵەمی کورد، بۆیە ئەوەی رۆژهەڵاتناسەکان نوسیویانە کەم و کورتن، چ جای مێژوی ژن هیچ باسنەکراوە.

عادیلە خانم لە ساڵی **1924** کۆچی دواییکردوە، گۆڕەکەی لە شاری هەڵەبجەیە، هەتا ساڵی**1957**یش گۆڕەکەی بێخزمەت بوە، بە پێی سەرچاوەکان لەسەر راسپاردەی عادیلە خانم خۆی گۆڕەکەی پشتگوێخراوە، کە نیشانەی سادەیی بونیەتی، چونکە لە دوای مردن باوەڕی بەوە نەبوە گۆڕەکەی برازێنرێتەوە.

**23**–بەهیە ئیبراهیم: ناسراوە بە دایکی جەمال یەکەم گۆرانی بێژی کورد بوە، یەکەم کەسیش بوە لە شاری سلێمانی،





ساڵی**1927**–**1928**گۆرانی تۆمار کردوە، ساڵی**1908**لە دایکبوە و دەنگی خۆشبوە، ساڵی**1978** کۆچی دوایی کردوە، گۆرانییەکانی لە ئەرشیفی رادیۆی بەغداد پارێزراون.

### 6– نامۆبون لە جەوهەر نامۆ بونە لە سروشت

جەوهەر هەستی ناوەکی و بواری راستەقینەی بیر و هزر و راستی سەرگوزەشتەی ناخی مرۆڤە رەهەندەکانی ژیانێتی، کە لە بناغە و هزریدا رەنگدەداتەوە و کار دەکەنە سەر رەفتار و ئاکاری و پەنهانی نیە و رونە، هەروەک چۆن تەواوی دیاردەکان لە سەرەتایی کاروانگەی منداڵیدا گەشە دەکەن و شێوە دەگرن، جەوهەری مرۆڤیش لەو چاخەوە گەشە دەکات و تێپەڕی قەڵەمباز دەبێت، ئاگادارانە و لەسەرخۆ گەورە دەکرێت، دابو نەریت و یاسا و ناوەند و ژینگە کاریگەرن لەسەری و شێوەیەکیتری دەدەنێ، بەم پێیە گرنگی پێدەدرێت یان دەکەوێتە ژێر فشارەوە.

بێگومان مرۆڤ لە یەکەم رێکخستنی کەسایەتیدا شێوەیەک وەردەگرێت و تەواوی تایبەتمەندیەکانی بە هەموو بوارەکانەوە دیاریدەکرێت، رەنگدانەوەی ئەو بارودۆخەی تیایدا دەژی و شێوەی بەخێوکردن و پەروەردەکردنی، لە پاشاندا پێکهێنانی پەیوەندییە ناوخۆیی و دەرەکیەکانی پێکهاتەیەکی کەسایەتی پێدەبەخشن، جەوهەری مرۆڤیش لەسەر ئەم بنەمایە پێشدەکەوێت، واتە کۆبونەوەی قوڵاییەکی راستەقینە و هەڵوێستە بەرامبەر بە هەر دیاردەیەک و نواندنی رەسەنایەتی و ئەو داب و کلتور و بەهایانەیە، کە پیرۆزن و شوێن متمانەی مرۆڤ و کۆمەڵن یان بە پێچەوانەوە.

هەرچەندە یەکەم دەرکەوتـەی مـرۆڤ لـە تەمـەنی منداڵیـدا، لەسـەر بنـچینەی پوختـەی جەوهـەرێکی رون و ئاوێتـە لەگـەڵ سروشتی خۆی و کۆمەڵگەکـەی لـە قۆناغـەکانی نـوێی تەمەنیـدا سروشتیە، بەڵام ئەگـەری زەمینـەی بـەهێزکردن و پاراسـتن، لـە هەمانکاتدا نامۆبون و دورکەوتنەوە لێـی لـە ئارادایـە، لـەم کاتـەدا ئاستی هزری و زرنگی مرۆڤ لە کام چـین و کـام تەمەنـدا بێـت، یەکەم فاکتەرە بۆ بە دەستهێنانی هەردو بوارەکە.

یـاخود دەتوانرێـت بوترێـت جەوهـەری مـرۆڤ بـە تایبـەتی کەڵەکـەبونی هوشـیاری نەتـەوەیی و کلتـوری و فەرهـەنگی کەسایەتی، لە رێگەی بگێڕی هۆش و بیـرەوە پـەیڕەو دەکرێـت، ئیدی لەهەردو روەکەیەوە، چـونکە لـە پێـشدا مـرۆڤ متمانـە بـە گەلێک پێوان و یاسای سروشتی دەهێنێت، لە رێگەی هەسـتیاری خۆییەوە سەرنجیان رادەکێشێت، بە پێی سادەیی کەسایەتی خـۆی واتایان پێدەبەخشێت، لە کاتێکدا فـشارە بـە ئەسـتەمەکان باڵیـان بەسـەردا نەکێـشاوە و هێـشتا لـە سـەرەتای هەسـتپێکردنیاندایە، لەبەرامبەر ئەو دیمەنانەش خەیاڵی جیاواز دەکات، کە دەگاتە ئاستی ناکۆکی و ململانێی، لەم کاتەدا مشتومڕی دەرکپێکردن دەکەونەڕو، لەهەمانکاتـدا تواندنـەوە لـە ژێـر بـاڵی فـشاری ئـەو گوشـارانەی ئاراستەی دەکرێت، لەم ساتەدا هەم ئاستی هۆشـیاری کۆمەڵگـە و هەم وریایی و تایبەتمەندی کۆمەڵایەتی ئەو مرۆڤەش گرنگـە بـۆ پێگەیاندنی.





کلتوری دایکسالاری یەکەم قۆناغی سروشتیبونی مرۆڤە، لـەم قۆناغەدا دورە لـە توندوتیـژی و نایەکسانی و بێدادی، سـود لـە سروشت وەردەگرێت و دیاردەکـان کاریگـەری لـە هـزر و بیـری دەکات، هەمان تیشکدانەوە لـە نـاخی قوڵیـدا رەگ دادەکوتێـت و پاشان لە کـردار و ژیانیـدا هەڵوێـستەکانی دیاریـدەکات، واتـە بـە گوێرەی پێداویستی و فـەرمانی نـاوەڕۆکی خۆیـان کـار و ئـەرکی رۆژانەیان بەڕێوە دەبەن، ژن لەم قۆناغەدا بە گـوێرەی سیـستەمی ژیانی کلتورێکی دادپـەروەری بونیادنـاوە، کـە بـاوەڕی پێیـەتی و تێکـڕای ئـەم ئاکارانـە دەگرێتـەوە و پەیوەسـتە بـە چـۆنیەتی هەڵسوکەوتکردن لە ژیانیدا.

ئـەو بارودۆخـەی ئافراندویـەتی و مـۆرکی خـۆی لێـداوە، پێداویستیەکانی لە ژیان و بەڕێوەبردن و بەرگریکردن لە ناوەڕۆکی خۆی پڕ چەکدەکات، وەلێ بـە کـەوتنی کلتـوری دایکـسالاری و گۆڕینی هەلومەرج، کە ئیتر دەستنادات ژن وەک خۆی گـوزارە لـە جەوهـەری خۆیبکـات، پێـشکەوتنی ئامێرەکـانی بەرهـەمهێنان و بەرزبونەوەی رادەی بەرهەم و پێویستی کارگێڕیکردنی ئەم رەوشە بە هێزی جەستەیی پیاو، شوێنی ژن دەگرێتـەوە و پیـاو سـالاری پێڕەو دادەمەزرێنێت.

لە ئەنجامی دەرکەوتنی ناکۆکی و پێـشبڕکێ لـەنێوان هـەردو کلتـوردا و یـەزدانی ژن و پیـاودا سـتەمکاری پێـشدەکەوێت، لـە ناوەڕۆک دورکەوتنەوە و ژێر دەستەکردن بۆ پەیوەستکردنی مرۆڤ بە چینی سەرەوە دەستپێدەکات، واتە هەر لەگەڵ ئـەم قۆناغـەدا و

کەوتنە قۆناغی کۆیلایەتیەوە، ژن لە ناوەڕۆکی خۆی نامۆ کرا و دور خرایەوە، نامۆکردنی مرۆڤایەتی بە گشتی لە سروشت و ناوەڕۆکی خۆی پێشکەوت، هەموو یاسا سروشتی و مرۆییەکان خرانە ژێر زەبری چینی سەر دەستەوە و دەستگیرکردنی ئیرادەی مرۆڤ قۆناغ بە قۆناغ چڕتر بوییەوە و مرۆڤایەتی لە کلتور و بەهای نەتەوەیی و مرۆییانەی خۆی بێبەشکرا، هەموو بوارە سروشتیەکان و ژیان خرانە ژێر یەک دەسەڵاتەوە.

بێگومان ئەم رەوشە بەرژەوەندی چینی سەردەست بەهێزتر دەکات، رۆژ لە دوای رۆژ بەهاکان دەشێوێنرێت و مافی مرۆڤ هەتا ژینگە و دەروبەر و گشت زیندەوەران و گیانلەبەرانیتر پێشێل دەکرێت، لە ئەنجامی باڵا دەستیکردن و بە جانەوەرکردنی زانست و تەکنۆلۆژیا لەم ناوەندەدا، کە لە ژێر رکێفی دەسەڵاتداییە و نیوەی یان زۆربەی مرۆڤایەتی بەرەو تواندنەوەی مۆراڵ و هەژاری و بێبەشبون لە هەموو بوارەکانی ژیان دەچن، پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیاش تەنها بۆ راژەکردنە بەم چینە سەردەستە.

لەم چوارچێوەیەدا مرۆڤ پێویستی بە لاساییکردنەوە و بەهەند وەرگرتنی شێوەکارییەکی بیانی بینیوە، وردە وردە لە جەوهەری سروشتی و راستەقینەی خۆی دەرکەوتوە، بەرەو قەیرانی بچوکردنەوە و توانجدان لە داب و نەریت و کلتوری خود رۆیشتوە و بە تەواویش خۆی نەگەیاندۆتە کلتوری سەردەست، بەم رەنگە لەنێوان دو جەمسەریی و دو کلتور و خلیسکاندن بەرەو بێ ناسنامەیی و دەستەیەکی رواڵەتی و بێناوەڕۆک هەڵوەستەیکردوە.





لە پێناو سنوردانان لە بەردەم پەرتەوازەبونی ناوەڕۆکی مرۆیی و چەواشەکردنی کەسایەتی تاک، بەرزکردنەوەی ئاست و بیرو رامانی کۆمەڵگە پێویستە بە پلەی یەکەم لە رێگەی بە سەرەکی وەرگرتنی "بیرسای" لۆژیکی تاکێکی بە ویستەیی و هوشیار و پەروەردە کراوە وە، کە راژە بە کۆمەڵگە بکات و راژەکردنەوەی کۆمەڵگەیەکی هوشیار بۆ ئافراندنی تاکێکی بەم رەنگە ئۆرگانیزە بکرێت، هەروەها لە چاولێکەری کلتور و کۆمەڵگەی بێگانە زیاتر، گەڕانەوە بۆ ناسینی جەوهەری رەسەنایەتی و کلتوری خۆیی، لە شوێنی خۆ هەڵواسین بە روخساری بێ ناوەڕۆکی بیانی، رەچاوکردنەوەی مێژویی لە دەستدراوی مرۆڤایەتی و ژیاندنەوەی چاخی نئۆلۆتیک بە هزرێکی هاوچەرخ و دیموکراسیانە.

ئەمە بە هاوکاری ئەو کەسیەتییەی یەکەمجار لە ناوەڕۆکی خۆی ون دەکرێت و لە کەسایەتی و پێکهاتەی سروشتی خۆی نغرۆ دەکرێت، واتە ژن دیسانەوە دەتوانێت ببێتە فێرکار و پەروەردەکاری کۆمەڵگە و منداڵان بە تایبەتی بۆ وەرگرتنی بناغەیەکی پتەوی هوشیاری زانستی و کلتوری و بەرهەمهێنانی تاکێکی بە ناوەڕۆک و بەهێز و پەیوەست بە بەهاکانەوە، تا بتوانێت خەیاڵە سروشتیەکانی پەیوەست بە جەوهەری راستەقینەی خۆی

لەسەر پێ بهێڵێتەوە، ئەمە بە شۆڕشێکی هزری و ویژدانی لەسەر بنەمایەکی زانستی پەیڕەو دەکرێت.[9]

**7- چۆن تەکنۆلۆژیا ژینگە دەکوژێت**

ئەمڕۆ لە قۆناغێکداین گۆڕانکاری سات بە سات لە برەودایە، بەرزبونەوەی ئاستی تەکنۆلۆژی، کە وردە وردە وڵاتی ئێمەش دەگرێتەوە، مرۆڤایەتی لەگەڵ خۆیدا راپێچی پێشکەوتنی گەورە دەکات.

لەگەڵ بەرزبونەوەی ئاستی تەکنیک و بەرفراوانبونیدا، سەرەڕای سود و لایەنە باش و گۆڕانکاریەکانی وەک کۆسپ نەهێشتنەوە لە نێوان مرۆڤ بە گشتیدا و لە یەکتر نزیکبونەوە و دەنگ گەیشتنە یەکتر و تێکەڵبونی پەیوەندی و ئاستە کۆمەڵایەتیەکان، فاکتەرێکە بۆ بەهێزبونی لایەنی رۆشنبیری و گۆڕانی کۆمەڵگە و هەڵچونی فیکری و عەقڵی خەڵک، هەروەها نزیکبونەوەی مرۆڤ لەیەکتر لە لایەنی سیاسی و راگەیاندن و کلتورییەوە، هۆکارێکە بۆ شکاندنی دیواری کۆنی نەریت و کۆمەڵگە خێڵەکیەکان، ئەمە لە ئاستی ژنیشدا هەروایە، بێجگە لەو کەموکوڕیانەی تەکنۆلۆژیا هەیەتی، وەک کاریگەریدانان لەسەر لایەنی ورەیی مرۆڤ و لاواز هێشتنەوە و دورخستنەوەی لە بەکارهێنانی هێزی دەست و بازو.

[9] - لە ژمارە"سفر"ی رۆژی 2004/6/30ی رۆژنامەی تروسکەدا بە ناوی بەرخودانەوە دابەزیوە.





یەکێکیتر لەو بوارانەی زیانی پێدەگات ژینگەیە، ئاشکرایە هەر لەگەڵ گۆڕانی پێڕەوی کۆمەڵگەکاندا، ژینگەش جیاوازییەکی زۆرتر بە خۆیەوە دەبینێت، بەرزبونەوەی ئاستی شەڕ و ناکۆکیەکان مرۆڤی بەرەو لە یەکجودابونەوە و کینە راکێشاوە، نەفرین و تۆڵەسەندنەوە و داگیرکاری شوێنی پێکەوە ژیان و ئاشتی و زمانی لە یەکتر تێگەیشتنی گرتەوە و مرۆڤ لە ناوەڕۆک و هەستدا زیانێکی گەورەی پێگەیشتوە.

سروشت بە گشتی توشی سوتان و کەمبونەوە و هەڵپڕوکانی کیمیایی بۆتەوە و سەوزایی و سروشت بەرەو کەمیرۆیشتون، ئامێرە تەکنیکیەکانی شەڕ و خوێنڕشتن ئەم زیانەیان هێنا، ئەو رۆحە دڕندایەتیەی لە مرۆڤدا دروستیکرد، گەیشتە ئاستی ئەوەی مرۆڤ بە دەستی خۆیان بکوژن، هەمان رێچکە لە بەرامبەر سروشتیش گیراوەتە بەر، کەوتنە گیانی ئاژەڵە کێویەکان و کۆکوژی درەختی سەوز و نەمام و دارستان و گیانلەبەری کێوی براندەوە، رەنگ و جوانی و تێری دارستان و سروشت بەرەو لاوازی رۆیشت.

لەلایەکیترەوە مرۆڤ ئیتر لە پڕەنسیبی پاکی زەردەشتی، کە دەڵێت"دار مەبڕەوە، خاک بریندار مەکە، سەوزایی مەکوژە" لایاندا و پێشێلیانکرد، زەردەشت قوربانیکردنی ئاژەڵ و سەربڕینیان سنوردار دەکات، کە مرۆڤ بە تەواوی لێی لاتەریکبوە.

ئەمانە هۆکاری پێشکەوتنی تەکنیک و ئامێرە قورسەکانی شەڕن، کە بە هەزاران کۆمەڵکوژی مرۆڤ و خوێنڕشتن و دڵسوتان و کۆچبەری و هەژاری و نەزانی و هەڵوێستی بێویژدان و

نامرۆیانەی لێکەوتۆتەوە، هەروەها زۆربونی ژمارەی ئۆتۆمبیل و کارگە و شوێنە گشتیەکان و رادەی گەرما و دووکەڵ و چەوری زۆرتر کردوە، کە هەوا دەگۆڕێت و بەرەو پیسبونی ژینگەش دەچێت، دروستکردنی کارگە لە ناوەندی شاردا زیاتر کاریگەری لە هەوا کردوە بە تایبەتی لە شوێنە گەرمەکاندا، کە جێگای نەوت و پترۆڵن، تێکەڵ بەم شوێنانەیتر کار لە گەرمبون و پیسبونی هەوا و کەمبونەوەی سەرچاوە ئاویەکان دەکات و هەوا خەست و چڕتر دەکاتەوە، لە چڕی و رادەی سروشتی خۆی دەردەکەوێت.

هەتا رەوتی سروشتی وەرزەکان و رادەی بارانبارین و پلەی گەرما تێکدەچێت، واتە جۆرێکی ناهاوسەنگ لە گەردونەدا دەردەکەوێت، هەر لە نالەباربونی رەوتی سروشتی گەردون تا گرتنەوەی ژیانی مرۆڤ بە هەموو بوارەکانیەوە، ئەمە لە دوا رۆژدا لەوانەیە تەقینەوەی گەورەی لێبکەوێتەوە، پێویستە سەرچاوە ئاویەکان بپارێزرێت و پرۆژەی تایبەتی بۆ پێشبخرێت، پیسبونی ژینگە و دەروبەر و پارێزگاری لێنەکردنی و گەرمبونی هەوا و پیسبونی، مرۆڤ روبەڕوی زۆر نەخۆشی دەکاتەوە و هاوسەنگی باری تەندروستی تێکدەدات، هەروەک چۆن هاوسەنگی بارودۆخ و کەش و هەوا تێکدەدات و تای تەرازوی بە لایەکدا دەشکێنێتەوە.

هەژاری و پێشنەکەوتوی کۆمەڵگە لە هەموو لایەنێکی هزری و کۆمەڵایەتی و تەندروستیەوە قورسایی ئەم بارە زیاتر دەکات، لەبەرئەوە پێش هەموو شتێک بەهێز کردنی لایەنی هزری و فیکریی بنەمای پێشکەوتنی لایەنەکانیترە، بەرەو پێشبردنی پێداویستیە تەندروستیەکان و گرنگیدان بە شێوازی بەکارهێنان و





دەوڵەمەند کردنی هوشیاری کۆمەڵگە، لەلایەنی بەرز کردنەوەی ئاستی کۆمەڵایەتی و ئاکاردا، گرنگیدان و هوشیاری پەیداکردن بەو تەکنیکە نوێیە پێشدەخات.

بە مەرجێک بەکارهێنانی لە خزمەتی کۆمەڵگەدا بێت، بتوانرێت سودی لێوەربگیرێت، نەوەک مرۆڤ لە خزمەتی تەکنیکدا بێت، وەک لە رۆژئاوا رودەدات، کەواتە پێشکەوتنی رادەی پاراستنی ژینگە و سروشت پابەندی پێشکەوتنی رادەی زانایی کۆمەڵگەیە و راستەوخۆ کار لە بوارەکانیتری ژیان دەکات و بەرزی دەکاتەوە.[10]

**باسی سێهەم:**

## 1– ڤیان ژیانە و هەر دەژی

×ئەوانەی گەورەییەکان روە و کەسایەتی خۆیان ئاراستەگیر دەکەن، ئەوانەی نرخ و بەها لە کەسایەتی خۆیاندا کۆدەکەنەوە، ئەوانەی پانتایی دڵیان بۆ هەموو قورسایی بیر و خۆشەویستی مرۆڤ دەکەنەوە، ئەوانەی هەموو هێزی سۆما و تینی چاوەکانیان بۆ رونکردنەوەی راستییە حەشاردراوەکان دەبزوێنن، ئەوانەی دەریایەکن لە بیر و هزر و ئەڤین، سەردەمێکن لە ژیان و مێژو، سەرمایەکن لە هەست و سۆز و گەورەی، ئەوانەی وەک خۆیان دەڵێن "گاڵتە بە مردن دەکەن" هەر ئەوانەن دەبنە کڵاوسی ئەو قافلانەی روە و خۆر هەڵدەزنێن و شۆڕش لە کەسایەتی خۆیاندا

---

[10] - لە ژمارە"1" پێنجشەمە 2004/7/15 لە رۆژنامەی تروسکە بڵاوبۆتەوە.

زیندو دەهێڵنەوە و هەرگیز نامرن، ئەوان خۆیان دەبنە مانیفستۆ و دەبنە پەیڕەو و ئەو یاسا سروشتیانەی لە ئەزەلەوە و لە گەردوندا بوونیان هەیە.

×ئەوان لەو ساتەوە دەبنەوە بە ساوا هەمیشە نوستوەکەی خاک و ئارامدەگرن، رۆحیان دەفڕێت و ئۆقرە ناگرێت لە کەوشەنێکدا ناسرەون، رۆژانە گەورەتر دەبن و زیاتر لە جاران زەوی دڵ و رۆح و هەست و مێشکی مرۆڤەکانی زەمین دەکێڵن و رەگ دادەکوتن.

×هەڤاڵ ڤیان جاران تەوارێکی بەرزەفڕ بو لە لوتکەی نیشتنەوە دەگەڕا، هەنوکەش لە بڵندترین ترۆپکدا سەما دەکات، سەردەمێکبو لێگەڕێکی ئازادیبو، ئێستاش لە ئاسمانی ئازادیدا لەنگەری گرتوە، ئەو لە شاخە سەرکەشەکاندا هەڵوەدایەکی لێزانی دایکەی سروشت بوو، ئەمێستاکەش بۆتە چێنکەیەک لە چیادا، ئەو وەک راستیەک لەسەر بنجی خۆی روایەوە، لە مادایەکی زۆر کورتدا بەو ناونیشانەی لە ئاپۆیزمەوە وەریگرتبو سەفەریکرد و بوە سەدا و "سیرەیەک" لە میحرابی مێژودا، لە گەڕانەوەدا لە تەکییەکەی زەردەشتەوە شوعلەیەکی لە روناکی ئاگرەکەی بەرهەمهێنا و لەو سەردەمانەوەی شوێن پێکانی روناکی و ئاگری پیرۆز و یەکەم دۆزینەوەی ئاگری یەزدانەکانی نیۆلۆتیک و تینی سوتماکی **8**ی مارس و بازنە ئاگرینیەکەی زەکیە و رەهشانی کردە سوێند.

×پەروانە ئاسا دوای چەند وەرزێک لە تەمەنە بەهارییەکەی هەر بەو شوعلە و ئاگری ئەو چرایە بوو بە جەستەیەک لە گڕکان، لێ ئەو رۆحە پاکیزەیەی تا هەتایە وەک سرود و گاتاکان قەت ون





نابێت، لەگەڵ نوسینەوەی هەر دەقێکی تازەی نمایشی ژیندا بە کۆڕاڵ دەخوێنرێتەوە، قیبلەیە بۆ کۆششی ژنان و رێبوارانی وێڵی ئازادی.

×تۆ بویتە لوتکەی نەمری و لە جاڕدان و هاواری ژیاندا تۆ ژیانی و تۆمان بەبیر دێنێتەوە لە هەڵدانەوەی روپەل و شاکاری نووسینەوەکانماندا تۆ هەیت و تۆ دروشمی نەمریت و دەنوسرێیتەوە، لە کازیوە و بولێڵی سەحەراندا تۆی فریشتەی زەردەخەنەی سپێدەمان لێبەشدەکەیت، لەسەر هەڵبڕین بۆ زەردەپەڕ و ئاسۆگی ئێوارانـدا تۆی کچە زیوینەکەی مانگ و تۆی خۆرەتا و لە پەڕپەڕۆچکەی ئاسماندا وەک ئاڵا دەشەکێیتەوە.

×ئیدی، کە روبەڕوی چیا بوینەوە تۆ لە کەشکۆڵەکەیدا دەخوێنینەوە، تۆ لە نساریدا بەدیدەکەین ئیدی، کە لە حزوری سروشت و خوداوەندەکانیدا وچاندەدەین، چیرۆکی داستانە ئاگرینیەکەت و نەترەی تۆمان بە گوێدا دەچرپێنێت، ئیدی شاخ باسی سوربونی تۆ و باران باس لە دەرونی سەوزت و زەوی و کانی شاهێدی شەکەتی پێیەکانت دەدات و کێو و تەلان گەواهی بۆ رەوتە بێ پەشیمانیەکەت دەدات.

×مەتەرێز تاجە شکۆمەندیەکەت لە یاد دەگرێت، تۆ رێنسانسی ئەو چەرخەی لە بەرداشی سەردەمدا دەزریکێنیت، تۆ ئایندەیت نەوەی دوارۆژە بەشکۆکانیت، تۆی فریادرەس بۆ وڵاتی بە خۆڵەمێشبونی لاشە بێزارەکانی ژنان، تۆ ڤیانی تۆ ژیانی قەت نامریت، تۆ پەیکەری ئاگری نەورۆز و هەناسە گڕ گرتوەکەی

زەکیە ئالکان و باڵا ئاگراوییەکەی نەورۆزی مامەیارەی سلێمانیت، ئیدی"ڤیان" هەڵەموتێکە لە واتا جەوهەرییەکانی ژیان، لە عەشق و نـەمری و ویـژدان، کەوانێکـە لـە تیریـژ و بیـری پـاکیزەی سەرکردەیەک لە پەرژینێکی بە مەشخەڵ بە دەوری ئەو خـۆرەی هەرگیز بەند ناکرێت، گەردونێکە بە یاسا مێینەکانی خۆی ڕێـسای ژیان دادەڕێژێت.

×ئەو باش لەو تێگەیە تێر بوو" گەلی بێ ڕێبەر و ناسنامە ڕوباری نەهامەتی ڕایدەماڵێت" بۆیە خۆیکردە پێشەنگ و بۆ گەل و ژنێکی بێ ناسنامە بوە سوێند، بوە شاڕێ و دیرۆکی ژنانی ئەم وڵاتەی پـڕ لە شانازی و میهر کرد، شەهیدان و تێکۆشانی لە گەڵمانـدا پـڕ تـر زەنوێر و بەشکۆتر کرد.

چێنکە: ئەو گـوڵ و سـەوزییەی لـە چـیادا هـەر بـە سـەوزی دەمێنێتەوە

سیرە: دەنگی هەڵۆ و باز

نەترە: ووره، هەترەش[11]

## 2– ڤیانی سەرکردە چاوگی ورە و جیهانبینی ژن

×تـاکی کـورد دەرکەوتـەی ڕەوشـێکی ئـاڵۆز و قـەیراناوی و کۆمەڵایەتی و نەتەوەیی گەلێکە، کـە لـە سـەردەمی دەرکـەوتنی

[11] - لە ژمارە86ی 2006/6/1ی ڕۆژنامەی ڕۆژی وڵاتدا بڵاو بۆتەوە.





شارستانی چینایەتیەوە بە چەندین تێکشکان و ئاریشە و چەپاندندا تێپەڕیوە، لێرەوە نەریت و کلتوری جۆراوجۆر و بە پێی ئاستی هزری و پێکهاتەی ڕامیاری و ئاینی و کۆمەڵایەتی و کۆنەپەرستانەی ئەو کلتورانەی یان سیستەمانەی، کە هاتون و دەستیان بەسەر ئیرادە و واقعی کوردا گرتوە و شێوەیگرتوە و فۆرم و پنتی وەک خۆیـان بـە گەلی کورد و تاکەکانیداوە، شێوەیەکی بێ هێز و خەمباریان بە ناخ و کەسایەتی مرۆڤـەکان بەخـشیوە، ئەمـەش بۆتـە هـۆی لاوازی ئیرادە، لەم سۆنگەیەشەوە مرۆڤی بێ ئیرادە توانـای حکـومکردنی خۆی نامێنێت و ئەم کەسایەتیە دەسـتەمۆ دەبێـت و ئـازاد نابێـت، ئازادی واتای نابێت، ئازادی واتا هاوسـەنگیکردن لـەنێوان ئـاوەز و ئیرادەدا.

×هەڤاڵ ڤیان وەک ڕەگەزی ژن، کە هەسـتیارە بەرامبـەر بـە ژیان و دیاردەکانی، وەک یاخی بونێـک بـۆ گـۆڕینی ئـەو کلتـورە داڕزاوە کۆنەپەستەی ژنی توشـی هـەڵاواردنی ژیـان بـە هـەموو واتاکانی کردوە دەردەکەوێت، هەڤاڵ ڤیان وەک کەسێکی هەستیار و وریـا تێبینـی و تێڕامـانی بەرامبـەر لاوازکردنـی ژنـان و دورخستنەوەیان لە ڕۆڵی کارایان دەبینێت و زیاتر هزر و ئاوەزی لەم بوارەدا گەشە دەکات، واتە ڤیان بە هەوڵ و کەسایەتی توانیویـەتی ئەم لایەنەی ڕاڤەکردن لە خۆیدا کارا بکات و خـۆی لـەو لایەنـە دواکەوتوەی کۆمەڵگە بواردوە، کە ئاوەزی مێینە تەنها لەو بەشـەدا قوڵ و کارا دەکەنەوە، بەشی هـەر مـاڵ بـەڕێوەبردن و ماڵـداری و

شەرم و شورەییە، کە ئەمە ترسناکترین زەبرە هەر لەمنداڵیەوە بەر هزر و ئیرادەی مێینە دەکەوێت.

×لە کۆمەڵێکی بەم رەنگەدا و لە داکەوتێکدا، کە کورد هەرگیز خۆی خاوەنی خود و ئیرادەی خۆی نەبوە، بە زەحمەت رۆحی یاخیبون و کۆششی تێدا سەرهەڵدەدات، پێویستی بە ژێر خانێکی هزری و فیکری هەیە، هەڤاڵ بە بیرێکی فێمینیستانەی مەعریفییەوە چالاکی دەکات، ئەمە نیشانەی ئەو وزە و توانستە قوڵەیە، کە لە ناخەوە ئازارەکان دەخوێنێتەوە و بە تایبەتی ئازارەکانی ژنان لە لوتکەدا دەخوێنێتەوە، پەیامەکەی هەڤاڵ ڤیان چۆن خۆی لە چوارچێوەیەکی فێمێنیستی زانستیدا دەبینێتەوە، بەو هزرەی تا ژن خاوەن ناسنامەی خودی نەبێت، ناسنامەی کۆمەڵگە دیاریناکرێت و ژن بە ئیرادە و ناسنامە دەناسرێتەوە.

×شەهید ڤیان کەسێکی مرۆڤدۆستە، چونکە لە پەیامەکەیدا ماف و ئازادی هەموو مرۆڤ و گەل و ئەتنیک بە دەستەوە دەگرێت، ژنناسە چونکە بانگەشەی گوتارێکی هۆشمەندانەی ژنانە دەکات و بناغە و ئاکامی چالاکیەکەیشی جیهانبینی ژن و ئاوەز و عەقڵ و ئیرادەیە بۆ ژن، ئەمانە پێکهاتەی بیری فێمێنیستیە، لایەنیتری ئەم بیرە، کە هەڤاڵ ڤیان باوەڕی پێیەتی و خەباتی بۆ دەکات، پێویستی بە هاوپەیمانی کۆمەڵایەتی نوێیە لەم سەدە تازەیەدا، کە سەدەی زانست و تەکنۆلۆژیا و کەمکردنەوەی دەسەڵاتی چینایەتی و دەرکەوتن و پێویستی مافە مەدەنی و ژنانییەکانە.





×سەرتاپای پەیامەکەی هەڤاڵ ڤیان پێویستی پەیمانی کۆمەڵایەتییە لەناو ژنان و هەوڵدانە، کە سروشتپارێزی و ئازادی بیر و مافە زەوتکراوەکانێتی لە سەرەتایی مێژودا، ئەو دەڵێت ژن لە سەرەتایی مێژودا زەبر لە پێکهاتە سروشتی و سەربەخۆ و پڕ هێزەکەی کەوتوە، کە دایکسالارییە، بۆیە دەبێت ژنانی میزۆپۆتامیا ئەو مێژوە زانستییانە زیندو بکەنەوە و گیانی ژینگەپارێزی و هێز و ئیرادەی ژنانە و مەدەنیانە و مافە ئابورییەکانیان بە دەستبهێننەوە. جارێکیتر یاساکانی دایک و وزەی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە، کە خۆی لە تێگەیشتن و هێزی بیر و ئاوەزدا دەبینێتەوە نوێبکەنەوە.

×لە داکەوتی پڕ ئەندێشە و قەیرانی رۆژهەڵاتی ناویندا ئەم کەسایەتیانەی، کە بەباکگراوندێکی هزری و دەوڵەمەندی فەرهەنگیەوە بێنە مەیدان دەگمەنن، کە بە هەموو هێز و بوێریانەوە پێداگری لە بانگەواز و پەیامە راستەقینەکەیان بکەن و لەبەردەم سیستەمدا بورکانی هێزیان بتەقێننەوە، گەلە چەوساوەکان بەختی گەیشتنیان بە کات و شوێنی دەرکەوتنی ئەو رابەرە هەیە، کە مێژو دروستیدەکات و مەشخەڵی رابەرایەتی گەلێکی دەداتە دەست، لەم روانگەیەوە ڤیان ئەو کچە بە هەست و بە ویژدانە بو تا بەخشینی گیانیشی ناسۆرییەکانی ژنان و گەل لە کوڵ دەنێت و چالاکییەکەی بانگەوازییە بۆ هوشیاری و تێکۆشانی پێشکەوتنخوازانەی ژنان و راچڵەکاندنی سیستەمەکان، کە لەسەر بەهای مرۆڤ دەژین.

×رابەر و بیرمەندانی ئازادی لە زیندانداا توند دەکەن، ئەو پاکیزە بە هەیبەتە بو، کە نایەڵێت بـەها مرۆیـی و مەعنەوییـەکان لـەناو بچن، بەڵکو چـالاکییەکەی گەڕاندنـەوەی نـرخ و بـەها مرۆیـی و مۆڕاڵییەکانە، بە پێی زانست هەموو مرۆڤێک ئەو بەشەی مێـشکی بەکاریدەهێنێت وەک یەکە، ئەگەرچی لە ژنانـدا زۆرتـرین بەشـی بەکاردێت، بەڵام چۆنێتی بەکارهێنانی ئـەو بەشـەی راهێنـانی لـە یەکێکەوە بۆ یەکێکیتر دەگۆڕێت، هەمیشە کەسە خاوەن توانا و ژنە بوێر و تێکۆشەرەکان قورساییان ئاراستەی ئـەم بوارەیـە، پـەیام و راستگۆترین بانگەوازی لە دوای خۆیان جێدەهێڵن.

×بۆیە ئەمانە دەبنە مێژوو دەبنە سـەرقافڵەی کـاروانێکی روە و ئامانج ئەو، کە دەڵێت ئەم چالاکیەم پاداشتێکە بۆ رەنـج و وەفـا و خۆشەویستی مرۆڤەکان ئەو ئیدیۆلۆژییەی، کـە بـەهێزترین رۆح و مـــۆڕاڵی لێوەردەگرێـــت، ئـــەم رۆحـــە دەکاتـــە نـــەریت وەک تایبەتمەندییەکی بە وەفایی بەجێیدەهێڵێت، هەروەها هەڤاڵ ڤیـان دەیەوێت پڕەنسیب و پەیامەکەی بۆ ئازادی رێبـەر و ژن هـەر بـە نەمر و پاکیزەیی بمێنێتەوە، بۆیە ڤیان بوەتـە ئـەو رۆح و ویژدانـە زیندووەی، کە هەمیشە نەمرە و مردن ئەو تارماییە لەرزۆکەیـە، کـە سڵ لە جەسارەت و ئازادی و ئیرادەی ڤیانی سەرکردە دەکاتەوە.[12]

[12] - لە ژمارە88ی مانگی/2006/6ی رۆژنامەی رۆژی وڵاتدا بلاوبۆتەوە.

## دەروازەی دووەم:

## بەشێک لە بابەتەکانی دوای ساڵی 2006

### باسی یەکەم

### 1- لـە 8 ی مارسـدا دەبێـت پـێ لەسـەر ریفـۆرمێکی کۆمەڵایەتی و کەلتوری دابگرین

×مانەوەی ژێر خانی نـەریتی سیـستەمە کۆنـەکان و بـە کـەم سەیرکردنی ژنان و زاڵکردنـی کلتـوری ئـاینی و تێکـەڵکردنی بـە سیاسـەت بـەهۆی تۆتالیتـاری سیـستەمەکانیانەوە، وایکـردوە چارەسەری کێشەکانی ژنان لە ئەمڕۆدا زۆر سەخت بێت، نمونـەی بەرچاویش یاسـاکانی بـاری کەسـێتیە، کـە بـە زەحمـەت بـواری هەموارکردنیان بۆ دەڕەخسێت، تا ئێـستاش ئـەو پـڕۆژە یاسـایەی لـەپێناو هەموارکردنـدا نێـردراوە بـۆ پەرلـەمان نەگەڕێنراوەتـەوە، هەروەک گومان لە پەسندکردنی  بە گوێرەی خواستی ژنان هەیە، بە تایبەتی لەلایەن لیژنـەی داکـۆکیکردن لـە مـافی ئـافرەت لـە پەرلەماندا.

×لە راستیدا گۆڕینی هەموو ئەو بوارانە، بە گـۆڕینی سیـستەم و عەقڵیەتی تاک و سیستەمی سیاسیەوە بەندە، تـاکێکی گۆڕانخـواز بنەمایە بۆ گۆڕینی سیستەمێکی کاریگەر، ئەمـە هاوکێـشەی ئـەو نمونە دیموکراسیە راستەقینەیە، کـە پێیوایـە دیموکراسـیەت لـە خوارەوە دەستپێدەکات، لە هەمانکاتدا ریفۆرم و گۆڕان لە دەسەڵاتدا زەمینە بۆ فەراهەمکردنی گۆڕانی تاک و کۆمەڵگە پێکدێنێت، نمونە تا شۆڕشی مەزنی **1917**، ژنی روسی کۆیلەی پیاو بو بێ مۆڵەتی





راستەوخۆی ئەو نەیدەتوانی بـە کارێکـەوە سـەرقاڵبێت، لـە دوای ئەوەوە پێگەیەکی گرنگی بە دەستهێنا، کە ڤلادیمێر ویل دەڵێـت، پیاوان پتر لە رابردو بە چاوێکی مرۆڤانەی یەکسانەوە دەڕواننە ژن، تا ئامرازێکی سادە بۆ چێژ وەرگرتن.

×شـــۆڕش و ســـەرهەڵدانەکانی رۆژئـــاوا بـــە ســـەردەمی رێنسانسیشەوە بە ریفـۆرمی بنـەڕەتی هەسـتان و لـە سەرەتاشـدا ریفـۆرمی ئـاینی و جیاکردنـەوەی لـە دەسـەڵاتەکانیتر، گـۆڕینی یاساکانی باری کەسێتی و چاککردنی مافەکانی ژن بون، بە هـۆی بونی گروپێک یـان کەسایەتی گۆڕانخـواز لـەناو ژنانـدا، کـە لـە رابردوودا ئەو گروپانە قورسترین یاسای نەریتیان لەسەر کۆمەڵگـە دانـابو، ژن بـە پلـەی یەکـەم تیایـدا زەرەرمەنـد بـو، لایەنـە زۆر کاریگەرەکانیش هەبونی دۆگما و میتۆدە زۆر میسالی و ئاینیـەکان بون.

×زۆرترینـی بزوتنـەوە فێمینیـستیەکانیش لـەم سـەردەمەوە سەریانهەڵدا و لـە سـەردەمی رێنسانـسەوە فـراوان بـون و چـونە قۆناغێکی نوێوە و بە ژنە کرێکار و لادێنشینەکانیش گەیشتن.

×لە کوردستاندا سەرەڕای **17**ساڵ دەسەڵاتی کوردی، تا ئێـستا رێکخراوێکی ژنانەی مۆدێرن، کە توانای گوزارشتکردن لـە مـافی جەوهەری ژنانی هەبێت و بە هزر و ئایدیایەکی ژنانە و کاریگەر و سـنور بـەزێن دەرنەکـەوتوە و دەرفـەتی دەرکەوتنیـشی لاوازە، هەرچەندە لە ناوچەیەکەوە بـۆ یـەکێکیتر جیـاوازە، لـەو مێـژووەوە ژمارەیـەک رێکخـراو دروسـتبون، بـەڵام سـیما و شـێوەیەکی

ناشیرینیان لەناو کۆمەڵگەدا دروستکردوە و پیاوانیش جەسارەت لەمە وەردەگرن و بە شێوەیەکی ناشایستە قسەیان لەسەر دەکەن، چونکە لە بنەڕەتدا خاوەن سەرمایەیەکی فیکری و دیدێکی فێمینستانە و رۆحێکی تێکەڵاو بە ناخ و ناوەڕۆکی ژنانە هەڵنەقولاون و لە مەسەلەی جێندەردا زۆر لاواز و بگرە پێچەوانەیبون.

×لەمانە زیاتر دروستکراوی پیاون، ئەمە جۆرێکە لە سیاسەتی باڵادەستی پیاوانی دەسەڵات، کە دەخوازێت زەبر لە مەسەلەی ژن بدات، تا لە نوشوستی ئەم رێکخراوە دروستکراوانەدا، کە توانای گوزارشتکردن لە دۆزی ژنانیان نیە و هەمان شتە زۆر عادەتی و کۆنەکانی پیاو و کۆمەڵگە دەڵێنەوە، بڵێن ئەوەتا رێکخراوی ژنان و ئافرەتان هەن، بەڵام ناتوانن کار راپەڕێنن و سەربەخۆ کار ناکەن.

×لەوانەیە یەکێک لە کاریگەرییەکانی شێوەگرتنی ئەم رێکخراوانە ئەوە بێت، کە بزوتنەوەی سیاسی کورد لە سەردەمی دوای راپەڕینەوە نەیتوانیوە ستراتیژیەتی خۆی نوێ بکاتەوە و لەگەڵ سەردەمی نوێدا بیگونجێنێت، کە توشی خۆ دوبارە کردنەوە و سوڕانەوە لە بازنەی تەسکدا بۆتەوە و فۆرمێکی کلاسیکی داوەتێ، رێکخراوەکانیش دەبنەوە کۆپی ئەوان، کە هیچ پەیامێکی ژنانەیان نیە و تێکۆشان لە دژی تەوتەمە کۆمەڵایەتی و کلتوریی و رەگەزییەکان نەکراوە و بگرە ئەم بابەتانە هێشتا شینەکراونەتەوە و تیۆری خۆیان نەدراوەتێ.





×لە سەرەتاوە رێکخراوەکانی ژنان و ئافرەتان لە فۆرمێکی بورژوازیانەدا خۆیان نیشانداوە و توێژێکی گرنگ و زۆری ژنانی کوردستانیان پشتگوێخستوە، رێکخراوە چەپ و مارکسیەکانیش لە ئەمڕۆدا تا رادەیەک خۆیان لە رەوشەکان بە دور دەگرن و بۆ رۆژگاریان بەجێدەهێڵن، لە کاتێکدا ئەمڕۆی ژیانی کۆیلایەتی ژن و دروستبونی سیستەمی سەرمایەداری و چەوساندنەوەی ژنان، باشترین زەمینەی کارکردنیانە و هەموو بۆچونەکانی ئەوان بۆ ئەمڕۆ شیاون، کە پێویستی بە تێفکرینی قوڵ و شیکردنەوەی تیۆری رەگەزی و هەڵسەنگاندنی وەک دۆزێکی سیاسی و فیکری و دانانی چارەسەری هەیە، سەر لە نوێ پێداچونەوەی لە رێکخراوێکی گەوهەری و جۆری و دیاریکردن و نرخاندنی ئەو بەهاو مانایانەی لە ناو کۆمەڵگەدا، سەبارەت بە ژن و پیاو هەن، بەڵام ترس لە تێپەڕاندنی کلتوری کۆن و کاریگەرییە ئاینی و کۆمەڵایەتییەکان، لە کۆمەڵگەدا و لەناو ژناندا بە تایبەتی، بۆتە ئەو وەهمە ترسناکەی دەرچونی سەختبێت.

×تا ئێستا هیچ رێکخراوێک ئەو سنورەی نەشکاندوە و مانیفیستۆیەکی تایبەت بە مافەکانی ژنانی بە دیدێکی جەوهەریانەی ژنانە نەنوسیوە، هەرچەندە ژنان گەلێکی باش و بە توانا لەم هەرێمەدا هەن، بەڵام لە ئاستێکی خەباتدا رادەوەستن، وەک ئەوەی تا ئێرە پێویستی بە خەباتکردن هەبێت، لەوانەیە هەر یەکێک لە ئێمە نەمانتوانیبێت لەناو رێکخراوێکی ژناندا خۆمان بدۆزینەوە و ئەو رێکخراوانە تەواوی ئاوات و هەرسی ژنانە و

فێمینیستانەی ئێمەی فەراهەم و پڕ نەکردبێتەوە، بەڵام ناتوانرێـت خەباتی ژنانە و ڕەگەزیی لەناو یەکێک لەم ڕێکخراوانـەدا قـەتیس بکرێـت، کە بە پێچەوانەوە ڕێکخراوەکانی ئـەم هەرێمـە تـەواوی تواناکانت لێدەسێننەوە.

×لە کۆمەڵگەی ئێمەدا ڕۆحی خێڵەکی بەهێز دەژی و جیاوازی ناوچە و شار لەناوماندا هێشتا بەهێز خۆی دەنوێنێت، ئەمە یەکێکـە لە نەهامەتیەکان و زەبرە لە لێکنزیکبونەوە و هاوڕایی ژنان، چونکە یەکێک لە پرەنـسیبە گرنگـەکانی خـەباتی رەگـەزی، پرەنـسیبی وڵاتپارێزی و دروستکردنی گیانی نەتەوەییـە، ئـەم ئینتمـا گرنگـە بنەمایە بۆ وابەستەبون بە مافەکانی ژنانەوە، لەناو تاکی ئێمەدا هیچ ڕاچڵەکین بەرامبەر هەر کارێک یان ڕوداوێک، کە لە ناوچـەیەکی جیا لە ناوچەکەی ئەودا هەیە، نیە و ئەم دیدە ساڵ بە سـاڵ قـوڵتر دەبێتەوە، چونکە سوڕانەوە لە بازنـەی تەسـکدا ئـەم دەسـەڵاتەی خنکاندوە و توانای خۆ نوێکردنەوەی لەناو تاکەکانیشدا کوشتوە.

×لەکوردسـتاندا سـەربەخۆ لەهـەر دەسـەڵاتێکی سیاسـی و خێڵەکی، پێویستمان بە بزوتنەوەیەکی سیاسی ژنانەی فێمینیزمانە هەیە، کە ئامانجی گۆڕینی پەیوەندیـەکانی دەسـەڵاتی سیاسـی و کۆمەڵایەتیە لە نێوان ژن و پیاودا، دەسەڵاتی کوردی پەیڕەوکاری سیستەمی سەرمایەدارییە، کە ژنی کردۆتـە تـەنها کەرەسـتەیەکی مادیی، دوبارەکردنەوەی کلتوری ئەم سیستەمە بـۆ گـەلێکی وەک کورد ترسناکە، چونکە لە نـاوەڕۆکی ئـەم گەلـەوە دەرنەکـەوتوە و وەرگیراوێکـی دەرەکیـە، ئەمـە لـە کاتێکـدا واقیعـی خـەڵک





هەرسینەکردوە، فاکتەرێکە بـۆ چـەند بـارە لـە خشتەبردنی ژن و بەکارهێنانی.

وەک ژنـان پێویـستمان بـە خـەباتی تایبـەت بـە خۆمـان و تێپەڕانـدنی ئـەو کلتورەیـە، کـە بـە سـاڵانە لـە ژێـر پەردەیـدا دەمانـشارێتەوە، دەبێـت ببینـە خـاوەن ئیـرادە و بڕیـار و عەشـقی سەربەخۆیی و ماف و ئازادی لە ڕێگای توێژینەوە و کارەوە.

×لە سەرەتادا پێویستە باوەڕ بەوە بهێنین، کە مەسەلەی ماف و دۆزی ژنان تێکۆشانێکی بورژوازیانە نیە و ئەم سیـستەمەش هـیچ چارەسەرییەکی پێ نیە، بەڵکو کۆیلە کردنەوەی ژنانە بە شێوەیەکی مۆدێرن، دۆزی ژنان کلتوری باڵادەستی و چینی سەردەست نیـە و لە نـاخ و جەوهـەری ژنیـشدا ئـەم چـەمکانە جێگایـان نابێتـەوە، هەمیشە خەبات و تێکۆشانی ڕەگەزی یان ڕاستر، جێندەر بەردەوامە و کۆتایی بۆ نیە و هەمیشە تێکۆشانی دەوێت.[13]

## 2– ڕەهەندەکانی توندوتیژی لە کوردستاندا

گەر یاسا نەبوو دەبێتە شەڕی هەموان دژی هەموان "هۆبز"

×بە پێی جاڕنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ، مرۆڤ لە مـاف و ئەرک و ئازادی و شکۆدا یەکسانن، بە یەکسانیش لـە دایکـدەبن"، بەپێی هەموو ڕێکەوتن و پێوەرە نێـو دەوڵەتیـەکانیش مـرۆڤ لـە دەربڕینی ڕا و بۆچون و گوزارشتکردن لە لایەنی هزری و ئاینی و

[13] – لەسایتی دەنگەکان ساڵی2006دابەزیوە.

ویژدانی، بێ جیاکاری وەک یەکن و مافیان هەیە، هەموو پێوەرەکان جەخت لەسەر داکۆکیکردن لە مافی تاک بە بێ جیاوازی ژن و پیاو دەکەنەوە.

×هەرچەندە زەمینەی کۆمەڵایەتی و کلتوری پێگەیشتنی ئەم پێوەرانە بە پێی ژینگەی شوێنەکان دەگۆڕێت، نمونە لە کوردستاندا گەلێک فاکتەر هەن، کە زەمینەی جیاکاری و توندوتیژی لەسەر مرۆڤ بە گشتی و ژن بە تایبەتی دەرەخسێنن، وەک ئاماری توندوتیژیەکانی سەر ژنان دیاریدەکەن، کە توندوتیژیەکانی سەر ژنان زۆرینەیان بە هۆکاری سیاسیەوەیە، بە پێی ئامارەکان بە دەستی سیاسی و لێپرسراوەکان دەکوژرێن، ئەمە لە دوای راپەڕینەوە سەریهەڵداوە، لە پێناو کپکردن و شاردنەوەی مەرامە دزێوەکانی خۆیاندا، ئەم کلتورە رەنگی داوەتەوە و لەناو دام و دەزگا حکومیەکانیشدا هەیە.

×هاتنی بە لێشاوی قۆناغی تەکنۆلۆژیا و کرانەوەی کۆمەڵگە بە هۆکار دەزانرێت، بەڵام هوشیاربونەوەی ژنانیش هۆکارێکیترە، کە ئیدی سەر بۆ ئەم سیستەمە کەچ ناکەن و بە شێوەیەکی توندتر لە سیستەم وەڵامدەدەنەوە و خۆیان دەکەن بە قوربانی، واتە لە ناوەڕۆکی خۆکوشتن و خۆسوتانی ژناندا، ئەو پەیامە خۆی حەشاردراوە، کە ئیتر سیستەمی دەسەڵاتدارێتی پیاو پەسند ناکرێت و رەتکردنەوەیەکی ئاشکرایە، لە هەمانکاتیشدا پەیامێکە بۆ ئەوەی، کە کات و شوێنی گۆڕانی کۆمەڵگە و سیستەم هاتوە.





×لە حاڵەتێکیشدا خۆکوشتنی ژنان بێچارەیە، کە هیچ رێگایەکیتر بۆ چارەسەری نابینن و پەنای بۆ نابەن وەک یاسا، چونکە یاسا و داد لە کۆمەڵگەکانی رۆژهەڵاتی ناوین و کوردستاندا، لایەنگری پیاون و وەرگیراوی شەریعەت و ئاینی ئیسلامن، هیچ مۆرکی مەدەنیبون و سەربەخۆیان پێوە دیار نیە و هەموو دەسەڵاتێک بە پیاو دەبەخشن، بۆیە یاساکانیش نا هاوسەنگ و لاسەنگن و تەنها ژمێرەی بۆ پیاو کردوە.

×ناتوانین تەنیا باس لە جێبەجێکردنی ئەم یاسایانە یان دەرکردنی یاسایتر بکەین، هەتا سیستەمی سیاسی و دەسەڵات نەگۆڕرێت، لەمە زیاتر ژن پەناگەیەکی نییە بۆ داڵدەدان لەلایەن حکومەت و هەتا رێکخراوەکانیشەوە، چونکە هەموو هەر تیۆریین و دەزگاکانی هەرێم و ناوچەکە شێوازە زۆر تەقلیدی و بێ گەرەنتیەکانن، کە مرۆڤ ناتوانێت پشتیان پێ ببەستێت و هیچ باکگراوندێکی فیکری و شارستانی و هزریان لە پشتەوە نیە.

×دیاردەی توندوتیژی و یاسای دژە ژن، کە لە وڵاتە ئیسلامی و ئۆتۆکراتییەکانی، وەک عێراق و ئێران و وڵاتە عەرەبیەکان هەیە، سیستەمی ئاینی و سیاسی رۆژانەیشی قوڵتر و قەیراناویتر کردوە، بە جۆرێک بە پێی ئامارێکی زانستی لە زانکۆی تاران لە ماوەی ساڵی**2003-2007** لە ئێران، **2** هەزار ژن لە ئەنجامی فشاری سیاسی و کۆمەڵایەتی سیستەمەوە خۆیان سوتاندوە، رۆژانە روداوی وەک هەڵهاتن و لێدان و کوشتنی ژنان رودەدەن، زۆربەیان بە هۆی لێدان و ئەم روداوانەوە توشی حاڵەتی تەندروستی کوشندە

دەبنەوە، بێجگە لەو رەوشە نا لەبارەی ژنانی مانگرتو لە زیندانە سیاسی و مەدەنییەکانی شاری سنە و تاران هتد.. دەیبەنە سەر و ئازار دەدرێن بێ رەچاوکردنی باری ژنێتی و تەندروستی و مرۆییان.

**2/10** رۆژی جیهانی دژ بە توندوتیژی و بەکارهێنانی هێز، ئەم رۆژە لەلایەن نەتەوە یەکگرتوەکانەوە ناوی لێنراوە، بۆ بەکار نەهێنانی زۆر و توندوتیژی، رۆژی جیهانی بە کار نەهێنانی زۆر و توندوتیژی، رۆژەکە لە رۆژی لەدایکبونی"مهاتما گاندی" رێبەری هیندستانەوە ناو نراوە، چونکە ئەو رێبەرە بە شێوەی میتینگ و خۆپیشاندانی جەماوەری سەرتاسەری، بێ بەکارهێنانی چەک و میلیشیا توانی سەربەخۆیی وڵاتەکەی مسۆگەر بکات و لە دەستی ئینگلیز دەربیهێنێت، ئەم بڕیارە رێکەوتی **2007/6/15** لە نەتەوە یەکگرتوەکان وەرگیرا، وڵاتانی لایەنگری ئاشتی و نا توندوتیژییش لە جیهاندا ئەمساڵ یادی ئەو رۆژەیانکردە وە، بە شێوەی خۆپیشاندان و داگیرساندنی مۆم و شوعلەی ئاگریان بە دەستەوە گرت، وەک هێمایەک بۆ نەفرەتکردن لە توندرەوی و هێز و دروشمی بەڵێ بۆ ئاشتیان دەوتەوە.

×لەوانەیە پێمانوابێت هیندستان دوژمنەکەیان هێندە تۆتالیتار و زاڵنەبوە و بڕوای بە چارەسەری ئاشتیانەش هەبوە، بۆیە رێبەرەکەیان توانیویەتی بەو شێوازە خەباتی ناتوندوتیژی بەڕێوە بەرێت، ئێمە وەک گەلی کورد هەم دوژمنەکانمان زاڵ و توندرەو بون هەموو چارەسەریەکی ئاشتیانەیان رەتکردۆتەوە، هەم لە واقیعی ئەمرۆی باشوری کوردستاندا، کە ژنان دەکوژرێن و





دەسەڵات بانگەشەی ئازادی و مەدەنیەتیش دەکات، ئەم چالاکیە رەتدەکاتەوە، بەڵام دەتوانین ئەم رۆژە بکەینە یادێک بۆ نا توندوتیژی و سوودی لێوەربگرین.

×تا زەمینە بۆ کەمکردنەوەی توندوتیژی و سیستەمی پیاوسالاری برەخسێنرێت، سازدەرانی یادەکە لەو رۆژەدا، ئاراستەی خۆپیشاندانەکانیان دەکەنە ئەو شوێن و کەسانەی توندوتیژی بەرامبەر بە ژنان دەکەن و رێگە لە توندوتیژی دەزگاکانی ئاسایش و پۆلیسیش دەگرن، رویان تێدەکەن بۆ راگرتنی توندوتیژی و لێپرسینەوە لەو کەسانەی بەم کارە هەڵدەستن.[14]

**باسی دووەم:**

**1– قوڵکردنەوەی نا هاوسەنگییەکان لە کەسایەتی ژندا**

×توندوتیژی بەرامبەر بە ژنان، لەگەڵ رەوییدان بە سیستەمی سەرمایەداری و بە کاڵاکردنی ژن زیادیکردوە و لە ژێر ناوی کۆمەڵگەی مەدەنی و لیبراڵدا، لە شوێنی بەرزکردنەوەی ئاستی ژن و رێز گرتن لە ماف و سەنگینی ژنان، هاوکێشەکە پێچەوانە بۆتەوە، هۆکارەکەشی بۆ بە زۆر سەپاندن یان بە داریهێنانی سیستەم یان کلتورێکی دور لە واقیع و داکەوتی کورد و سیستەمە کۆمەڵایەتیەکەیەتی، چونکە گۆڕانکاری پلە بە پلە"تدریجی" دەبێت بە شێوەی سروشتی خۆی رەوت بگرێت و زەمینەسازی لە ناو خەڵکدا بکات.

[14] - لەسایتی دەنگەکان ساڵی2006دابەزیوە.

×بێگومـان گۆڕانکـاری و ریفـۆرم هـەروەک لـە سـەرەتای دروسـتبونی سـەردەمی رێنسانـسی ئـەوروپاوە پێکهـاتوە، لـە زەمینەیەکی پاکیزەدا رەگ دادەکوتێت و گەشە دەکات، نەوەک بە زۆر گواستنەوەی سیـستەمێک، کـە لـە زۆر لایەنـەوە نامۆیـە بـە کۆمەڵی دووەم، کۆمەڵگەی کوردی بە حوکمی بێ ئیـرادە کردنـی هەمیشەیی و نشوست پێهێنانی لە هەموو لایەنێکەوە بـە تایبـەتی فەرهەنگی و کەسایەتی و بە فاکتەری ژێر دەستەیی، لە هەمانکاتدا هیچ رەوتێکی ریفۆرمخواز و گۆڕانخوازیش لە بزوتنەوەی کوردیـدا سەریهەڵنەداوە، ئەگەر بە لاوازیش هـەبو بێـت، ئـەوا هـەر زو لـە نێـوبراوە، بۆیـە کـورد زۆرینـەی کلتـوری عـەرەبی و تـورک و رۆژهەڵاتییەکان تێکەڵ بە کلتوری بـوە، بـە تایبـەتی سیـستەمی باوکسالاری و توندوتیـژی و ژن چەوسـاندنەوە و لـە نـاوبردن بـە پلەی یەکەم لەوانەوە وەرگیراوە.

×ئەم دەستە زالانە لەناو کوردا لە سەردەمی زەردەشتیدا نەبوە و یان زۆر لاواز بوە، ئەوە باسکراوە لە سەردەمی زەردەشتیدا ژنێک لە دوای پیاوێکەوە دەڕوات لە کاتێکدا پێکەوەن، زەردەشت دەڵێت ئەو ژنە چەند کۆیلەیە، پیاوەکە لەو کۆیلەترە، چونکە رێگـە نـادات بـە یەکسانی رێبکەن، واتە ئەم نەریتە لەناو کوردا نەبوە بـەڵکو ئـاینی ئیسلام، کە لە نـاو عەرەبـدا سـەریهەڵداوە و غـەزواتی عـەرەبی و عوسمانی و داگیرکارییەکانی سەر کوردستان، کلتوری توندوتیژی و پیاوسالاریان لەناو کۆمەڵگەی ئێمەدا چاندوە، ژن بێ نـرخ و کـەم بینراوە، خاوەن تاکی بە ئیرادە و ویست و ویژدانی خۆمان نـەبوین





وەک کەسـایەتی، لەبەرئـەوەی هـەرگیز قەوارەیـەکی سیاسـی و سەربەخۆ تایبەت بە کۆمەڵگەی کوردی نەبوە.

×دەرەنجامی ئەم هەموو نەهامەتیە پێویستی بـە چاکسازی و گۆڕینی کلتوریی هەبوە، لـە دوای راپـەڕین و هـاتنی دەسـەڵاتی کوردیشەوە، کە ئەمە نـەکرا و کەسـی شـیاو و خـاوەن بیرۆکـەی گۆڕانخواز رۆڵیان پێنەدرا یان رۆڵیان نەبینی، بوە هۆی دروسـتبونی بۆشاییەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کلتـوری و نـەبونی ئامـانج و رێڕەوێکی دیاریکراو، کە خەڵک بەرەو ئەوێ ئاراستە بکات.

بە ناچاری خەڵک بۆ تابۆ و تەوتەمە سەرەتاییەکان دەگەڕێتەوە و پشت بـە پێـوان و پێوەرەکـانی سـەرەتای دەبەسـتێتەوە، تاکـە مینبەری دیار و جێگیریش، کە وەک خـۆی ماوەتـەوە، پـەیڕەوی ئیسلام و ئایینە، لە کاتێکـدا هـیچ گـۆڕانیش بەسـەر شـەرعیەتی ئیسلامدا نەهاتوە، بۆیە گەڕانەوەی خەڵک بـۆ قالـب و دۆگمـا بـە ئاشکرا و ناچاری دەستپێدەکاتەوە، جارێکیتر خەڵک یـان تـاک بـە دەوری هەمان خاڵی وەستاودا دەسوڕێتەوە و نەهامەتیەکان لەسەر ژن قوڵتر دەکاتەوە.

×هۆکاری ئەمڕۆی ئەو پـەڕی توندوتیـژی بەرامبـەر بـە ژن و کوشتنی و دڕندایەتی، لە لایەک ئەم کلتورە کۆنـە زاڵەیـە حـوکم لەسـەر کۆمەڵگـە و ژن دەکـات، لەلایـەکیترەوە ئـەو زەمینـە کلتورییەی، کە هیچ چاکسازییەکی تێدا نەکراوە و سـەر لـە نـوێ زیندو نەکراوەتەوە، لەسەر هەمان ئەو زەمینە پۆخڵە قاڵبی گرتـوە، باڵکێشانی جیهانگیری و سیستەمی یەک جەمسەری سەرمایەداری

بەسەریدا تێکەڵییەک یان کۆسمۆپۆلیتکیەکی بێ ڕێکخستنی و چەواشەکاری دروستکردوە، کە ڕەوشی ئەمڕۆی کۆمەڵگەی کوردی، نە لەگەڵ سیستەمە تازەکە و ڕەوشی نوێدا دەگونجێت و نە تەرکی کۆنیشکراوە، سیستەمی تازەی ڕۆژئاوایش، کە تێکەڵی کۆمەڵگەکەمان بوە، نەتوانراوە بە پێوانەی ئاسایی و بە قۆناغی سروشتی و پلە بە پلەیی بە تاک بگەیەنرێت، چونکە ئامادە سازی ناوخۆیی بۆ نەکراوە.

×ئێستا ڕەوشێکی ململانێی کۆن و نوێ و دژایەتی گۆڕانکاری لە ئارادایە، هەڵبەتە بنەماکانی تازەگەریش وەک پێویست و خۆی، کە هەیە دانەنراوە و کەسیش نەخشەسازی بۆ نەکردوە تاوەکو تاک لە خشتەنەبات، لە نێوان ئەم ململانێیەدا ژن دیسان قوربانییە، لە لایەنی کۆنەکەوە بەرەو دواوە ڕادەکێشرێتەوە و بە زمانی توند و نا مرۆڤانەترین شێواز دەکوژرێت و دەسوتێنرێت.

×بێگومان دیارترین ئامانجی سیستەمی جیهانی ئەمڕۆ، کە سەرمایەدارییە قازانجە و لەو پێناوەشدا تاکگەرایی خاڵی سەرەکی سیستەمە و کۆمەڵگە لەناو براوە و تا ڕادەی ئانارشیزم تاک زاڵکراوە و تاکڕەوانە هەڵسوکەوتدەکات، بە هەمان شێوە ژن دەکرێتەوە قوربانی قازانجی سیستەم، چونکە مەبەستی سەرمایەداری خزمەتکردن نیە بە مرۆڤایەتی، ئەوەندەی چەوساندنەوە و هەژاری و بێکاری و ململانێی کۆن و نوێ و ڕەش و ڕوتی و بێ نرخکردنی ژن و منداڵ زیاد دەکات، نا هاوسەنگی کۆمەڵایەتی و سیاسی و کلتوری لە کەسایەتی ژندا بەهێز دەکات.





×کۆمەڵگە لەبەر ترس لە سیستەمی تازە و پارێزگاری کۆن، زمانی زبر و توندوتیژی بەهێزتر دەبێت و چەمکەکانی ناموس و شەرەف لە جەستەی ژندا قوڵدەکاتەوە، لە کاتێکدا شەرەف و ناموس، لە دەستدانی نەریتی ڕەسەن و داگیرکردنمان و بێبەهابونی نرخە نەتەوەیی و نیشتمانی و مرۆڤایەتیەکانە، کە ئەمڕۆ لە کوردستان ئەم بەهایانە گرنگی خۆیان تارادەیەک لە دەستداوە، ئەم نرخانە شەرەفی ڕاستەقینەن، دەبێت هەڵپەی بۆ بکرێت نەک ڕۆژانە کۆکوژی و شەڕی دڕندانە و نامرۆیانەی سەر ژن و کچان و بچوککردنەوەیان.

×پێویستە ئەوە ئاشکرا بێت، کە ژن لە باشوری کوردستاندا تا دوای ڕاپەڕین ڕاستگۆ و دروسترین بون، بەڵام سیاسەتی چەواشە و بێ بەرنامەی لایەنەکانی دەسەڵات و ڕێکخراوە پاشکۆ و تەقلیدییەکانی ژنان و ئافرەتان، ژنانیان لە هەمان تاکتیکی چەواشەوە گلاند و تێکەڵ بە سیاسەتی خۆیانکردن، ڕۆژانە بە ناوی جیاوازەوە لە ڕاگەیاندن و هەموو بوارەکاندا کچانی گەنج لە لایەن پیاوان و هاوشێوەکانیانەوە بە ناوی ئازادی و خۆشەویستی و چالاکی ژنانە و هتد.. چەواشە دەکرێن، بۆیە ئەرکی سەرەکی دەکەوێتە سەرشانی ژن و کچان خۆیان بۆ پاراستن و خۆ دور گرتن و گرنگیدان بەوەی هزر و بیری خۆیان سەرەکیترە.[15]

[15] لە ژمارە "455"ی ڕۆژی یەکشەممە 2008/9/7 لە ڕۆژنامەی هاوڵاتی بڵاوبویەوە.

### 2– بۆ مەرزیەی ژن و پێشمەرگە

×گەرچی چوار ساڵە کۆچـت کـردوە، وەلـێ وەک سـەوزی دار سنوبەر هەمیشە هەیت، وەک نەغمە و شـالوری بولبـول سـەدات جیهانمان تەی دەکات، مەرزیە گەرچی زو بەجێتهێـشتین، بـەڵام کەشکۆڵەکەی بۆ هەر خونچەیەکی تەمەنمان پڕاو پـڕە، گەرچـی خاتو مەرزیە تامەزرۆی ئازادی ژن و وڵات بو، تاسەی گەڕانەوە بۆ ئامێزی بە نرخی وڵات زەنگێکی هەمیشەیی بو لە ناخیدا و لەگەڵ ئازار و خەمی منداڵانی هەڵەبجە و کەرکوک و کوردستان هەمویدا دەژیـا، خۆشەویـستی نیـشتمان و گیـانی خـەباتگێڕی مـەدالیای گەردنیبو.

×ئەو هونەرمەند و ژنێکی شکۆمەند و سۆز بە دڵێکی کۆشـشی ژن و ماف بو، بەڵام ئـەوەی قـەوارە و کەسایەتی مـەرزە خـانی گەیاندە ترۆپک و هەمیـشە بـەڕێزە وە یادیدەکرێتـەوە، جـوانترین نمونە و بەڵگەش مەراسیم و تەدارەکی هێنانەوەی تەرمەکـەی بـو بـۆ کوردسـتان، خـەباتی شۆڕشـگێڕی و چـوار سـاڵ خـەباتی پێشمەرگەیەتی بو، لـە نـاو بزوتنەوەیـەکی سیاسـیدا، هەرچـەندە مەرزیە ئەم ڕێگەیە وەک شێوازێکی ناچاری هەڵدەبژێرێت، بـەڵام ئەمە رابردویـەکی پـڕ لـە شـانازییە بـۆ ژنێکـی کـورد، کـە لـەناو سیستەمی فیوداڵ و ژێر دەستەیی و ئاینی ئامێزدا سەر دەردێنێت و وەک یاخیەک شار و ناوچە و خۆشیەکانی تەمەنی جـوانی و ژیـان جێدەهێڵێت و چەکی شەرەف و سەنگەری تێکۆشان بژارە دەکات، مەرزە وەک کانیەکی پەنگخواردوی ژێر هەرەسی بـەفری زسـتان وابو.





×بەهاران خاکی تێر ئاو دەکرد و گوڵاڵە سـورەکانی نیـشتمانی بەسەر دەکردە وە، ئەم خەسڵەتەی لە خەباتی شاخ و چیا و نەواڵەوە هێنابوە وە، چونکە کەسێک بۆ رۆژێکـیش بێـت، بـە راسـتگۆیی و قایلبونەوە بە خەبات و لە باوەشی چیاو سەنگەر و تفەنگدا تێکۆشـا بێت و رۆژی لەگەڵ کردبێتـەوە، گەڕانـەوە بـۆ خـاک و کۆشـشی بەردەوام بۆ ئازادی و ماف سەندنەوە دەبێتە خولیای هەموو کاتی و خەونی، بۆ چرکەیەکیش ویژدانی ڕێگەی خیانەت لـە پاکیـەکانی خەبات و مافی پێنـادات، هەمیـشە ناڵـەی کپـی دەرونـی دەبێتـە زەنگێکی هۆشیاری و ناهێڵێت وچان بدات، مەرزە خانیش لە شێوە راستگۆیەکەی خەبات و پێشمەرگە بـو، کـە پـەیمانی دروسـت و پاکی بە چەک و سەنگەر و خەباتەکەی دابو، کـە قـەت ویـژدانی ئاسودە نابێت، چاو لە بەرانبەر خـەون و زەوتکردنـی مـافی ژنـانی وڵاتەکەیدا دابخات، بۆیە سەربەرز و شکۆمەند ژیا، سـڵاو درود بـۆ رۆحی پاکت.[16]

### هەموار کردنی دەستور گەرەنتییەکی یاسایە بۆ ژن

×وەک چۆن هەموو چەمکەکان لـە باشـوری کوردسـتاندا بـە چەواشەیی لەناو خەڵکدا رەنگیان پێدراوەتەوە، بۆیە ئەنجامەکەشی هەروا بـە دەسـتدەهێنینەوە، لـە رۆژی دەنگـدان لەسـەر بڕگـەی

[16] –لە ژمارە"460"ی رۆژی چوار شەممە2008/9/24 لە رۆژنامەی هاوڵاتیـدا بڵاوبۆتەوە.

فرەژنی لە پەرلەمانی کوردستان، کۆمەڵێک خاڵ وەک راستییەکی مێژوویی خۆیان نیشاندایەوە، لەوانە دەرکەوت هەرێمی کوردستان چەند راستگۆیە لەگەڵ چەمکەکانی وەک عیلمانی و دیموکراسییەتدا، باشترین تاقیکردنەوە بو بۆ دەرکەوتنی دەسەلاَت و سیستمی پیاوسالاری، کە بە راستی جارێکیتر ئەو راستییە خۆی نیشاندایەوە، کە پیاو لە هەر ئاستێکی سیاسی و کۆمەلاَیەتی و رۆشنبیریدا بێت، بەرامبەر بە کێشەکانی ژنان هەر پیاوە، فرە ژنی بە مەرج بێت و بیٚ مەرج بێت هەر کارەساتە بۆ ژن و دەرەنجامی خراپی بۆ کۆمەڵگە دەبێت، هەرچەندە مەرجەکانیشی بسەپێنرێت، بەلاَم گەرەنتی چییە؟ بۆ کارپێکردنیان ئەگەر دەوترێت بە یاسا کام یاسا؟.

×بۆیە دەبێت یاسای نویٚ لە لایەن پەرلەمانەوە دەربچێت بۆ کار پێکردنیان، ئەویش بە کار کردن و جێبەجێکردنی، هەموارکردنی دەستوری هەرێم بە تەرزێکی مۆدێرن و مەدەنی، دور لە تێزی ئاینی، چونکە بە حوکمی ئەم یاسایەی، کە هەیە فرە ژنی رەوایی وەردەگرێت، هەندێک لە ئەندامانی ژن لە لیژنەکەی یاسای باری کەسێتیدا، کە هاتنە بەردەم راگەیاندنەکان، هەموو هەوڵەکانیان بۆ سەرۆکی حکومەت دەگەڕاندەوە و بە فریادڕەسی مافەکانی ژنیان لە قەڵەمدەدا، بەلاَم دەرکەوت ئەنجومەنی وەزیران خۆیان یەکلایی نەکردبوە لەسەری و لەگەڵ فرە ژنیدا بون، بۆیە ئامادەی دەنگدانی پەرلەمانیش نەبون.





×ئەو لایەنانەی بانگەشەی دیموکراسی و عیلمانی دەکەن و رۆژانە خەڵک چەواشە دەکەن، راستییەکانیان کەوتە رو، بۆیە ئێمە هەمیشە دەبێت چاوەڕوانی ئەم رێکەوتانە بین بۆ بینینی روی راستی دەسەلاَت هەرچەندە ئاشکراشن، هەروەها دەرکەوتنی قورسایی خەباتی مەدەنی و دیموکراتییانەی هەرێمی کوردستانبو، کە چەند ساڵە بانگەشەی بۆ دەکەین و کەچی وا دەرنەچو، چونکە ئێمە کۆمەڵگەیەکی وەرگرین و مۆدێلیتر دەچەسپێنین، بیٚ ئەوەی بە ناوەڕۆکیدا رۆبچین و لێکدانەوەی قولٚ و دیارمان بۆی هەبێت.

×ئێمە رۆڵی ئەو ژن و کەسە ئازادیخواز و بوێرانە لەبیر ناکەین، کە هەمیشە خەمخۆری خەمەکانی خەڵک و ژنانبون و کاریانکردوە و لە پەرلەمانیشدا ئەو هێزانە زۆر باش نوێنەرایەتییان کردین، بەلاَم دەبێت قسەمان لەسەر ئەوە بێت، کە ئایا ئەو کارەساتەی لە بابەتی مافەکانی ژناندا رودەدات و ناوبانگێکی خراپی بۆ هەرێم دروستکردوە ئەمە ئەنجامەکەیەتی؟، نە دەکرا دەسەلاَتی کوردی بەهێز و لێپرسراوێتیەکی زیاترە وە بەرەو رویانبێتەوە و کایەکان بە قازانجی گەل بگەڕێنێتەوە، ئەگەر وایە عیلمانی و دیموکراتە؟، بۆیە دەبێت کار بۆ ئەوە بکرێت لە پلانی درێژخایەنی پەرلەماندا دەستوری کوردستان هەموار بکرێتەوە و وەک هەرێمێکی سەربەخۆ خاوەن دەستور بین، درێژ کراوەی عێراق و هەڵقولاَوی شەریعەت و ئاینی ئیسلام نەبێت، چونکە دەستور سەرچاوە و کرۆکی هەموو مژارێکە و یاساکانیش بە هەمان پێوان چوارچێوەیان دەدرێتیٚ.

×خاڵێکی گرنگ کە لەم ئەزمونەی دەنگدانی پەرلەمان لەسەر بڕگەکە خۆینیشاندا، خۆشباوەڕی ژنان بە دروشم و قسە بریقەدارەکانی پیاوان و خۆ قەتیس هێشتنەوە لە چوارچێوەی ڕێنمایی ئەوان و بڕیارە حیزبیەکانیاندا، کە ئەمە توشی ناڕونیەکی کردون و لەو سنورە زیاتر نەیانتوانی پێڕابکێشن، بۆیە لە کات و ساتی بەم شێوەیەدا، کە لایەنی دەسەڵاتدار هیچ بەرنامە و ستراتیژی کاری پێ نییە، دەبێت ژنان چالاکانەتر هەنگاو بنێن و چاوەڕێی ئەو هێزە فیزیکیە نەکەن، کارکردنی بە ناوەڕۆک و سەربەخۆ و گرێدرا و بە ئیرادە و هێزی خۆیی ژن، وەک پێویستیەکی سەردەم و قۆناغ هاتۆتە ئاراوە، لەبەرئەوە هەرچەندە ئەم بڕگەیە سەرکەوتو نەبو، بەڵام هاندەرێکە بۆ کارکردنی باشتر و جەوهەریانەی ژن بە شێوە فێمینستییەکەی.[17]

## لە یادی 8ی مارسدا

×لە دوای ڕوداوی **8**ی مارسەوە هەنگاوی جیدی و چاکسازی لە ژیانی ژناندا زۆر کەمە و بگرە لە سێبەری سیستەمی سەرمایەداریدا ژنان زۆر مامەڵەی نەگونجاویان لە تەکدا دەکرێت، مرۆڤ بە گشتی لە ناو ئەم سیستەمەدا ستەملێکراوە، ژنیش دو تا سێجار نادادپەروەری بەرامبەر دەکرێت و وەک ڕەگەزیش

[17] –لە ژمارە"471"ڕۆژی چوارشەممە2008/11/5 لە ڕۆژنامەی هاوڵاتیدا دابەزیوە.





دەچەوسێنرێتەوە و مامەڵەی بازرگانیانە و سەرمایەداری لە کوردستاندا دەستیپێکردوە، وەک لاوازبونی لایەنی مۆڕاڵ و مانەویی و بە کاڵا کردن و قازانج لە پێش هەموو شتێکەوە، لە ئاستی ژندا سوود لێوەرگرتنی بۆ مەرامی پیاوان و دەرکنەکردن بە ڕۆڵ و گرنگی کەسایەتی.

×لە ئاستی ئابوریدا کار و کاتژمێری زۆر و زیاد لە داهات و کەمی موچەی کارکردن هەوڵدان بۆ بە دەستهێنانی زۆرترین بڕی قازانج و تاکڕەوی پێشدەکەوێت، بێ ڕەچاوکردنی قازانجی کەسانیتر و ئاوڕدانەوە لە خواستی بەرامبەر و بێدەربەستبون بەرامبەر کەسانی خاوەن داهاتی کەم و پاڕانەوە و دەستگرتنەوەی هێندە ژن و منداڵ لە شەقام و کۆڵان و شوێنە گشتیەکاندا.

×لەوانەیە بوترێت شێوەی سیستەمی سەرمایەداری بەهۆی پێشکەوتنی تەکنیک و پێویست نەبون بە ژمارەیەکی زۆر کارمەند و خێرایی سەردەم و زانست و سەرقاڵبونی زۆری مرۆڤ بۆ ئەوەی لەگەڵ خێرایی قۆناغدا بێت، وایکردوە لایەنی کۆمەڵایەتی و مانەوی کەمبێتەوە، شێوازی ژیانی سەردەم وای سەپاندوە و پێشکەوتنی تەکنیک، کە کاری زۆرێک لە کارمەندان بەڕێوە دەبات، ناچار کەسانێکی زۆر بێ کار و شوێن دەبن.

×ئەمە ڕاستە، بەڵام بیمەی بێکاری و کۆمەڵایەتی بۆ ژنان و کرێکاران لەم سیستەمی سەرمایەداریدا ئاوڕی لێدراوەتەوە و یاسا هەیە، مرۆڤ لە کاتی ڕوبەڕوبونەوەی دەستدرێژی و هەر کارێکیتردا بپارێزێت ئەگەر وەک پێویستیش نەبێت، بەڵام

بەگوێرەی سیستەمێکی جیهانی و مەدەنی پەیڕەوی هەندێک خاڵی گرنگ دەکات، واتە ئەمە هێنانی هێڵ نیە بەسەر تەواوی لایەنەکانی سەرمایەداریدا، بەڵکو بۆ هەرێمێکی بێ دەستور و بێ یاسای وەک کوردستان ئەو پەڕی نادادپەروەرییە، کە خۆی قەوارەی نەبێت و بانگهێشتی هەموو خاوەن سەرمایییەک بۆ وەبەرهێنان و کارکردن لەم مەیدانەدا بکات.

×لێرە چینێکی دەسەڵاتدار و بازرگانی سیاسی هەموو ئەم کایانەیان قۆرغکردوە و لەسەرەوە وەک ئیمپراتۆر دەژین و خەڵکیش بێخزمەتگوزاری و بێکار و بێ پاراستنی ماف و بێ گەرەنتین، کەچی دەرهاویشتەکانی دەسەڵاتی هەرێم لە سیستەمی سەرمایەداری مەترسیدارترە، سەرەڕای بینینی ئەم دیمەنە تراژیدیانەش دەسەڵات لە هەڵپە و قازانجی تاکە کەسی بەردەوامن و بژێوی ژیانی خەڵکیشیان هێندەیتر قورسکردوە.

×دەرکەوتن و گەورەبونی کەرتی تایبەت و کێبەڕکێ لە نێوان کۆمپانیا و دامەزراوەکانیاندا، لەگەڵ ئەوەی، کە بەرهەمهێن نین و بنەمای نیشتمانیان لاوازە و پەنای سەرەکیان هاوردە و بنەما ئابوورییە دەرەکیەکانن و بە حوکمی پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیا و جیهانگیریش، ئابوری بیانی بازاڕی ناوخۆی گەرمکردوە و ئەم کایەش بۆ پیاوان فراوانترە و دەسەڵات دەستی بەسەردا گرتوە، هەوڵنادەن ئەم کێبەڕکێیە بگۆڕن بۆ ناوخۆیی و زیادکردنی بەرهەمی نەتەوەیی، چونکە قازانجی لا گرنگترە نەک ئاسایش و بەرژەوەندی نەتەوەیی.





×ڕۆژانە ئەوانەی ڕاستەوخۆ لەسەر شۆستە و ناو شەقامەکان دەبینرێن ئەو ژنانەن، کە سەوزە و شتی سروشتی ناو بێستان و کێڵگەکانی خۆیان دەفرۆشن و ئێوارانیش هێزی پۆلیس وەک کابوس شوێنیان پێ لەقدەکەن، وا هەستدەکەیت ئەمانە ڕاستەوخۆ ڕکابەرێتی سیستەمی تاکرەو دەکەن و مەبەستیانە بەرهەمی ناوخۆیی و مافی ژنانەیان بسەپێنن.!!! هەر یەکێک لەو ژنانە لە دەرەوەی شارەوە هاتون و بژێوی قورسی ژیان ناچاری ئەم سەفەرە سەختەی کردون.

×بەشێکیش لە ژنان لە سایەی ئەم دەسەڵاتەوە سواڵ و دەرۆزە دەکەن و قەت حکومەت بەبیریدا نەهاتوە ئاوڕێکیان لێبداتەوە و لەم نەهامەتیە ڕزگاریان بکات، ئەی کەی دەبێت حکومەت بیر لە دروستکردنی بیمەی کۆمەڵایەتی و لانەیەک بۆ ئەم توێژە ستەمدیدەیە بکاتەوە؟.

×زۆرێکیش لە ژنانی کۆمەڵگەی ئێمە ئەوانەن، کە ڕەفتاری زۆر و چەوسێنەری پیاو و دەسەڵات توشی کاری لەشفرۆشی و بێچارەییکردون، ئەمە ئێستا دیاریدەیە و زۆرینەی ئەو ژنانەی لەش دەفرۆشن پیاو لەناو خێزان یان شوێنی کار دوچاریکردون و ئێستاش بە چاوی کەم تەماشایان دەکرێت.

×کێ دەتوانێت نکۆڵی لەوە بکات ئەو منداڵە کچانەی بێ دایک گەورە دەبن لەلایەن باوک و پیاوەوە بەرەو چارەنوسێکی شوم دەبرێن، هەزاران نمونە و چیرۆکی ئەو کچانە هەیە، کە دوای لە دەستدانی دایکیان هەر بە منداڵی لەلایەن باوک یان پیاوێکیانەوە

بێ ئارەز و بە شو دەدرێن و بـەرەو هەڵـدێریان دەبـن، کـە تـا لـە ژیاندایە خۆشی نابینێت، یان تەڵاق و کولەمەرگی، یان لەشفرۆشی و کەسایەتیەکی شکستخواردوی لێدەردەچێت، بێجگە لەمانە هۆکاریتریش زۆرن.

×بەشێکیش لە ژنان دەستیان بە کڵاوەکەی خۆیانەوە گرتوە، کە توندوتیژییەکی زۆریش دەبینن، هەرچەندە لە جەوهەری خۆیاندا شێوەی رەفتاری پیاو و کۆمەڵیان پەسند نەکردوە، بەڵام لە رواڵەتدا ئاسایی لە گەڵیدا دەڕۆن و بە ناچاری وەک قەدەرێک وەریانگرتوە، بۆیە ناخی هەر ژنێک پڕە لە ئاە و کەسەر بێ ئەوەی کەس لێی تێبگات.

×بەشێکی تریش لە ژنان وەک لە هەموو وڵاتان ئەوانەن، کە لەسەرەوە تەماشای خوارەوە دەکەن و بەرژەوەندیان لەگەڵ سیستەمی دەسەڵاتدایە و هیچ رەخنەیان لە رەوشی ناپەسندی ژنان نیە، ئەگەر لە بەرژەوەندی حیزب و دەسەڵاتدا نەبێت، بۆیە بە کردنەوەی رێکخراوێکی نەریتی و هەندێک گۆڕانی ناڕیشەیی کۆمەڵگە فریو دەدەن.

×زۆرینەش ئەو ژنانەن، کە راستەوخۆ توندوتیژیان بەرامبەر دەکرێت، هەڵبەتە ئێمە رۆژانە ناڕاستەوخۆ روبەڕوی توندوتیژیین، کەواتە توندوتیژی تەنها روبەڕوی ژنانی ماڵ و ماندو لە بازاڕ و فەرمانگە و بێ بڕوانامە و نەخوێندەوار نابێتەوە، یان بەرامبەر دایکان و ژنانی دەرەوەی کایە سیاسی و رۆشنبیریەکان، بەڵکو





خاوەن بڕوانامە و کار و رۆشنبیر و سیاسیەکانیش روبەری توندوتیژیین، چونکە لە چاوی کۆمەڵگەدا ئێمە هەمومان ژنین.

×بۆ پیاو ئاساییە لە چوارچێوەی ماڵ و کار و دەزگاکەیدا توندوتیژی بەرامبەر ژن بنوێنێت و لای کاڵایەک بێت بۆ مەرام و غەریزەکانی بەکاریبهێنێت، لە بەردەم رۆژنامە و راگەیاندنەکانیشدا خۆی بە بەرگریکار لە مافی ژن و مرۆڤ پیشانبدات، بۆیە گەر وردترین ئامار و بەهێزترین تیۆریش لەم روەوە پیشانبدات، هیچ نیە جگە لە تاکێکی توندو تیژ و بێ ویژدان بەرامبەر بە ژن، چونکە هەموو داتا و تیۆریەکانی هەڵقوڵاوی ناخی خۆی نین و وەرگیراون.

×پێویستە شێوازی کۆمەڵگە و مامەڵەی نێوان ژن و پیاو بگۆڕدرێت، بە پێداگرتن لەسەر گۆڕینی کلتوری کۆن و فشار کردن بە چالاکی مەدەنیانە بۆ چاکسازی و بە رێکخستنی ژنان و کۆبونەوە لە دەوری یەک دۆزی گرنگ، کە دۆزی ژنە پێویستمان بە هەنگاوی سەردەمیانە هەیە، هەوڵدان بۆ ئەوەی حکومەت و پەرلەمان لە داهاتو و ئێستاشدا رێکەوتنە جیهانی و مرۆییەکان بە سەرەکی وەربگرن و جێبەجێی بکەن، لەوانە رێکەوتننامەی سیداو لە بەشی یەکەم ماددەی**5**ی ئەو رێکەوتننامەیەدا هاتوە، " گۆڕینی شێوازی کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری، هەڵسوکەوتی ژنان و پیاوان بە ئامانجی لەناو بردنی لایەنداری و نەریتی عورفی و هەموو مومارەسەکانیتر، کە لەسەر ئەوە دامەزراوە، کە یەکێک لە رەگەزەکان لەویتر کەمترە یان زیاترە، یان لەسەر رۆڵی باوی ژن و پیاو دامەزرابێت".

×هەروەها پەیڕەوکردنی بیرۆکە و تێزی بیرمەند و تێکۆشەرانی کورد، کە وەک کەسایەتی و بیرمەند و تێزەکەیان دەگمەنن و لە چارەسەری کێشەی ژندا قوڵ و چڕ و سەردەمین، دابەزینی توێژی سەرەوەی ژنان لەناو دەسەڵاتدا بۆ ناو ئازار و مەینەتیەکانی ژنان، چونکە دۆزی ئێمە بە شێوەی بورژوازییانە و لە سەرەوە ڕا چارەسەر ناکرێت، کە هەمیشە چینی چەوساوەیین، هەروەها هوشیاریدانە گشت، لە بارەی بە ڕاستی ماف و ئەرکی ژن چیە؟ گەرچی گۆڕینی سیستەمی دەسەڵاتداری لە هەرێمدا بۆ سیستەمێکی دیموکراسی و یاسایی، گەرەنتی پاراستنی مافەکانی ژنن، بەڵام هوشیاری ژن لەروی هزرییەوە خاڵی وەرچەرخێنەری کۆمەڵگە و گۆڕینی دەسەڵات لێرەوە دەستپێدەکات.

×زاڵدەستی و تانە و تەشەری پیاو لە خێزان و کۆمەڵگەدا فاکتەرێکە، کە ژنان و کچان بۆ ئەوەی نەکەونە بەر ئەم لێشاوە و پارێزراو بن، ڕەزامەندی پیشانبدەن و ڕۆتینانە لەگەڵ تەرزی ژیاندا بڕۆن و خۆیان بگونجێنن، ئەمەش ژنی لە زۆر کایە و راهێزانی زۆربەی خواست و پێویستی و تواناکانی دور خستۆتەوە لە ئەنجامدا ژنێک هەیە، کە سەرانسەرە و گرنگی بە بواری هزری و فیکری نادات و تەنها کات پڕ دەکاتەوە، چونکە تواناکانی نەخستۆتە کار و پێویستی گۆڕانکاری بە سەرەکی نەگرتوە، ئەم کلتورەش لەناو گەلی ئێمەدا گەشەی نەکردوە و بونی نیە.

×بەرجەستەکردنی سیستەمێک بۆ کەمکردنەوەی توندوتیژی و گۆڕینی پیاو و کۆمەڵگە بە زیادکردنی ژن، وەک چەندایەتی و هەم چۆنایەتی لە دام و دەزگا حکومی و کۆمەڵایەتی و سیاسیەکاندا گرنگە، لەوەش گرنگتر دەرفەت دروستکردنی ژنان خۆیانە بۆ





هوشیاری فیکری و سیاسی و متمانە دروستکردن بە دۆزەکەی و گەڕان بە شوێن ناسنامە و چارەسەری گونجاو و شیکردنەوەی ڕەفتاری ڕەگەزی بەرامبەر، کە ئێمە لە مێژوماندا شاژنانی وەک" خانزاد و مارگرێت و لەیلا قاسم و عادیلە خانمان هەبێت، لە ڕۆژی ئەمڕۆدا چۆن توانای هەنگاومان نیە.

×ڕەوشی سیاسی و کلتوری لە هەر قۆناغێکدا بنەمایە بۆ گۆڕانکاری و پێشڤەچوون، واتە هەبوونی زەمینەیەکی کلتوری، کە پشتی بە ژێر خانێکی هزری و کلتوری بەستبێت، هۆکاری سەرەکیە بۆ گۆڕانکاری، نەبونی ئەم زەمینەیە و کار نەکردن بۆی لە ماوەی دەسەڵاتی هەرێمدا، تاکی بەرەو ڕوی هەڵدێرێکی فیکری کردوەتەوە.

×دەرکەوتنی بزوتنەوەی فیمینستی لە کۆتایی سەدەی ناوین و سەرەتای سیستەمی سەرمایەداریدا دەرفەتێک بو، کە ژنانیش داوای مافی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری و هەڵبژاردن بکەن و گۆڕانی هزری لەناو توێژەکاندا ڕەخساند، بۆیە **8** هەزار ژنی کرێکار و سەوزە فرۆش توانیان هێرش بکەنە سەر کۆشکی "ڤیرسای" و سەندنی مافەکانیان ڕاگەیاند، **8**ی مارسیش تاکە هاندەری جیاواز بو، کە ئیتر ژنان ساڵانە کۆنگرەیان دەبەست و لەدووەم کۆنگرەی ژنانی جیهاندا لە کۆپنهاگن "کلارازتکین" پێشنیاری کرد، **8**ی مارس ببێتە ڕۆژی جیهانی ژنان و بڕیاری لەسەر بدرێت.

×ئەم خەباتە تەواو ناوەڕۆکی فیمینستیە، چونکە یەکدەنگ و مەبەست بێ جیاوازی ئایدیا و چین و توێژ هەنگاویاننا، خەباتێکی بەمجۆرە و بە گوتارێکی ژنانە، کە لەناو خۆیدا راو بۆچونە

جیاوازەکانی هەڵگرتبێت، لەناو ئێمەی ژناندا پێویستیەکی سەردەمیە، لەسەر بنەمای سوود وەرگرتن لە هەڵە و جیابونەوەکانی بزوتنەوەی فێمینستی لە جیهاندا، کە لە دوایدا بەسەر بۆچونە پیاوانەکاندا دابەشبون.

×لە هەرێمدا بە هۆی راوەستانی ململانێ و کێبەرکێی فیکری و عەقڵانیەکان گۆڕانکاری زۆر هێواش و ساردن و زەمینەیەکی واقیعی و بابەتی، کە توانای جوڵاندنی هەبێت بەدیناکرێت، بۆیە کات و مەودایەکی زۆری دەوێت بۆ گۆڕانی ریشەیی، لەبەر نەبونی میراتێکی کلتوری و هزری، کە وەک سەرخانێکی دامەزراو ببینرێت نەبوە یان کەم و لاوازە، واتە کەسانی بیرمەند و خودی بیرۆکە و پرۆژەی گۆڕانی بنەڕەتی، کە توانای خۆ خستنە مەیدانیان هەبێت و زەمینەیەکی جەماوەری لەمسەری دەسەڵاتەوە پێکبهێنن و خەڵک بۆ گۆڕانکاری هزری بجوڵێنن، کەمبون یان دەرفەتیان پێنەدراوە یان دەرنەکەوتون، لەبەرئەوە بۆ خەباتێکی ژنانەی بە ناوەڕۆک بۆ ئەوەی دوبارە کەرەوەی خەباتی رۆژئاوایی نەبین و بە هەمان هەڵە و قۆناغەکانی ئەواندا تێنەپەڕین، دەبێت بە شوێن پێکهاتەیەکی خۆیی ژنانی کوردا بڕۆین و کار بۆ جێبەجێکردنیبکەین، لەگەڵ بەهێزبونی زەمینەدا کار بۆ راهێزانی توانا خودی و هزریەکانمان بکەین، بۆ ئەوەی چیتر ژنان رەنجدەر و پیاوان سەرمایەدار نەبن و هاوسەنگی کۆمەڵایەتی بگەڕێتەوە.[18]

[18] –لە 2009/3/8 لە رۆژنامەی هاوڵاتیدا بلاوبۆتەوە.





## باسی دووەم:
## بڕیاردان لەسەر دەستوری هەرێم
## خنکاندنی مافەکانی ژنانە

×لەم خولەی ئێستای پەرلەماندا و لە دانیشتنی داهاتویاندا، کە بە نیازن بڕیار لەسەر رەشنوسی دەستور بدەن و بەندەکانی پەسند بکەن، بە بێ ئەوەی بخرێتە راپرسی خەڵکەوە و لە پێناو ئەوەی نەخرێتە خولی داهاتوی پەرلەمانەوە و بڕگە و مادەکانی بەکاوە خۆ گفتۆگۆی لەسەر نەکرێت و لە کۆڵ خۆیانی بکەنەوە، بە رای من پیلانێکە بۆ هێشتنەوەی کۆمەڵگەی کوردی و ژن بە تایبەتی لە چاخە کۆنەکاندا و سەرگرتنی بڕیار و شەرعیەتە کۆنەپەرست و سواوەکانی دەسەڵات و لایەن و حیزبە کلاسیک و ئیسلامی و کۆنە خوازەکان.

×پەسندکردنی دەستوری هەرێم لەم خولەدا بێجگە لەوەی لە لایەنی نەتەوەیی و دۆزی گەلێکەوە زیانی زۆرترە، لە هەمانکاتدا لە دۆزە کۆمەڵایەتی و کلتوری و بە تایبەتیش بۆ ماف و پرسەکانی ژنان گەورەترین زیانی هەیە و نابەجێیە، پەسندکردنی رەشنوسی دەستوری هەرێم لەم خولەدا، کە ماوەیەکی زۆر کەمیان لەبەردەمدا ماوە، هەرچی بڕیار و یاسایەک لەم خولەی ئێستای پەرلەماندا دەربچێت مۆرکی بە پەلە و بێ پلانی پێوە دیارە، لەگەڵ ئەوەشدا زیانی زۆرترە لە سودی.

×لەم رەشنوسەدا دادان بە سنوری کوردستاندا نەنراوە و باس لە ناوچە دابڕاوەکانی کەرکوک هەتا چیای حەمرین نەکراوە، کە

سنوری سەرەکی کوردستانی باشورن و ئەمەش دەرفەتێکی باشە بۆ حکومەتی عێراق و هەتا تورکیا و داگیرکەرانیتر، کە سنوری کوردستان دیار نەبێت و بە ئاسانی کاری خۆیانی تێدا بکەن و کەرکوک هەمان ململانێی بە قورستر لەسەر بێت و هیچ مادەیەکی دەستوری کوردستانی نەبێت داکۆکی لێبکات، واتە کورد تا ساڵانێکی زۆرتر دەبێت دیسانەوە بە دەست بێ ستراتیژیەتی و بێ سنوری کوردستانەوە بناڵێنێت و کێشەی داهات و بودجە و هێزی پێشمەرگە و روبەرێکی زۆری کوردستان هەر دەبێت گرفت بێت و دوژمنان هەمیشە وەک خاڵێکی هەڕەشە لێمان بە کاری بهێنن.

×لەلایەکیترەوە قوڵکردنەوەی نەهامەتیەکیترە لەسەر کۆمەڵگەی کوردی، چونکە لەم رەشنوسەدا ئایینی ئیسلام سەرچاوەی سەرەکی یاسادانانە، واتە هەمان ئەو کێشانەی لە سەردەمی هاتنە سەر حوکمی ئیسلام و خەلافەتەکانی بەسەر کوردا سەپێنراوە و ژنی پێ چەوسێنراوەتەوە، بەردەوام دەبن و باسکردن لە ماف و دۆزی ژنان تەنها تیۆری دەبێت و هیچ یاسا و بەندێکی دەستوری نابێت بۆی بگەڕێینەوە و بەرگریکاری مافەکانی ژنان بێت.

×لە **2008/10/30**دا یاسای باری کەسێتی بە مەرجەوە پەسند کراو فرەژنی وەک خۆی هێڵرایەوە و هیچ یاسایەکی داکۆکیکار لە مافی ژن نەبو پشتی پێ بەبەسترێت، بۆ رەتکردنەوەی ئەم یاسا شوومە، بەڵکو بە پێچەوانەوە ئەوەی، کە رێگەیدا یاساکە وەک خۆی بمێنێتەوە، یاساکانی هەڵهێنجراوی ئایینی ئیسلام و





کارکردنی ئاسایی شەریعەتی ئیسلامبو، واتە ئەم کێشەیە هەر بە کۆڵمانەوە دەبێت و هەموارکردنیشی مەحاڵدەبێت، پاشان خۆ ئێمە هەر فرەژنی نا بەڵکو گەواهیدانی ژن لە دادگا، کە دو ژن بەرامبەر بە پیاوێکە و دەرکردنی یاسای قەدەغەکردنی خەتەنەکردنی مێینە و میرات، کە بەشی ژن نیوەیە و کۆمەڵێک یاسای ئاینی و گرفتیترمان هەیە، کە لە کۆمەڵگەدا رەواییان هەیە و ژنی پێکراوە بە پلە دو پێی دەچەوسێنرێتەوە.

بۆیە دەنگدان بە دەستور و پەسندکردن و لە کۆڵ خۆکردنەوەی پەرلەمان لەم خولەدا، کارێکی نایاسایی و گەڕانەوەیە بۆ سەدەیەک پێش ئێستا، کە پێویستە ئێمەی ژنان و داکۆکیکاران و یاسا ناسان و شارەزا و مرۆڤ پەروەران و کۆمەڵگەی مەدەنی و رۆشنیران و رۆژنامەنوسان رازی نەبین، رەشنوسی دەستوری هەرێم لەم خولەدا پەسند بکرێت، با بە دەردی دەستوری عێراق نەچێت بێ ئەوەی خەڵک ناوەڕۆکی دەستورەکەی زانیبێت و بە مادەکانی ئاشنا بێت و بێ ئەوەی کەس خوێندبێتیەوە بە پەلە بە ناوی گەلی کوردەوە، دەسەڵات دەنگی پێدا و پەسند کراو دوایش کار بە هیچ مادەیەکی بۆ کورد پێناکرێت.

**ئای ئازادی چی تاوانێک بە ناوتەوە دەکرێت**....

×مادام رۆلاند یەکێک لە ژنە ئازادیخوازەکانی جیهانی پێش سەدەکانی رێنسانسە، کە ئەم وتەیەی درکاند و لە پاش وروژاندنی ئەم وتەیە لە لایەن قەشەکانی سەدەی ناوەڕاستەوە سەری لە

لاشەی دەکرێتەوە، بۆیە بزوتنەوەی ژنان لە هەموو جیهاندا، کە ئەمرۆ پێگەی خۆیان دیاریکردوە، بێقوربانیدان نەهاتونەتە کایەوە، بەڵکو مێژوویەکی پڕ لە نەهامەتیان دەرباز کردوە، مێژویەک لە دەسەلاّتی ئایینی و فیوداڵی مۆرکی لە رابردویانداوە، کە بە ناوی ئازادی و دیموکراسیەوە خەڵک و ژنیان چەواشەکردوە و مەرام و سروشی نامرۆییانەی خۆیان لە ژێر ئەم پەردەیەدا فەراهەمکردوە، بۆیە خەباتی ژن بیٰ قوربانی نەبوە، بەلاّم خاڵی گرنگ بەردەوامبونە تا دەستەبەرکردنی.

×دەنگدانی رۆژی **10/27** پەرلەمان لەسەر پرۆژە یاسای باری کەسێتی و ئەو هەژاندنەی مەسەلەی ژن، کە دو هەفتە لە شەقامی گشتیدا بۆتە رۆژەڤ هەوڵێکن، بەلاّم ئامادە نەبونی خەڵک و زەمینەساز نەکردن لەلایەن ئەو دەسەلاّتەی **18** ساڵە بانگەشەی عیلمانیبون و مەدەنیەت دەکات، بە رێکخراوەکانی مەدەنی و ژنانیشەوە، بۆ پەسندکردنی دۆزەکانی تایبەت بە ژنان خەڵک هوشیار نیە و ئەم بڕیار و یاسایانە لای دەبێتە کێشە تاوانی نیە، بەڵکو تاوانی دەسەلاّت و پەرلەمان و رێکخراوەکانە، کە وەک پێویستە کاریان لەسەر بە ئاگا هێنانەوەی خەڵک نەکردوە، بێجگە لەوەی راگەیاندنیش لەم تاوانە بێبەش نیە، بەلاّم کە پەرلەمان و حکومەتێک ئامادە نەبن، هیچ مژارێکی گرنگ بە شەفافی و رونی بە خەڵک رابگەیەنن، راگەیاندنیش دەبێت لە رێگەی دزەپێکردنی زانیاریەوە شتەکان بە خەڵک بگەیەنن.





×تیۆری خەباتی ژن دەبێت دیار و رون و ئامانجی هەبێت، چونکە هەموو کایەکی گرنگ تیۆری و ستراتیژیەتی دەوێت و لەسەر بنەما هەنگاوی پراکتیکی دەهاوێژێت، لە باشوردا نەتوانراوە تیۆری ژن و خەباتی زایەندی هەڵبسەنگێنرێت و بە پراکتیکبکرێت، کە لە بنەڕەتەوە شینەکراوەتەوە و تیۆری بۆ دانەڕێژراوە و کەسی پێشەنگ و خاوەن فەلسەفەی ریشەیی لەم بوارەدا هەڵنەکەوتون، ئەمەش بۆ سەرەتای خەباتی بزوتنەوە کوردیەکان دەگەڕێتەوە، هەرچەندە چەپ و رادیکال دەرکەوتون، وەلیٰ نەتوانراوە رێکخستن و خەباتی ژن لە ناو بزوتنەوەکانیاندا شوێن پێبدەن، چونکە پشتیان بەو چەمکەی شۆڕشی ئۆکتۆبەر بەستبو، کە رای وابو دەبێت لە دوای شۆڕشی نەتەوەیەوە گرنگی بە شۆڕشی ژن بدرێت، واتە هاوتا گرنگی بە هەردو خەبات نەدرێت، کە هەڵەیەکی زەقە هەمان هاوکێشە دوبارە کراوەتەوە بیٰ ئاگا لەوەی، کە شۆڕش و خەباتی سیاسی و نەتەوەیی بە تەنها رەگەزێک بەرێوە ناچێت و وەرەی شۆڕش پێکنایەت.

×واتە ژن سەرچاوەی وەرەی خەبات و خۆڕاگرییە، بۆیە لە بزوتنەوەی باشور و رۆژهەلاّتدا هەمیشە خۆ دوبارەکردنەوەوە و ساردبونەوە لە تێکۆشان، یان خولانەوە لە ناو بازنەدا رویداوە، هەرچەندە ژن لە بزوتنەوە سیاسیەکانی رۆژهەلاّتدا هەن، بەلاّم بە هۆکاری کزی یان نەبونی بنەمایەکی زانستی قوڵ و غیابی سەرکردە هیچ گۆڕانکاریەکی ئەوتۆ رونادات، هەرچەندە بەشداری ژمارەیەکی باشی ژن وەک شۆڕشگێڕ لە خەباتدا مایەی پێزانینە.

×لە کاتێکدا خەڵک ئاشنا بێت بە مافەکانی، کە بنەمایەکی کلتوری هەبێت، ئاسایی بنەمای دیموکراسیەت لە خوارەوە بۆ سەرەوە هەڵدەکشێت و دەسەڵات ناچاری گۆڕانکاری یان دەست لە کار کێشانەوە دەکات، ئەگەر نا بە لێپرسراوێتی و دڵسۆزی کەسانی نوخبە و رێکخراوە مەدەنی و ژنانی و سیاسیەکان خەڵک بە مافی ئاشنا دەکرێت، بە ریفۆرم و زیندوکردنەوەی نرخ و بەهاکانی خەڵک، بەڵام لە هەرێمدا ئەم هەنگاوە نەک بیری لێنەکراوەتەوە، بەڵکو رێگری لە راگەیاندن و لایەنی کارا دەکرێت.

کەواتە رۆڵی گرنگ بۆ رێکخراوەکان دەگەڕێتەوە بۆ فشار خستنە سەر دەسەڵات بە چالاکی دیموکراسی، کە ناچاری گۆڕانکاری بکات، بە داخەوە ئەم توێژە گرنگە لە رێکخراوەکان و راگەیاندنیش، بێ هیوایانە بۆ کێشەکان دەڕوانن و هەمان پراکتیکی ئەوان پەیڕەو دەکەنەوە، بۆیە لە ئاوا رەوشێکدا زۆر ئاسایی پرۆژە یاسایەکی وەک قەدەغەکرنی فرەژنی پەسند ناکرێت، چونکە مەرام و غەریزەی دەسەڵاتی پیاوسالاری دەکەوێتە مەترسیەوە و دەبێتە ورەیەکیش بۆ رێکخرا و چالاکوانانی ژنان و هەنگاویتری بە دوادا دێت.

×زۆر ئاسایە بۆ دەسەڵات و پیاوانێکیش، کە بانگەشەی عیلمانی بکات و دەنگ بۆ یاسای فرەژنیش بدات، کە وێڕای ئەو هەموو سەفەرە زۆرەی بۆ وڵاتانی پێشکەوتو، بەڵام هیچ بە چەمکەکانی مافی مرۆڤ و هاوڵاتیبون و پرەنسیب ئاشنا نەبوبێت، چونکە پێویستی نەبوە، ئیدی ئەم پیاوە چۆن دەتوانێت خاوەن داد





بێت و دو ژن یان زیاتر بەڕێوە بەرێت؟، کە ئەم تایبەتمەندیانە لە ناوەڕۆکی پیاودا نیە و یاساش ناتوانێت لەسەری بسەپێنێت، چونکە دەبێت تاک خۆی ببێتە جێبەجێکەری یاسا و پەیڕەوی بکات، هیچ شتێک بە چەسپاندن و لەسەرەوە بۆ خوارەوە شۆڕکردنەوە پێکنایەت، بەڵکو بۆ ئێستا و ئایندەمان ئەرکی گۆڕانی کۆمەڵگە دەکەوێتە ئەستۆی رێکخراوەکان و راگەیاندن و دەستەبژێری بە توانای گەل.[19]

## پرسی ژنان،
## حکومەت و پەرلەمان و راپۆرتە نێو دەوڵەتییەکان

رەوشی ژنان لە هەردو کابینەی پێنجەم و شەشەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا هیچ گۆڕانکاری جیدی بە خۆیەوە نەبینیوە، بە پێی ئامارەکانی حکومەتی هەرێم توندوتیژی لە هەڵکشاندایە، سەرەڕای دامەزراندنی دو بەڕێوەبەرایەتی بە دواداچونی توندوتیژی دژ بە ژنان.

لە نوێترین راپۆرتیدا یونامی ئاماژە بەوە دەکات، کە بکوژانی ژن سزا نادرێن و کوشتن بە بیانوی شەرەف لە زیاد بوندایە و لە کابینەی شەشەمیشدا رێژەی ژن زۆر کەمە، کە ئاماژەیە بۆ بێ توانا نیشاندانی ژنان لە کارە ئیداری و حکومیەکاندا.

19 —لە رۆژنامەی رۆژنامەدا بڵاوکراوەتەوە.

## توندوتیژی لە چاوی جیهانەوە

لە نوێترین راپۆرتی یونامیدا دەربارەی مافی مرۆڤ، ئاماژە بەوە دەکات لە هەرێمی کوردستاندا هەوڵ هەیە بۆ باشکردنی باری ژنانی هەرێمەکە، بەڵام هێشتا تاوانی کوشتنی ژنان بە بیانوی شەرەف بەردەوامە و بکوژان و تاوانبارانی ژنان ئازاد دەکرێن و تاوانەکەیان بە بێ سزا تێدەپەڕێنرێت، لە بارەی زیندانیانیشەوە دەڵێت هەرێمی کوردستان نەیتوانیوە نمونەیەکی جیاوازتر لە عێراق پێشکەش بکات، زیندانەکان قەرەباڵغن و بە شێوەیەکی خراپ مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت.

## ئامارە حکومیەکان

بە پێی ئامارێکی بەڕێوەبەرایەتی بە دواداچونی توندوتیژی دژ بە ژنان، کە لە**2007/7/4**دا و لە دوای تیرۆرکردنی دۆعاوە، لەلایەن وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمەوە بە ئامانجی رێگری و کەمکردنەوەی توندوتیژی لەسەر ژنان دامەزراوە، تەنها لە پارێزگای سلێمانیدا لە **6** مانگی یەکەمی ساڵی **2009**دا، "**603**"حاڵەتی توندوتیژی لەسەر ژنان هەبون و**327**حاڵەتیان توندوتیژی جەستەیی بون، راپۆرتەکە هۆکاری توندوتیژیەکەی بۆ لایەنی دەرونی پیاوان گەڕاندۆتەوە، کە توانای خۆ کۆنترۆڵکردنیان نامێنێت و نزمی ئاستی رۆشنبیری و پەروەردەیی و نەریتی کۆمەڵایەتی و ئابوری خێزان.





لە رۆژی **19**ی نۆڤمبەریش سەرەتای هەفتەی بە رەنگاربونەوەی توندوتیژی دژ بە ژنان بەڕێوەبەرایەتی بە دواداچونی توندوتیژی دژ بە ژنان لە سلێمانی ئاماری مانگەکانی کۆتایی ساڵی **2009**ی راگەیاند، کە **378**حاڵەتی سوک و قورس بون، کۆی گشتی لە ساڵی **2009**دا و تەنها لە پارێزگای سلێمانیدا"**981**" حاڵەتی توندوتیژی بون بە ژنان.

## کۆتا بۆ ژنان

لە هەڵبژاردنەکانی**2009/7/25**دا سیستەمی کۆتا بۆ گەیاندنی رێژەیەکی زیاتری ژنان بە دەسەڵاتی یاسادانان پەیڕەوکرا و رێژەکەی لە **25**٪وە بۆ لە**33** ٪ زیادیکرد، ئەمە لەلایەن دەسەڵاتەوە بە دەستکەوت دادەنرێت، بەڵام ئەم سیستەمە لە وڵاتانی پێشکەوتو بە ناکۆک لەگەڵ پرەنسیبی یەکسانی نێوان ژن و پیاو و چەمکی دیموکراسی ناو دەبرێت، چونکە پێویستە رێگە بە ژن بدرێت بەهێز و ئیرادەی خۆی بێتە پێشەوە، زۆرێک لە وڵاتان پشت بە سیستەمی کۆتا دەبەستن لەوانە باشوری ئەفریقیا لە ساڵی **1994**وە و لە ساڵی **1996**وە لە وڵاتانی عەرەبی بەکار دێت و یەکەمجاریش لە میسر ساڵی **1964**وە بە دەقی دەستوری پشتگیری لێکراوە، ئێستا سیستەمی کۆتا لە وڵاتانی مەغریب و فەلەستین و میسر و عێراق بە کاردێت، کە رێژەی ژن لە پەرلەمانەکانیاندا لە **9.6**٪ تێناپەڕێت.

## کابینەی شەشەم چی بۆ ژن پێیە؟

ڕۆژی **2009/10/28** پەرلەمانی کوردستان بۆ دەنگدان لەسەر کابینەی شەشەمی حکومەتی هەرێم کۆبویەوە و دەنگیپێدا، بە گوێرەی ئەو چاوەڕوانیانەی ژنان کە پێشبینی ڕێژەیەکی باش لە ژنانیان لەناو ئەو **19**وەزارەتەدا دەکرد، بە پێچەوانەوە دەرکەوت تەنها یەک ژن بۆ پۆستی وەزیری کار و کار و باری کۆمەڵایەتی دەستنیشانکرا، ئەم هەڵوێستە چالاکوانانی بواری ژنانی توڕە کرد و بە چەندین وتار و نوسین و بەیاننامە ناڕەزایی پیشاندرا، لە کاتێکدا لەم قۆناغەدا ئاستی توندوتیژی بە هەموو جۆرەکانیەوە لەسەر ژنان و هەراسانکردنی سێکسی و خەتەنەکردن و هەڵواردنی ژنان لە زیادبوندایە و پێویست بە یاسا و دەزگای حکومی هەمەجۆر بۆ داکۆکیکردن لێیان دەکات، بەڵام لە کارە حکومیەکاندا ژنان بە ڕێژەیەکی زۆر پشتگوێخراون.

×لە کابینەی پێنجەمدا وەزارەتێک بە ناوی وەزیری هەرێم بۆ کاروباری ژنان دانرابو، هەرچەندە لە سایەی ئەم وەزارەتەشدا ڕەوشی ژنان هیچ گۆڕانکارییەکی ئەوتۆی بە خۆیەوە نەبینی، بەڵام لابردنی ئەم وەزارەتە بوە هۆی گلەیی و ڕەخنەی ڕۆشنبیران و ڕێکخراوەکانی ژنان، فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەماندا پێشنیاری وەزارەتێکی ژنانیکرد، هەرچەندە پشتگیری تەواوی ژنانی بە دەست نەهێنا بە سەرنجدان لە وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری ژنان لە کابینەی پێشوودا، کە بێکاریگەر بوو.





## هەوڵی نویی کابینەی شەشەم

لە دوا کۆبونەوەی خۆییدا ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری دامەزراندنی ئەنجومەنێکی باڵای بۆ ژناندا، کە یەکسەر گرێدراوی حکومەت بێت و سەرۆکی حکومەت سەرپەرشتی بکات، ئەگەر لە بۆشایی ڕۆڵی ژن لە حکومەتدا ئەم ئەنجومەنە پێکدێت، گرێدراوی پەرلەمان بێت زیاتر یاسایی و کارا و دور لە دەسەڵاتی حیزب دەبێت، چونکە ئۆپۆزسیۆن لە پەرلەماندا بونی هەیە، بەڵام گرێدانەوەی بە حکومەتەوە پرسی ژن لە چوارچێوەیەکی تەسکدا قۆرغ دەکات، بە تایبەتی کە کابینەی شەش ئامادە نەبوە دو ژن لە کابینەکەیدا وەزیر بن، بۆیە ئەوانەش بۆ ئەم دەزگایە دادەنرێن هەمان کەسانی دیاریکراوی حیزب و حکومەت دەبن و توانای هیچ هەنگاو و قسەکردنی سەربەخۆیان نابێت، ئەگەر ئامانج لێی داڕشتنی سیاسەتی حکومەتە لە مەڕ مەسەلەی ژنان، ئەوا لە سەرەتاوە حکومەت بەشدارە لە توندوتیژی دژ بە ژنان و هەڵاوێردنیان وەک لە ڕاپۆرتەکەی یۆنامیشدا هاتوە و بەشداری پێنەکردنی ژن لە کابینەی نوێدا جۆرێکی دیارە لە توندوتیژی دەسەڵات دژ بە ژن.

## پەرلەمانی کوردستان چۆن دەڕوانێتە پرسی ژن

لە خولی دوەمی پەرلەمانی کوردستاندا پرۆژە یاسای بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی خێزانی لە ساڵی **2007**دا، لەلایەن

لیژنەی داکۆکی لە ئافرەتانەوە ئامادە کرابو لە **25**مادده پێکهاتبو، بەڵام لە**2008/9/10**وە خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراو ڕەوانەی ئەنجومەنی وەزیران دەکرێت دوای هەشت مانگ مانەوە لە لای حکومەت، پڕۆژەیەکیتر ئامادە دەکرێت و ڕۆژی **2009/11/27** لەم خولەی پەرلەماندا خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە و پڕۆژە یاسای قەدەغەکردنی خەتەنەی مێینەش تەنها باسی هەیە.

پێشکەشکردنی پڕۆژە یاسای بیمەی کۆمەڵایەتی بۆ کابانی ماڵ، کە پێشکەش بە پەرلەمانی کوردستانکراوە، بێجگە لەوەی لەلایەن دەسەڵات و ڕێکخراوەکانەوە ڕەتدەکرێتەوە بە بیانوی ناردنەوەیان بۆ ماڵ و کار نەکردنیان لە دەرەوە، وەک ئەوەی حکومەتی هەرێم هێندە کارا بێت یەکسەر دوای پەسندکردنی لەلایەن پەرلەمانەوە بیخاتە بواری جێبەجێکردنەوە و بەو بڕە پارەیە ژنان پاڵی لێبدەنەوە، بێجگە لەمانە لەلایەن هەندێک لە چالاکوانانی ژنانیشەوە تێبینی لەسەرە وەک ئەوەی، کە لە وڵاتان هیچ یاساییەک بە ناوی ڕەگەزەوە دانانرێت، بەڵکو بۆ بەرژەوەندی سەرجەم کۆمەڵگا دادەنرێت، بەڵام بە گوێرەی زانستی ئابوری کاری ژن لەناو ماڵدا بەکار ناژمێردرێت بە هەڵەیەکی ئابوری ژمێردراوە، چونکە ڕەنج و کاری هەموو تاکێک دەبێت داهاتەکەی بچێتەوە ناو کۆی داهاتی نەتەوەییەوە و ژمێرەی کاری بۆ بکرێت، چونکە ژن لە ماڵدا ڕەنج دەدات و بۆی ناژمێردرێت، بۆیە لە هەوڵی ئەوەدان ژمێرەی بۆ بکرێت.[20]

[20] –لە ژمارە "564"ی 2010/1/12ی ڕۆژنامەی ڕۆژنامەدا بڵاوبۆتەوە.





## دەروازەی سێهەم:

## باسی یەکەم

### 1– ژن دوور لە هەر کایەکی سەرەکی یان کەم و بێ ڕۆڵ

×زۆر جار باس دێتە سەر ئەوەی، کە ژنان ڕۆڵی سەرەکیان لەسەر شانە و پێشەنگی کۆمەڵن، بێگومان زۆر لەو قسانە کراون، کە کلتوری باوکسالاری و نا ڕۆشنبیری ژنان ڕێگرن لە نواندنی ئەم ڕۆڵە ئەمانە ڕاستیەکن، بەڵام فاکتەرن بۆ هاندانی ژنان و گەڕان بە شوێن ڕێگا چارەیاندا، کێشەکە لێرەدایە، کە هەمیشە بە کەمترین ماف ڕازیبوین و زۆرترین مافمان خستۆتە دواوە، هەرچەندە دەرفەتی قسە تێدا کردن و هەوڵدانی جیدیش هەبو بێت، بۆیە ژنان ئەگەر فەرشی سوریشیان بۆ ڕاخرابێت کەچی خۆیان پێچاویانەتەوە و بە مافی خۆیان نەزانیوە، هەڵبەتە ئەم دەرەنجامەی ئەمڕۆ بۆ سەرەتاکانی دەستپێکردنی خەباتی سیاسی کورد دەگەڕێتەوە، کە ژنیش ناڕاستەخۆ ئەندامێکی کارای ناو خەباتی سیاسیبوە، واتە لە مێژوی خەباتی سیاسی کوردا، هیچ کاتێک بەرنامە بۆ ئامانجێکی گرنگ و ستراتیژی دانەڕێژراوە و یەکانگیری ڕێکخستنی لە نێوان سیاسیەکان و گەلدا نەبوە و ستراتیژیەت و پلانی درێژخایەنی نەبوە، چجای ئەوەی لەناو تاکەکانی کۆمەڵدا ڕەنگی پێبداتەوە و گەلی لێ ئاگادار بکاتەوە.

×ژنانی چالاک هەمیشە لەلایەن دەسەڵاتی سیاسی و کلتوری کۆمەڵایەتیەوە ئاستەنگیان لێکراوە، بەڵام ئێمەش ئەو خەباتەی کردومانە نەمانکردۆتە موڵکی زۆرینەیەک لە ژنان و شوێنی پتەوی

خۆینەگرتوە، چونکە زەمینەسازی لە کۆمەڵگەکەدا بونی نەبوە و ژنانیش خۆیان بە سنورە کۆمەڵایەتی و کلتوریەکانەوە هێشتۆتەوە، ئەمە وایکردوە هەوڵەکانمان تاک و تەرا بمێننەوە دروستبونی سەرەتاکانی خەباتی سیاسیش وابوە، کە هەمیشە خۆیان بە چەند مەرجێکی کەم و ئاسانەوە بەستوەتەوە و ئەمەیانکردۆتە کلتور و زەمینەسازیان بۆ راهێزانی توانای توێژە کاراکانی کۆمەڵگە نەکردوە.

×لە خەباتی سیاسیدا ژنیش زۆر دورە پەرێز و نائاگا بوە، چونکە تەنها ئەرکی خزمەتکاری تەکنیکی پێ سپێردراوە و رۆڵە سەرەکیەکانی لێسەندراوەتەوە و وا رەنگرێژ کراوە، کە کاری سیاسی و بڕیاردان و بەرنامەڕێژی تەنها کاری پیاوە، ئیدی لایەنە هزری و رۆشنی و سەرەکیەکان لەلای ئەو ژنە دەبێتە سفر.

×لە دوای راپەڕینەوە دەتوانرا ئەم کەسایەتی و کلتورە تازەیە لە ناو تاک بە تایبەتی لە ژناندا دروستبکرێت، بە بونیادنانی پەیکەرێکی تازەی کۆمەڵگە و سیستەمێکی سیاسی نوێ و بە سەرەکی وەرگرتنی وزە و توانای رەگەزە سەرەکیەکانی، کە ژن و گەنجن بە مەرجێک سیستەمی سیاسی ئامادە سازی بۆ بکردایە و پەرۆشی تازەگەری کۆمەڵگە و دڵسۆزی مێژو و بەها و خاکێک بوایە، کە بە ساڵانە لە ژێر زەبری دواکەوتندا بوە.

×لە ئەمڕۆدا ژنان لەناو ئەم گێژاوەدا زۆر کلاسیک و بێ توانا دێنە بەرچاو، سەرەڕای کرانەوەی هەرێم بە روی جیهاندا، ژنان جیا لە شێوە و رۆڵی تەکنیکی، لە ناوەڕۆکدا لە جەوهەری خۆیان دوردەکەونەوە و ژیانێکی مادی روت فەراهەم دەکەن، بۆیە ئەگەر





چالاکوانەکانی بواری ژنان و پەرۆشانی دۆزی ژن کاری گرنگیش بکەن، لەلایەن ژنان خۆیانەوە پشتگیری ناکرێن و پیاوانیش تەنها روی دەرەوەیان بۆ پشتگیری پیشاندەدەن و ناوەڕۆکیشیان ئەو شتە شاراوەیە، کە بە توندوتیژی پێناسە کراوە و لە کاتە هەستیارەکاندا دەکەوێتەڕو.

ئەمە ناوەڕۆکی ئەو کۆنی و لە دواوە مانەوەی کۆمەڵگە پیشاندەدات، کە بە حوکمی سیستەمی سیاسی هەزمیکردوە و ئاوات"تموح"ی مرۆڤ لەم پارچەیەی کوردستاندا تارادەی سفر پوکاوەتەوە و ئەوەی بە لای تاکی ئێمەوە خەیاڵ نەبێت، هەوڵدان و پەرۆشیە بۆ نرخ و دەستکەوتە سەرەکیەکانی گەل و نەتەوە و ئەزمونێک، کە بە خوێن و ماندوبونی ئەوان هاتۆتە کایەوە، قسەی فەیلەسوفێک هەیە دەڵێت" ئەوەی بە ئاسانی بە دەست بهێنرێت بە ئاسانیش لە دەست دەچێت، بەڵام ئێمە ئەوەی بە دەستمان هێناوە بە قوربانی و رەنج و فرمێسک و چنگە کرێیوە، لێ ئەرکی بەرپرسیارێتی و خاوەنداریێتیمان کزە و رانەهێنراوین ئەنجامی هەوڵەکانمان بپارێزین بێگومان هەر ئەوەیە، کە بە کەم رازیبوین و خۆمان قایلکردوە، کە لەوە زۆرترمان پێبەڕێوە نابرێت، بێ شک ئەمە بۆ مێشکی سیاسی و بێ ئامانجی سەرەتای بزوتنەوەی سیاسی کورد بە ئەمڕۆیشەوە دەگەڕێتەوە و ژنیش فاکتەرێکی سەرەکی و دیاری کۆمەڵگەیە، کە لەناو بۆتەی هەمان سیاسەتدا خۆی تواندۆتەوە و هێشتا دەرکی بەوە نەکردوە، کە رەگەزی سەرەکی پێکهێنانی کۆمەڵگەیەکی سەردەمی و مەدەنیانەیە.

## 2– دوای سەدەیەک خەباتی ڕەوا زمانی کوردی بە فەرمی قەدەغە دەکرێت

×قەدەغەکردنی زمانی کوردی لە زانکۆکانی عێراقدا، بێجگە لە هەرێمی کوردستان بە کەرکوکیشەوە، هێمایە بۆ بەهێزبونەوەی عێراق و زیندوبونەوەی دەسەڵاتی کۆنی ڕژێم، کە تا ئێستا جەسارەتی دەنگهەڵبڕینیان نەدەکرد، بەڵام لەگەڵ کزیی دەسەڵاتی کورد لە عێراق و سازشکردن لە زۆرینەی مافەکانی گەلی کورد و پشتگیری نەکردنی وەک جاران لەلایەن ئەمریکاوە، لە کات و ساتی گفتوگۆکردن لەسەر کشانەوەی هێزە بیانیەکان لە عێراق و لە دەستدانی مادەی **140** و جێگرتنەوەی مادەی **24** و کار نەکردن بە دەستور و پێشێلکردنی، زەمینەیەکی باش بۆ زیندوبونەوەی کۆنە بەعسیەکان ڕەخسا و ئێستا بە ئاشکرا بانگەشەی بۆ دەکەن.

×لە دەستوردا زمانی کوردی دوەم زمانی فەرمیە و لە چوارچێوەی عێراقدا مافی کار پێکردنی هەیە، بە پێی سیستەمی فیدراڵی هەموو پێکهاتە و ئەتنیکە جیاوازەکان مافی گوزارشتکردن لە زمان و کلتور و بیری خۆیان هەیە، بە پێی ئامارەکانی ساڵانی ڕابردوش هێشتا یەک ملیۆن کورد لە بەغداد دەژین و لە چیای حەمرینەوە واتە هەموو گەرمیان وێڕای تەعریبکردن، بە کوردی دەئاخڤن، پێویستبو وەک باشترین هەلی دەستکەوتو حکومەتی هەرێم لە سەرەتاوە کاری لەسەر ئەم بەندە دەستوریە بکردایە،





خوێندنگەکانی لە ناوچەی کەرکوک و گەرمیان بکردایە بە کوردی و هەموو پێداویستیەکانی بۆ دابینبکردنایە، هەرچەندە ئەمە لە هەرێمیش نەکراوە، خەڵکی ئەوێ زۆر پەرۆش و تامەزرۆن بۆ زمان و ناسنامەی کوردی، بەرگریش لە ناسنامە و ئیرادەی کوردی دەکەن.

×هەموو هەڵەکان، ئەگەرچی لە بەرامبەر سیستەمێکی کۆندایین و هیچ بەندێکی فیدراڵی بەسەردا ناسەپێت، بەڵام زەمینەی کارکردن و بە فەرمیکردنی ئەم لایەنە گرنگە لە باربو، لە دوای پرۆسەوە لە کەرکوک، کە خەڵک بە تاسەوە داوای خوێندنی کوردیان لە خوێندنگەکاندا دەکرد و منداڵەکانیان بۆ قوتابخانە کوردیەکان دەبرد لەوێ بەو شێوەیە تێدەگەیەنران، کە زمانی عەرەبی بۆ دواڕۆژی منداڵەکانیان باشترە، لەبەرامبەر هەڵپە و هەنگاوی تورکمان و عەرەبەکانی ئەوێ بۆ خۆسەپاندن، دەسەڵاتی کوردی سەرەڕای ئەو هەموو بنکە و بارەگا و ڕۆژانە ئاهەنگی حیزبی و فیوداڵیە، ئاوڕێکیان لە خەڵکی کورد نەدەدایەوە و بە دەنگ داوایەکیانەوە نەدەچون و خەڵکیان بە وێنەی ئێستای هەرێم بێزار دەکرد و ناچاری خۆدانە دەست چارەنوسیاندەکردن.

×کورد لە سەرەتای داگیرکاری کوردستانەوە ئیرادەی شکێنراوە، کەسێتیەکی بێ ئیرادەی بەسەردا دابڕاوە، مەحاڵە ئەگەر ئیدیۆلۆژی و فەلسەفەیەکی قوڵ و ریشەیی لە پشتەوە نەبێت خۆی بکاتەوە بەو قەوارە بەهێزەی دەخوازرێت، نەبونی ئەم باکگراوندە بەهێزەییە، هەمیشە گەل و تاکێکی بێهێز و دەستەوسانی بەرهەمهێناوە، لە

ئەنجامدا خەڵکی باشوری کوردستان وایلێهاتوە، خەریکە توشی فەلسەفەی دادایزم دەبێت و بونیادنانەوەی لە بنچییینەوە زۆر قورسە تەنها چاکسازییەکی ریشەیی دەیگۆڕێت.

×هەمان فەلسەفە لە هەنگاوی سەرکردەکاندا هەیە و ئیرادە شکاون، لە کاتی سەردان و گفتۆگۆ و کۆنگرە رۆژنامەوانیەکاندا پێویست بو داوای وەرگێڕیانبکردایە و بە کوردی بئاخڤینایە و قورسایی زمانی کوردیان لەسەر رای گشتی و گەلی کوردیش دروستبکردایە، بەداخەوە لە کاتێکدا، بە زمانی بێگانە دەدوێین بە شانازی دەزانین، هەرچەندە بڕیاری قەدەغە کردنی زمانی کوردی بە درۆ خرایەوە و دەوترێت راست نیە، بەڵام خۆ ئەو مەترسیە هەر بونی هەیە و پەسند نەکراوە، هەر کات ئەگەری روبەڕوبونەوەمان هەیە، ئەگەرەکانیشی لەلایەن دەسەڵاتی عەرەبی و کوردیشەوە لاواز نین و بەهێزیشە، کەواتە ناردنی ئەو لێشاوە زۆرەی عەرەبی عێراق بۆ هەرێمی کوردستان، ئەو راستییە پشتڕاستدەکەنەوە، کە ئامانجیان تەنها تەعریبکردنەوەی کوردستان بوە و هەموو بیانوەکانیتری وەک رەوشی نالەباری عێراق و خراپی باری ئاسایش لەو ناوچانە، هەمان ئەو پەندە پشتڕاستدەکەنەوە، کە دەڵێت روی راستی بە بێژەنگ ناگیرێت.

×ئەمە چاکە و پاداشتی گەلی عەرەبە بەرامبەر ئەو هەموو میواندۆستی و دڵسەخاوەتیەی دەسەڵاتی کوردی، کە لە گەورەیی خۆیان نیشانیاندان، کەچی لای دەسەڵاتی کوردی سبەینێ هەمان تاس و بابەتە و هیچ ئەزمونێکی لێوەرناگیرێت،





ئەوان هەر برا عەرەبەکانمانن و ئێمەش هەر خۆمان، ئەگەر دەسەڵاتی عێراقی چەند بەهێزیشبێت، بەڵام بە هێزی دەسەڵاتی کوردی و سوربون لەسەر سەندنی مافە رەواکانی گەلی کورد و هەوڵدان بۆی، دەبێتە ئاستەنگی بەردەمی ئەو هێزە و گەلێریبونی کوردیش بۆ دەسەڵاتی کوردی زیاتر دەبێت.

**باسی دووەم:**

**1– رەشبینی ژنان، بردنی داهاتویی کۆمەڵگەیەک بەرەو لێواری مەرگ!!**

×زۆرینەی ژنان لە هەرێمی کوردستاندا لە بارێکدان، جۆرێک لە دورە پەرێزی و پشت بەخۆ نەبەستن لە کەسایەتیاندا دەبینرێت و هەوڵ و تیۆری کەسیی خۆیان ناخەنە گەڕ و گرنگی بە هزر و پێگەیشتن نادەن و بە شوێن و ستاتۆی خۆیان بە ناچاری رازیبون و نایانەوێت بوروژێنرێت لە هەمویشی مەترسیدارتر رەشبینی و بێ باکیانە بەرامبەر هەر هەوڵێک بۆ داهاتو، چونکە لە سایەی ئەم سیستەمەی پاش راپەڕین و مێژوەکەیدا هەنگاوی چارەسەریان بەدینەکردوە و هەمیشە هیواکانیان هەڵوەرێنراون، هەڵبەتە ئەم جۆرە دورە پەرێزییە هۆکار گەلێکی زۆری لە پشتەوەیە لەوانە زۆر لە ژنان لەو رەوشەی تێیدان خۆیان لەهەر پێشکەوتنێک بێبەریکردوە، کە پێویستە هەوڵی بۆ بدەن و تامەزرۆی بن، حەزیش ناکەن کەس ئەو رەوشەیان بەبیردا بهێنێتەوە، ئەوانەشی رازی نین وەک چارەنوسێکی سەپێنراو پەسندیانکردوە و دەڵێن چیبکەین کێ

لە مافمان دەپرسێت، ئەمە راستە و دەرەنجامی **18**ساڵ کاری سیستەمی سیاسی و رێکخراوەکانیانە.

**زۆرتر رەشبین بون**.

×هەڵبەتە ئەم چەمکە گشتگیر نیە بەو مانایەی، کە ژنان بە گشتی و لەهەر کوێیەکی جیهاندا بەم شێوەیە رەشبینن و رووداوەکان بە وردی ناخوێننەوە، نەخێر بەڵکو لە هەرێم و باشوری کوردستاندا زۆرینەی ژنان دەرەنجامی نەرێی واقیعی سیاسی کوردستان زیاتر لە کەسایەتی و هزریاندا رەنگیداوەتەوە و لە ژێر ئەو باندۆریەدان، لەوانە خۆنەدان لە ئاستی ئەو گفتۆگۆیانەی لەسەر رەوش و دۆزی ژنان و سیاسی دەکرێت و بە چارەنوسی ئەوان و گەلەوە بەندە، چونکە لە سەرەتاوە بە کاری ئەوان نەزانراوە و فاکتەریش زۆرن، هەڵبەتە ئەگەر زەمینەیەکی راستی خۆ دەربڕین لە بنچینەوە فەراهەمبوایە و تەم و فشاری سیاسی و حیزبی و کۆمەڵایەتی رێگر نەبونایە، لە بەردەم خۆ دەربڕینی ئازادانەی تاک و ژناندا، ئەوا مۆدێلێک لە ژنان دروستدەبو، کە بە جەسارەتەوە خۆی لە هەموو راو گفتۆگۆکانی تایبەت و گشتی بدات بێ سڵکردنەوە، فەراهەمکردنی زەمینەی خۆ دەربڕین و بە ئازادی هێنانە زمانی خواست و قسە و کردار کردن، کلیلێکە بۆ دروستبونی کەسایەتیەکی پتەو و ئازاد بێ خۆ خستنە ژێر هیچ کاریگەرییەکەوە وەک ئەوەی ئێستا هەیە.





×هەبونی ئەم سیستەمە پڕ لە دڵەڕاوکێ و گرژی و ترسە جۆرە تەمێکی شاراوەی لە دەرون و هزر و کەسایەتی ژندا دروستکردوە، بەڵام لە هەموی مەترسیدارتر ئەوەیە، کە رۆحی هەوڵدان و خۆ پێشخستن لەلایەن ژنان خۆیشیانەوە نیە و لەم رەوشەی ئێستاش رەشبینن، کە رەشبینی خراپترین ئەدگار و رێگرییە لە هەموو هەنگاوێک بەرەو پێشەوە، چونکە سیستەمە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکە پەلوپۆی شکاندوە، کەچی لە باکور و رۆژهەڵاتی کوردستاندا سەرەڕای هەموو رێگرییەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئاینی، ژنانێک دەردەکەون و خەباتدەکەن، کە سیستەمی سیاسی کۆماری ئیسلامی توانای بەرهەڵستی نیە، لە ناو ژنانی باشوریشدا هێندە سنور بە دەوری خودا دەکێشرێت، کە لەوانەیە کۆمەڵگە هەر بیریشی لێ نەکردبێتەوە، لەوانە خۆخستنە ژێر کاریگەری قسە و خۆ بەستنەوە بە نەریتە کۆن و سواوەکانەوە، لە خۆیدا بیانو هێنانەوەیە بۆ خۆ دورە پەرێز گرتن و هەنگاو نەنان.

×لە هەمان ئەم رەوشە پڕ لە گێژاوەدا قورسایی کەلتورێکی کۆمەڵایەتی و خێزانی هۆکارێکیتر بوە، بۆ زیاتر کەڵەکردنی فشار لەسەر کەسایەتی و پەراوێزخستنی، لە ئەم دروستبونە ناهاوسەنگ و کەموکورتەدا ئەم ژنە بۆتەوە بە دایک و نەوەیەکی بەو سایکۆلۆژیا و کەسایەتیە لاوازەی خۆییەوە پەروەردە کردوە، کە هێشتا لە زۆرینەی کایە گرنگەکانی کۆمەڵگەدا خۆی یەکلاینەکردۆتەوە و وەک کەسایەتی خۆینەناسیوە، ئەمە هۆیەکە

بۆ بە هەڵە پەروەردەکردنی نەوەیەک و جارێکیتر سەرگەردانکردنەوەی کۆمەڵگە.

×لە ئەم رەوشە پڕ لە ناکۆکیەی ژنی تێدایە و پیاو خاوەن کەلتورە زاڵ و نا هاوسەنگەکەیە کرانەوەی جیهانیش روی لەم هەرێمە کردوە و ئەم جۆرە لە ناکۆکی، کە بەر کرانەوەی جیهانی و کۆمەڵگە نوێیەکان دەکەوێت، تێکەڵی و ململانێیەکی کۆمەڵایەتی و کەلتوری دروستدەکات، تاک توانای یەکلاکردنەوە و بڕیاردانی خێرای لەم بارەیەوە نیە، بە تایبەتی، کە ژن هەنگاوەکانی سەرکوتکراون و توانای فڕینی لێ سەندراوەتەوە، هەمان ئەم کرانەوەیەش ئەگەر هێزێکی سەرەکی ریفۆرم و کاریگەر بۆ گۆڕینی رەوشی ناهاوسەنگی کۆمەڵایەتی و کەلتوری نەبێت، شێوەیەک لە ململانێیەکی دەرونی دروستدەکات، زۆر جار توندوتیژی خێزانی و کۆمەڵگە سەرچاوەکەی کرانەوەی هەرێمە بە روی دەرەوەدا و شکستی هێزی چاکسازی و نوێکردنەوە و تەدبیر وەرگرتنە لە ناوخۆدا، چونکە توانای تێپەڕاندنی کۆن و پێشوازیکردن لە تازەگەری نیە.

×لە ناوخۆشدا پەنگخواردنەوەیەک تەنگ بە کۆمەڵگە و تاک هەڵدەچنێت، بۆیە ئاستی توندوتیژی لەسەر ژن زیاد دەکات، یان تاک توشی نائومێدی و شکستدەکات، لەبەرئەوە پێویستی بە رێنمایی و بەرنامە رێژی لەلایەن حکومەتەوە دەبێت، بۆ ئەوەی تاک لەگەڵ خۆیدا نەبات، چونکە لەبەردەم ئەم لێشاوەدا یان دەبێت





تەسلیم بێت و شێوەیەک لە نامۆ بون لەخود دروستدەبێت، یان پارێزگار و دورە پەرێز دەمێنێتەوە.

×ئەوەی لەم جیهانە تازەیەدا وەک شێوازە جەوهەرییەکەی دورە پەرێزە ژنە، زۆر جار لەو جیهان و دۆزەی، پێویستە لە ناوماندا بونی هەبێت بێئاگان، ژنێکی فەرمانبەر پێیوتم، "چەند ساڵە بەڕێوەبەرم و خزمەتم هەیە، بەڵام چونکە حیزبی نیم پلەم بۆ ناگۆڕێت، بۆیە بێ هیچ قسەیەک کارەکەم بە پاکیدەکەم و ویژدانم ئاسودەیە، رابردو و ئێستاشم پاکە، ئەوەی رێکخراوەکان باسیدەکەن تەنیا بۆ خۆ دەرخستنە و هیچیان بۆ ژن پێ نیە و بەرگریمان لێناکەن"، ئەمە واتە بێدەنگبون لە بەرامبەر هەر شتێک و دەستگرتن بە کەڵاوەکەمەوە با با نەبیات، ژنێکیتر لە قسەکردندا ددانی پێدا دەنێت، کە راستە ئێمە زۆر شتمان وەک ژن کەمە و هاوکێشەکەمان لەگەڵ پیاودا لاسەنگە، بەڵام تازە قبوڵمانکردوە لەوە زیاتر هیچمان پێناکرێت، ئەم وتانە ئەو پەڕی بێ متمانەییە بەو کۆمەڵە رێکخراو و دەزگا حکومیانەی، باس لە چارەسەری کێشەی ژن دەکەن، چونکە ژن لە بنەڕەتدا متمانەی بەو هێز و لایەنانە لە دەستداوە و لە ناوەڕۆک و کردەوەی خۆشیدا ئەگەرچی گوزارشتی راستەوخۆی لێناکات، بەڵام پیاوی بە چەوسێنەر و توندوتیژ لەسەر ماف و کەسایەتی خۆی ناسیوە.

×خۆ دورگرتنی ژن لە را دەربڕین و گوزارشتکردن، هەر هیچ نەبێت لەو رەنج و کارەی رۆژانە دەیکەن و کەس پێیان نازانێت، بێجگە لەو رێگریانەی لەوانەیە لە لایەنی کۆمەڵایەتی و خێزانیەوە

بۆیـان دروسـتبێت، لـە هەمانکاتـدا هەسـتنەکردنی ژنانـە بـە بەرپرسیارێتی بەرامبەر بە خۆی و گەل و دۆزێک، چونکە سـنوری بۆ دیاریکراوە و زۆرجار ژنیش هەمان ئەو رەفتارەی پیاوانی گرتوە، کە بەرامبەر بەرپرسیارێتی و ئەرکە سـەرەکی و چارەنوسـسازەکان بێباک بێت تا ئەو رادەیەی بەرژەوەنـدی تایبـەتی ئـەو نەکەوێتـە مەترسییەوە، ئەمەش دەرەنجامی سیستەمی لاواز و پڕ لە کێشەی سیاسی **18**سـاڵی حکومەتـە، کـە ئیـدی خاڵـە سـتراتیژیەکان و مەسـەلە گـرنگ و نەتـەوەیی و پڕەنـسیبە نیـشتیمانی و ئەخلاقیەکانمان تارادەی ئاساییکردنەوە و بێنرخکـردن هێنراونەتـە خوارەوە و زەمینەشی بۆ سازێنراوە.

×گۆڕینی سیستەمی سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا و ریفۆرم لە هەموو ئاستەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کەلتوری و فەرهەنگییدا وەک پێویسترین کارێکن، دەبێت لە ئاستی سیاسـیدا هـەوڵی بـۆ بـدرێت، ئـەم هـەموو کێـشە و ناهاوسـەنگییە هەمـە لایەنەیـە بەهەندێک تاکتیکی رۆژانە و بە قسە و بـاس چارەسـەر ناکرێـت، بەڵکو بە بەرنامە و کاری جیدی و پسپۆڕانە لە بنەڕەتەوە پێویستن.

×دەبێـت جۆرێـک لـە گۆڕانکـاری لەهـەموو ئاسـتەکاندا پێکبهێنیرێت، کە ریـشەیی بێـت و کاریگـەری لـە هـزری تاکـدا دابنێت، چونکە بەم شـێوەیە بەرێوەچـونی کۆمەڵگـە و تێکـەڵبونی کەلتورەکان بەرەو قەیرانی گەورەترماندەبات، لە سستبونی تـاک و کەسایەتی و ئاسایبونەوەی توندوتیژی و دروستبونی کەسایەتیەک،





له هەموو بەها و نرخه مرۆیی و مۆراڵیەکان بێباک و نـا بەرپرسـیار بێت و هێلانەی گەندەڵی و مشەخۆریش قوڵتر دەکاتەوە.

×لـە داهـاتودا جەسـتەی ئـەو هێزانـەش دەگرێتـەوە، کـە ئۆپۆزسیۆنن و هـەنگاوی گـەورەیان روە و چاکسازی دەسـەڵات هـەڵگرتوە، گـۆڕینی کلتـور و فەرهـەنگی کۆمەڵگـە و روانـدنی ئیرادەیەکی پتەو لە تاکدا، لە گرنگترین ئەو ریفۆرمانەن، کە ئاسایی رەوتی کۆمەڵگە دەگۆڕێت، بە تایبەتی لە ژناندا، چونکە گۆڕانکاری تەنها لە دەسەڵات و جەستەی رەوتە داڕێژراوەکەیاندا نا، بەڵکو لـە هزر و کەسایەتی تاکدا خاڵی سەرەکی و گرنگە، دەبێت بەرنامـەی بـۆ دابڕێـژرێت و لـە بنـچینەوە سیـستەمی سیاسـی بگۆڕرێـت و ستراتیژیەتی مۆدێرن و سەردەمیانەی بۆ دابنرێت.

## 2– یاسـای قەدەغـەکردنی پەچـە لـە فەرەنـسا و خەتەنەکردنی مێینە لە کوردستان

×ماوەیەکە قسە لەسەر بڕیارەکەی پەرلەمانی فەرەنسا دەکرێت، کە پرۆژە یاسای قەدەغە کردنی پەچەی ژنانی موسڵمان بو، پەچە و بالاپۆشی کلتوری ئـەو پەنابەرانەیـە، کـە لـە وڵاتـانی جیهـانی سێهەمەوە بە مەبەستی داڵدەدانیان لـەو وڵاتانـەی نیـشتەجێیبون گوێزراوەتـەوە، بـەڵام کلتورەکـەیان لەگـەڵ خۆیانـدا بـردوە و کێشەشیان بۆ ئەو وڵاتە رۆژئاوایی و پێشکەوتوانەش دروستکردوە.

×بالاپۆشی و پەچـە تـەنها بـە پێـی ئـاینی ئیـسلام فـەرزە و پێویستە ژنانی موسڵمان بیپۆشـن، بۆیـە لەگـەڵ زیـادبونی کـردە

تیرۆریستیەکان له ناوچەکە، له دوای پرۆسـەی ئـازادی عێراقـەوه بەتایبـەتی، کـردەی تیرۆریـستی دزەیکـرده رۆژئاواشـەوه و هـەتا تەقینەوەکەی**11**سبتەمبەریش به ئاشکرا سەریهەڵدا، لـەو کاتـەدا هێرشەکانی ئەمریکا بۆ سەر تالیبان و ئەفغانستان دەستی پێکردبو.

×ئێستا تیرۆر بەشێکە له گرفتی رۆژئاواش، بۆیه لەم سـاڵانەی دواییدا به تایبەتی هەوڵی قەدەغه کردنی پەچەی ژنان له شـوێنه گشتیەکاندا دەدرێت، ئەمەش بەشێکی سەرەکییە له بـەد گومـانی رۆژئاوا بەرامبەر وڵاتـانی رۆژهـەڵاتی نـاوین بـە تایبـەتی و ئـەم کێشەیەش روی ئاینی ئیسلام به تایبـەتی و ململانـێ و نـاکۆکی نێوان ئایینەکان دەگرێتەوه.

×پەرلەمانی فەرەنسا به زۆرینەی دەنگ، **335** دەنگی بەڵێ و یەک دەنگی دژ، یاسای قەدەغه کردنی پەچەی ژنانی موسـڵمانی، له شوێنه گشتیەکاندا پەسند کرد و بۆ ئەنجومـەنی پیرانـی رەوانـه کرد.

×لـە **70**٪ی خـەڵکی فەرەنـساش بـە پێـی راپرسـییەک پشتگیریان له یاساکه کردوه و وەزیـری دادی فەرەنـساش باسـی لەوه کردوه، که پەسندکردنی یاساکه سـەرکەوتنی دیموکراسـی و بەهاکانی فەرەنساییە، بێجگه لەوەی سـاڵانی رابـردو ئەمـساڵیش هەمان یاسای قەدەغه کردنی پەچـه لـه وڵاتـانیتریش گفتوگـۆی لەسەر کراوه.





×هەر به پێی یاساکه ئەگەر ژنێک له شوێنه گشتییەکاندا پەچه بپۆشـێت، **190**دۆلار غەرامــه دەکرێــت و گــەر پیـــاوانیش هاوسەرەکانیان ناچار بکەن بۆ پۆشینی پەچه **30** هەزار غەرامه و ساڵێکیش زیندانییه.

×له بەرامبەر ئەم بڕیارەدا رێکخـراوی لێبـوردنی نێـو دەوڵـەتی نیگەران بو، به قەدەغەکردنی پەچه له فەڕەنسا و رایگەیانـد، ئـەو بڕیاره پێشێلکردنی مافه بنەڕەتییەکانی مرۆڤه و له شوێنی سنوردار کردنی پانتایی خواستەکانی ژنان، پێویسته هەوڵبـدەن تواناکانیـان بەرز بکەنەوه، بۆ ئەوەی بتوانن باشتر بڕیار بدەن.

×مەبەستەکەی رێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵـەتی بەڵگەیـه بـۆ ئەوەی هەر کاتێک تواناکارییەکانی ژنان بەرزکرایـەوه، ئـەو کاتـه ژنــان خۆیــان بڕیــار دەدەن لــه گرفــت و ئایــدیا ئیــسلامیی و تونـدڕەوەکان دور دەکەنـەوه، ئـەم پێـشنیارەی رێکخراوەکـه زۆر جوانه، که داوا دەکات هەوڵبدرێت تواناکانی ژنان بـەرز بکرێتـەوه، ئەو چەمکەی ئێـستا چـاوێکی زۆری لـه سـەره و گرنگیـدان بـه تواناسازی ژنان خاڵێکی سەرەکییە لەم سەردەمەی ئێستای ژنانـدا قسەی لەسەر دەکرێت، له پێناو گـۆڕینی کلتـوری کۆمەڵگەکانـدا، پێشنیاری رێکخراوەکه رێزگرتنـی بیـرو ڕا و ئـایین و مەزهـەب و گەلانی جیاوازییش دەگەیەنێت.

×له هەرێمی کوردستانیشدا مەسـەلەی خەتەنـەکردنی مێینـه، ماوەیەکی زۆره قسەی لەسەر دەکرێت و کەس به دوایـدا ناچـێت، به تایبەتی له پەرلەماندا پرۆژه یاساییەک بـۆ قەدەغـەکردنی ئـەم

دیاردەیە ئامادەکراوە و خوێندنەوەی بۆ ناکرێت، حکومەت و حیزبیش بە تەواوی دەزگا و ڕێکخراوە ژنانەکانیشیانەوە پشتگوێیدەخەن و بە درۆیدەخەنەوە، ئەمە لەکاتێکدا، ساڵی پار ڕێکخراوی وادی ئەڵمانی کۆمەڵێک ئاماری لەم بارەیەوە بڵاوکردەوە.

×کەچی دوای بڵاوبونەوەی ئامارەکەی ڕێکخراوی هیومان رایتس ووچ، ئەویش لە ڕێگەی لێکۆڵینەوەیەکی وەزارەتی مافی مرۆڤی پێشوە، کە لە ساڵی **2009**دا دەستیکەوتوە دەرکەوتوە، لە**40,7**ی کچانی تەمەن **11**و**24** ساڵ، زیاتر لە نیوەی کچانی کوردستان خەتەنە کراون، مەسەلەکە لەلایەن بەرپرسانەوە گۆڕانی بەسەردا هاتوە و بێدەنگن، تا ئێستا ئاینی ئیسلام بە هۆکاری دیاردەکە زانراوە، چونکە هێشتا فاکتەرە سەرەکیەکانی ئەم کارە ناپەسندە دیارینەکراوە، بەڵام یەکێتی زانایانی ئیسلام هاتنە قسە و ڕایانگەیاند، قورئان و ئیسلام باسی خەتەنەی مێینەیان نەکردوە.

×لیژنەی باڵای فەتوای کوردستان بە بەیاننامەیەک، داوای لە هاوڵاتیانکردوە لەم کارە دور بکەونەوە، چونکە لە ئیسلامدا هیچ دەقێکی قورئانی و فەرمودەی پێغەمبەر لەم بارەیەوە نییە، دەرکردنی ئەم بەیاننامەیە ڕەنگدانەوەی ئەرێی هەبو، تێیدا هاتوە خەتەنەکردنی مێینە واجب نییە، بەڵام مەکرەمەیە و سوننەتە، سونەتیش لەناو موسڵمانان‌دا هێندەی واجب گرنگە و پەیڕەو دەکرێت، ئیدی گەرەنتی چیە، کردەی خەتەنەکردن وەک ئێستا ئەنجامنەدرێت و قەدەغە بکرێت؟.





×لە هەندێک ناوچەی وەک هەوراماندا خەتەنەکردنی مێیینە ئەنجامنادرێت یان کەمە، بە گوێرەی سەرچاوە مێژویەکانیش لە کاتی دەستبەسەراگرتنی کوردستاندا لەلایەن هێزە ئیسلامییە عەرەبەکانەوە، دەڤەری هەورامان و ئێزیدی و کاکەییەکان دواهەمین ناوچە بون و کلتور و ئاینی خۆیان پاراستوە، بۆیە ئەم ناوچانە کاریگەری ئیسلامیان لەسەر کەمتر بوە، ناوچەکانیتری کوردستان زوتر بەر کاریگەری ئەم ئاینە کەوتون و پەسندیانکردوە، هەرچەندە هەندێک لە شارەزایانی ئاینیش بە تەواوی ڕەتیناکەنەوە، کە خەتەنەکردن لە ئاینی ئیسلامەوە سەرچاوەی گرتبێت.

×بۆیە لەوانەیە ساڵانێکیتری داهاتومان پرۆژە یاسای قەدەغەکردنی پەچە و باڵاپۆشی بۆ کوردستانیش پێویستبێت، کە هێشتا یاسای قەدەغەکردنی خەتەنەی مێینە دەرنەکراوە، بە تایبەتی مەسەلەی باڵاپۆشی ئێستا لە تورکیای ژێر دەسەڵاتی پارتێکی ئیسلامیشدا باسی هەیە، هەر چەند مانگێک دەبێت لە ساڵی**2010**دا، وەک چالاکیەک لە دژی ئیسلامی سیاسی و کردەکانی، ژنانی پارتە ئۆپۆزسیۆنەکان هاتنە سەرشەقام و سەرپۆشەکانیان لەبەردەم ڕاگەیاندنەکاندا سوتاند.

×کەواتە تا ئێستا کێشەکان لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا رویان لە ئاینی ئیسلامە، دەبێت ئەوقاف و یەکێتی زانایان و شارەزایانی ئاینیش رونکردنەوەی زۆرتر بدەن، بۆ ئەوەی هەر هیچ نەبێت خەتەنەکردن لە کۆڵ کۆمەڵگە بکەنەوە و قەدەغە بکرێت، هەڵبەتە

به هاوکاری پەرلەمان و وەزارەتی تەندروستی و دام و دەزگا و ڕێکخراوە هەمە جۆرەکانی حکومی و نا حکومی.

### 3– کەسێتی کورد و ژینگەیەکی ناتەندروست

×باری دەرونی تاک ڕەنگدانەوەی ڕەوش و گوزەرانی دەروبەر و ئەو ژینگەییە، کە مرۆڤ تێیدا دەژی، باشی و فەراهەمی ژیانی تاک لەم ژینگەیەدا و بە ئاکام گەیشتنی تواناکانی و مومارەسەکردنی ئەرک و مافەکانی بە شێوەی سروشتی خۆی، بۆ چاکی و فەراهەمی ژینگەکەی دەگەڕێتەوە، بە هەمان شێوە دروستی تواناکانی تاک و بەکاربردنی بوارەکانی بە شێوەیەکی سەرکەوتو بە شێوازی سروشتی تاکەکە خۆی هەمان ژینگە بۆ تاکەکانی کۆمەڵگە دەئافرێنێت.

×زانستی دەرونی لقێکە لە لقەکانی زانستی پزیشکی، لەگەڵ پەیدابونی مرۆڤدا بونی هەبوە و بەچەندین قۆناغدا تێپەڕیوە، لە روی تێگەیشتن لە هەڵبەز و دابەزە دەرونیەکان و شێوازی چارەسەرکردنی، ئەگەر هاوسەنگانە لە مرۆڤ بڕوانین دەبینین، مرۆڤ و کێشە دەرونیەکانی پەیوەستن بە پێکهاتەی مرۆڤ خۆیەوە، لە روی کاریگەری لایەنە کۆمەڵایەتی و ژینگەییەکان، دەبێت کاریگەری بوارە رۆشنبیری و فەلسەفی و ئاینیەکانیشمان لەسەر تەندروستی و رەوشی مرۆڤ لەبیر نەچێت. هەڵشکان و داکشانە دەرونیەکان"اصترابات"جۆری توند و سوکیان هەیە، کە پۆلێن دەکرێن بۆ زیاتر لە سەد جۆر و شێوە، لە بارە توندەکانی





وەک شیزۆفرینیا و زورو زەهان، لە شێوە سوکەکانی وەک دڵەڕاوکێ و ترس و ڕاڕایی و توڕەیی، هەڵکشانی جەستەیی و دەرونی، هەروەها هەڵکشانی کەسایەتی لە تایبەتمەندی و رەفتارەکانیدا، لە پەیوەندی کەسی و هەڵکشانی زایەندی و خواردن و خەوتن و جۆریتر بونیان هەیە.

×تاکی کورد لە ژینگەی سەرەتاییدا بە شێوەیەک لە مێژودا ژیاوە، خاوەن قەوارەی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی تایبەت بە خۆییوە و شارستانی خۆی لەسەر بونیاد ناوە، واتە ئەم رۆنیشکاندنە بە شێوەیەکی سەقامگیر و دور لە دەستتێوەردان، لە بەهاکانی ژیانی بارێکی دەرونی و سەقامگیری پێبەخشیوە و توانیویەتی جۆرێک لە ژیانی کۆمەڵایەتی و بنەما و ژێرخانی فەرهەنگی و ئایینی بۆ خۆی دەستەبەر بکات، بۆیە ئەگەر سەیر بکەین کورد لە مێژودا بە گەلێکی هێور و بێ بەڵا ناسراوە و زەمینەی پێکەوە ژیانی لەگەڵ نەتەوەکانیتردا زۆر بەهێزبوە، لەنێوان هەردو روباردا واتە میزۆپۆتامیا، کورد بۆتە سەنتەرێک و نەتەوەکانیتری وەک فارس و ئەرمەنی و سۆمەری و سامییەکانی لە خۆی کۆکردۆتەوە و فێری فەرهەنگ و شارستانی ئەو بون یان لێیان وەرگرتوە، چونکە کورد لە روی مانەویی و فەلسەفیەوە خاوەن هزر و ئایینی دەوڵەمەندی زەردەشتییوە.

×لەگەڵ بەهێزبونی سامیەکان و نزیکیان لە خاکی میزۆپۆتامیاوە و بە حوکمی خەریکبونیان بە شوانکاری و وەرگرتنی تایبەتمەندیەکانی توندوتیژی و پەلاماردان، لە ناوەڕۆکی

کارەکەیانەوە، کە بۆتە تایبەتمەندی کەسایەتیان، هێرشیان بۆ سەر کورد کردوە و فەرهەنگەکەیان لێ زەوتکردون، شێوە ژیانێکی ناسەقامگیریان لەناویاندا چاندوە و بە درێژایی ڕۆژ داگیرکاری و دابەشکردنی کوردستان شێوەیەک لە نا ئارامی لە ناو کوردا دروستکردوە، تا ئەمڕۆش هەمان بار درێژەی هەیە و بە ناو و شێوەی جیاواز ژینگەیەکی نا دروست و نا ئارام بۆ تاکی کورد ئافرێنراوە، ڕەوشی نا ئارامی و داگیرکاری جۆرێکی زۆر زیاد لەباری ئاسایی خۆی لە مرۆڤدا لە نا هاوسەنگی دەرونی دروستدەکات.

×واتە ژینگەیەکی نا هاوسەنگ تاکێکی نا هاوسەنگ لە بیرکردنەوە و بڕیاردان پێکدەهێنێت، هەمان هاوکێشەی ئەم تاکە کاریگەری خراپی دەبێت لەسەر چارەنوسی کۆمەڵگە و گەلێک، چونکە هەر ئەو تاکەی قۆناغەکەی خۆیەتی، کە سبەینێ دەبێتە خاوەن قەوارەیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی و خێزان و کۆمەڵگە ڕێنوێنی دەکات.

×لەم ڕوانگەیەوە دەردەکەوێت هەرگەلێک لە سەرەتاوە بە داگیرکراوی و دابەشکراویی ستەمی بەرامبەر کرا بێت، ناتوانێت خاوەن فەلسەفەی بیرکردنەوە و ئیرادەی خۆی بێت، بەڵکو خاوەن بارێکی دەرونی چەوساوە دەبێت، هەمیشە جۆرێک لە دو دڵی و ترس و هەستکردن بە چەوساوەیی و فەلسەفەی لە خۆم بە تواناتر و بەهێزتر توشی خۆ بە کەمبینین و سەرخوار کردنەوەی دەکات و نابێتە خاوەن بڕیاری خۆیی و پشت بە هێزی خۆی نابەستێت.





×ئەم ناهاوسەنگیە لە کەسایەتی یەکەمی کۆمەڵگەدا، بە حوکمی پێوانە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئاینیەکان پیاوە، چونکە ئێمە باس لە کوردستان دەکەین و سیستەمی خاوەن ڕکێفیش لەسەر کوردستان لە ڕژێمە ڕۆژهەڵاتی و چەوسێنەر و دیکتاتۆریەکانە، بۆیە نامرۆڤانەترین شێوازی ستەمی بەڕێوەبردوە، هەر بۆیە ئەم هاوکێشەیەی بەرامبەر کەسی یەکەم لە کۆمەڵگەدا لەلایەن سیستەمی زۆردارەوە پەیڕەو دەکرێت، چونکە پیاو زۆربەی کایەکانی بە دەستەوەیە و لەم سایەدا ژن کەم ڕۆڵ بوە، ئیدی پیاو دەبێتە هەڵگری یەکەمی ئەم تایبەتمەندیانە لە خێزاندا، کە خۆی دەسەڵاتدارە و پاشای ماڵەوەیە، هەر ئەو ستەم و یاسایە بەرامبەر بە خێزانەکەی پەیڕەو دەکات و ژن و منداڵەکەی پێ دەچەوسێنێتەوە.

×سایکۆلۆژیایی چەوساندنەوە وەرگیراو لە حوکمە ستەمکار و ئۆتۆکراتیەکان، کۆمەڵگەیەکی بێئەنجام پێکدەهێنێت ئەمە شۆڕ دەبێتەوە لە پیاوە وە بۆ ژن و منداڵ و بەرامبەر بە یەکتر، بۆیە تاکی کورد هەمیشە لە کایەی سیاسیدا زۆرتر گوێ بۆ دەوروبەر دەگرێت و ژمێرەیان بۆ دەکات بێ گەڕانەوە بۆ ڕای خەڵکی خۆی، خاوەن بڕیاردانی عەقڵانی نیە و هەمیشە پێویستی بە ڕاوێژی بەرامبەر و سەروتر هەیە، لەبەرئەوەی بە سوڕی سروشتی مرۆیی و بیرکردنەوە و خۆ خوێندنەوەدا تێنەپەڕیوە، بۆیە زیاتر کەسایەتی هەڵەشە و خێرایە لە بڕیار و پشو سوارە و دور بیین نیە، هەروەها سایکۆلۆژیای ترس و پشت بە خۆ نەبەستن لە سیاسەتدا تاک توشی میانڕەوی و بێگانەپەرستی دەکات، پیلانگێڕی و هەستی ئیرەیی بۆ بەرامبەرەکەی بە تایبەتی هاو زمان و هاونیشتمانەکەی، واتە

نزیکترین کەسی بەرامبەری دەبێت لە بواری کۆمەڵایەتیشدا کێشەی پڕ لە کینی لێدەکەوێتەوە، لە کەسدا دو دڵی و ترس و بێ متمانەیی پێکدەهێنێت.

### 1– هەڵەبجە

×شینی ئەمساڵی هەڵەبجە جارێکی دی بە یاد هێنرایەوە، لە نوێوە پرسە دانرایەوە، کە کورد هێشتا لە نیوەی ڕێگادایە و تا ئەم سەدەیەش بە قەوارەیەک نەگەیشتون، برینی کورد هەرچەندە تا رادەیەک سارێژ بون، بەڵام دوا چارەی قەتماغە گرتنی پەیڕەو نەکراوە، دروشمی نوێی ئەم سەدەیە قوڵتر پێی لەسەر شوناسنامەی کوردان دادەگرێت و هاوار دەکەن" هەڵەبجە ناسنامەی کوردانە "ئەم سیمبۆڵە کە وێنەی کەمە مێژویەکی ئافراندوە، چونکە لە هیچ مێژویەکدا نەبوە یان دەگمەنە، دوێنێ ئەم شینە دڵتەزێنە لە دورەوە هاواری دەنگیدەدایەوە، بە گوێی هەر مرۆڤ پەروەرێک دەگەیشت.

×ئێمەش بۆ دیدەنی و سەوزایی و پاراوی تازە بەهار بڵاوبوینەوە، هەر دوێنێ، کە روی گوڵە زەرد و مۆرو شینی ئەم بەهارە پرسە ئامێزەم دەدیت، ملکەچ و کز دەیانڕوانی زویر بێ ناز هەرچەندە جوان و تەڕ و پاراو بون، لێ وامدەبینین پێناکەنن، رو زویر و کەم رەنگن، چیا و رەوەز خاپور و کەم و کزۆڵە بون و ئاسمانیش نم نم شینی بۆ رۆژی هەڵەبجە دەگێڕا، بە ناو زەوی و زاردا دەگەڕاین، هیچ لە دڵم دەرنە دەچو لە زمانم هەڵنەدەوەری ئەم ئازارە پێناسە بکەم، بە هەموو هێزی حەزکردنمەوە دەمویست لەناو ئێسک و پروسکی پیرۆزی ئەواندا بومایە و لەسەر گۆڕستانی بە نرخ و ئەو گۆڕستانە بچکۆلانەیەی منداڵانی بومایە، کە بونەتە ناسنامە، تێر ئەشک و





ئەسرینم لەوێ باراندایە چی رۆژێکی جەرگبڕە هەڵەبجە لەهەر بەهارێکدا شەهید دەبێت، تازە بەهاری هەموو مرۆڤێک هەڵەبجەیە و هەڵەبجە هەر ساڵ ژیانەوە و شکۆڤە کردنەوەی گیانی بەرگری کوردە و گوڵی هەڵپڕوسکاوی ئەم شارەیە.

×**5**هەزار شەهیدی بەهاری هەڵەبجە و **10**هەزار بریندارى رۆح بەزامم دڵی جیهانیان هێناوەتە گریان، هەڵەبجە شارە شەهیدەکەم هێشتا برینی هەر قوڵن و خوێنی لێدەچۆڕێت، چونکە هەر بەشین، کەی دەبینە ئەو قەوارەیەی هەوڵی بۆ دەدەین دڵۆپێک لە زامی هەڵەبجە تیمار دەبێت؟، دەمپرسی چۆن دەتوانرێت تاوانی تراژیدی هەڵەبجە باگۆی بدرێتەوە؟، تەنها بەیەک هەنگاویی دەبێت، تا ئەو رۆحە یەکگرتوە بە کردار پێکدێت، هێشتا ئەو خەونە خۆشە پۆتۆبیایەکی کوردە، هەرچەندە تەواو و دەقاو دەق گەیشتنیش بەم هیوایە برینی خوێنی لێ زەرد نەبوی هەڵەبجە تیمار ناکات، تا مرۆڤایەتی لە برەودا بێت هەر مۆرکە و هەر هێمایە.

×رۆژی **16**ی ئازار هەموو ساڵێک شەستە بارانێکی هێندە بە گوڕ، نازانم شینی ئاسمان و پەریەکانێتی بۆ یاد و کۆستی هەڵەبجە یان بێ بەختی ئەم گەلەیە؟، کە لێشاوی رەهێڵە بوار نادات و میهرەبانی سروشتی ئادەمیزادە پڕ سۆزەکان بچنە سەردانی گیانی شەهیدان و دەستی نەوازش بە سەری پەپولە رۆح بەفرینەکانی هەڵەبجەدا بهێنن، لە دوا وێستگەدا کزکز چراخانی دڵیان دەکوژێتەوە.[21]

[21] - لە 2002/3/16دا نوسراوە و لە ژمارە"934"لە رۆژی2009/3/17، لە رۆژنامەی ئاسۆدا بڵاوبۆتەوە.

## دەروازەی سێهەم:

## باسی سێهەم

### 1- پرۆسەی سیاسی و هەڵوەستەیەک لەمەڕ بەشداری سیاسی ژن

×سیاسەت وەک چەمکە گشتیەکەی هەر پرۆسەیەک لە چالاکی مرۆڤ دەگرێتەوە و بەشێکی گرنگە لە ئاکار و هەڵوێست و پەرچەکردارەکانی تاک لە کۆمەڵگەدا و هەر پرۆسەیەکی پەیوەست بە مرۆڤ بە سیاسەت دەژمێردرێت، پەیوەندی بە سەرجەم توێژەکانی کۆمەڵگەوە هەیە و تایبەت نیە بە رەگەزێکی دیاریکراو، مەرجیش نیە ئەو کەسەی پێناسەی سیاسی بیگرێتەوە لایەنگر و حیزبی بێت، بەم رەنگە ژنیش نامۆ نیە بەم پرۆسەیە و کایەکی سەرەکی ئەویشە دەبێت مومارەسەی بکات.

×لە کۆمەڵگەی کوردی بە تایبەتی و رۆژهەڵاتی ناوین بە گشتیدا، بە حوکمی لاوازی سیستەمی سیاسی و جیاکاری لە مامەڵە لەگەڵ ژن و پیاودا و زاڵبونی فەرهەنگێک، کە لە رووی رەگەزییەوە ناهاوسەنگە، هەمیشە کایە گرنگەکان بە پیاو بەخشراوە و ژنی لێدور خراوەتەوەو بە ئەرکی ئەو نەزانراوە داخۆ ئەمە سنوردانان نیە لە مەودای بیرکردنەوەی ژندا؟.

×کرانەوەی کۆمەڵگە و نوێگەری لە کەلتوردا زەمینە بۆ هاتنە پێشەوەی ژن و بەشداریکردنی لە پرۆسەی سیاسیدا دەسازێنێت،





کە بەم رەنگە دەتوانێت رۆڵی هەبێت و لە چەمکەکانی تایبەت بە دۆزەکەی ئاشنا و نزیکبێت، بۆیە گۆڕینی کەلتوری سیاسی و هزری کۆمەڵگە پێویستە بۆ زەمینە خۆشکردن لە بەردەم ژندا.

### ژن لە پرۆسەی سیاسی وڵاتاندا

×بە پێی ئامارەکان وڵاتانی ئەسکەندەناڤیا لە روی یەکسانی رەگەزییەوە لە پێشەوەن، ئێستا لە جیهانیشدا **14** ژن لە پۆستە بالاّ و حکومیەکاندا وەک راوێژکاری وڵات و وەزیری دەرەوە و سەرۆکایەتی هەندێک وڵاتی وەک فینلەندا و فلیپین و نیوزلەندا و ئەڵمانیا و کۆریای باشور و مۆزەمبیق و بەنگلادیش و چەند وڵاتێکیتر کار دەکەن، لە **190** وڵاتی ئەوروپی و ئەمریکی و ئاسیای ژن بە ئاستی سەرۆکی وەزیر و وڵات گەیشتون.

×لە ساڵی **1966**دا ئەندێرا گاندی لە هندستان و بەنازیر بۆتۆ لە پاکستان یەکەم ژنبون پۆستی سەرۆکایەتی حکومەت وەردەگرن، لە وڵاتێکی وەک بەنگلادیشیش خالیدە زیائ سەرۆکایەتی حکومەتی کردوە، نانسی بلوسی لە ئەمریکا یەکەم ژن بوە، سەرۆکایەتی کۆنگرێسی کردوە، کەسیەتی سێهەمە لە وڵاتدا لە دوای سەرۆک و جێگری سەرۆکی ئەمریکاوە.

### ژن لە پرۆسەی سیاسی هەریمی کوردستاندا

×لـە هــەرێمی کوردســتاندا رێــژەی ژن لــە کابینــەی نــوێی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، تەنها ژنێکە ئەم سیستەمە لە وڵاتە عەرەبیەکانیشدا تارادەیەک تێپـەڕیوە، لـە وڵاتێکـی وەک میـسردا هەرچەندە رێژەی ژن لە پەرلەمانـدا لـە **22**٪ە، بـەڵام لـە کایـە حکـومی و باڵاکانـدا لـە **56**٪و لـە هەنـدێک وڵاتـی ئـەوروپی رێژەکەی لە ئەرکە وەزاریەکاندا لە **15_31**٪ دەبێت، بـەڵام لـە هەرێمی کوردستاندا رێژەکەی لـە پۆستە کارگێڕیەکانـدا نزمـە و ئەگەر هۆکارێکی کۆمەڵایەتی بێـت، ئـەوا فاکتەرێکیـشی لاوازی سیستەمی سیاسیە.

×بە پێی لێکۆڵینەوەیەکی سایتە جیهانیەکان ژنانی ئەوروپی لە پۆستە ئابوری و سیاسـیەکاندا کەمـدەبینرێن، ئامـاژە بـە رەفتـاری تەقلیدی لە نێوان ژنان و پیاوان لە ئاستە کارگێڕیە باڵاکانی زۆر لە کۆمپانیا ئەوروپیەکانیشدا دەکرێت، پێیوایە لە ئەڵمانیا **30**٪ پۆستە سەرۆکایەتیەکان بە دەست ژنەوەیە، بەڵام هیچ ژنێک بەشداری لە دارشتنی بڕیاری بانکی ناوەندیـدا ناکـات، بێجگـە لـە راوێـژکاری ئەڵمانیا ئەنجێلا مێرکل و لـە فەرەنـساش رێـژەی ژن لـە پۆسـتە حکـومی و باڵاکانـدا لـە **39**٪ و لـە قـوبرس **12**٪ و لـە مالتـا **10**٪یە.

×هەرچەندە لە هەندێک دەوڵەتی ئەوروپی رێژەی ژن لە ئەرکە وەزارییەکاندا، وەک وەزیر لە نێوان لە **15**بۆ **31**٪یە و لە ئەمریکای لاتینی دەگاتە لە **10**٪ و لە نامەیەکیدا بە بۆنـەی رۆژی ژنانـەوە





کوفی ئەنان لە **2006**دا رایدەگەیەنێت، رێژەی ژنان لە پەرلەمانە نیشتیمانیەکانی جیهانـدا ژمارەیـەکی پێوانـەیی بڕیـوە و لـە سـێ دەوڵەتدا بە تایبەتی دەوڵەتی تـشیلی و ئیـسپانیا و سـوید، کـە ژن یەکـسانە بـە ژمـارەی پیـاوان لـە پۆسـتە حکومیەکانـدا، لەگـەڵ ئەمانەشدا رێژەیەک لە ژنان رووبەڕوی توندوتیژی خێزانی دەبنەوە.

هەرچـــەندە یاســـا نێـــو دەوڵەتیـــەکان جـــەخت لەســـەر بەرەنگاربونەوەی هەموو جۆرە جیاکاریەکی ژن دەکەنەوە، زیاتر لە **40**٪ی ژنان هێزی کار و بەرهەمن لە هەموو جیهاندا، بـەڵام لـە **25**٪ی داهاتیان دەستناکەوێتەوە و لە بواری سیاسـی و ناوەنـدی بڕیاردا لاوازن.

## کۆتا و رێژە سنور دانانە بۆ ژنان

×لـە تابلۆکـەی مـافی مرۆڤـی نێـو دەوڵـەتی، کـە لـە ساڵی **1948**دا دامەزراوە هاتوە، هەموو تاکێک مافی بەشداریکردنی لە بەڕێوەبردنی کاروباری وڵاتەکەیدا بێجیاوازی هەیە.

×ئێستا رێژەی کورسی پەرلـەمانی ژنـان لـە هـەموو جیهانـدا، گەیشتۆتە لە **60**٪و لەمەش لە **41**٪ بەر وڵاتانی ئەوروپای باکور کەوتوە و لە فینلەندا رێژەی ژن لە **48**٪ زیـاترە، بـەڵام رێـژەی ژنان لە جیهاندا لە بـواری وەزارەتـی کاروبـاری کۆمەڵایەتیـدا لـە **14**٪یە، کۆتا یان رێژە سنوردانانە بۆ ئەوەی ژن بە ئیرادەی خۆی بڕیار بدات، لە لایـەن هەنـدێک وڵاتیـشەوە بـە نـاکۆک لەگـەڵ

پڕەنسیبی یەکسانی نێوان ژن و پیاو دیموکراسی بە ناو دەکرێت، کە پێویستە ژن بەهێز و بەرنامەی خۆیەوە رێگە بکاتەوە.

×زۆرێک لە وڵاتان پشت بە سیستەمی کۆتا دەبەستن لەوانە باشوری ئەفریقیا، لە ساڵی **1994**دا لە پلەی **141**میندابوە، لە جیهاندا لە رووی بەشداریکردنی ژنان لە ئەنجومەنی یاساداناندا و رێژەی کۆتا لە **30**٪بو، ئێستا رێژەی ژنان لە پەرلەمانیدا لە **32.8**٪ دەبێت، لە هندستان "سیستەمی بانشایات" بۆ نوێنەرایەتی ژنان پەیڕەو دەکرێت، کە رێژەکەی **33**٪ی بۆ ئەنجومەنی گوند و ئەنجومەنی کەرتەکانە و کار گەیشتۆتە ئەوەی، ئێستا بە ملیۆن ژنی سەرۆک و پاڵێوراو بە یارمەتی ئەم یاسایە هەبێت، بەم شێوەیە راپۆرتەکانیش ئاماژە بەوە دەکەن، زیادبونی رێژەی ژن لەم وڵاتە بۆتە هۆی کەمکردنەوەی گەندەڵی بە شێوەیەکی مەزن، کە کاریگەری زیادبونی بەشداری ژنە بە یارمەتی سیستەمی بانشایات، بەڵام لە فنلەندا بە پێی یاسا نوێنەرایەتی ژن و پیاو لە **40**٪ کەمتر نیە و لە دەستەی بڕیاردا لە ساڵی**1980**وە، رێژەی نوێنەرایەتی ژن لە **24**٪ بۆ **48**٪ بەرزبۆتەوە، سیستەمی کۆتا لە ساڵی**1996**وە لە وڵاتانی عەرەبی بەکار دێت، یەکەمجاریش میسر لە ساڵی **1964**وە، بە دەقی دەستوری پشتگیری لێکرا، ئێستا سیستەمی کۆتا لە وڵاتانی مەغریب و فەلەستین و میسر و عێراق بەکاردێت، بەڵام رێژەی ژن لە پەرلەمانی وڵاتە عەرەبیەکاندا لە**9.6**٪ تێناپەڕێت.





×لە هەرێمی کوردستانیشدا ژن وەک پێویست گرنگی پێنەدراوە و دەرفەتی کاریگەری بۆ نارەخسێنرێت، لەگەڵ ئەوەشدا لە هەڵبژاردنەکانی ئەمساڵدا رێژەی ژن بە کۆتا گەیەنرایە **35**٪، لە خولی دووەمی پەرلەماندا لە **25**٪بو، بە پێی یاسا نێودەوڵەتیەکانیش دەبێت هەماهەنگیەک لەنێوان دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردندا هەبێت، واتە مادام کۆتا بۆ چونە پەرلەمان دادەنرێت، بە هەمانشێوە لە پۆست و ئەرکە حکومیەکانیشدا، دەبێت ئەو رێژەیە رەنگبداتەوە، نمونە لە میسر رێژەی ژنان لە پەرلەماندا لە **22**٪ دەبێت، بەڵام لە پۆستە حکومیەکاندا لە **56**٪ و لە بواری دبلۆماسیدا**40**٪ دەبێت.

## مافی دەنگدانیان نەبوە

×لە فەرەنسا ژنان تا ساڵی **1944** مافی دەنگدانیان نەبو، ئێستا رێژەی ژن لە پۆستە حکومی و باڵاکاندا لە **39**٪یە، لە یابان و ئیتالیا تا ساڵی **1945** ژن نەیدەتوانی دەنگ بدات، ژنانی سویسرا لە ساڵی **1972** و بورتوگال لەساڵی **1976**دا، مافی دەنگدانیان بەدەستهێنا، بە پێی ئامارێکی نەتەوە یەکگرتوەکان لەساڵی**2000**دا، ژمارەی پەرلەمانتارانی جیهان**34087** بون، لەناویاندا **5260**یان ژن بون، کە هەنوکە سەرۆکایەتی**22**پەرلەمانی جیهان ژنان بەڕێوە دەبەن، لەوانە پەرلەمانی ئەسیوبیا و ئیسپانیا، ئوسترالیا، پۆڵەندا و پیرۆ و کۆریای باشور و کرواتیا و فیلەندا و مەکسیک و نەرویج و هند و هۆڵەندا و

جامایکا و بلیز و کۆماری دۆمنیکان و باشوری ئەفریفیا و سوید و هتد.

## دروستکردنی کۆبەندیەک بۆ پاریزگاریکردن لە ژنان

×لە ساڵی **1999**دا لە ئیسپانیا، سەرۆک پەرلەمانی **20** وڵاتی ئەوروپا کۆبونەوە و کۆبەندی پەرلەمانی ئەوروپیان بۆ پارێزگاری لە ژنان بە شێوەیەکی دەوری دامەزراند، مەبەست لەم کۆبەندیە پارێزگاریکردنبو لە مافەکانی ژنان و پێدانی هەلی یەکسان بە ژن و پیاو و پێکهێنانی تۆڕێکی پەیوەندی لە نێوان پەرلەمانتارانی ژنی ئەوروپا و رۆژهەڵاتی ناوین.

×لە راگەیەنراوێکی جیهانیشدا هاتوە دیموکراسی هاوبەشیەکی راستەقینەیە لە نێوان ژن و پیاودا، لە بەڕێوەبردنی کاروباری کۆمەڵگەدا، کە تێیدا کار بۆ پێشخستنی یەکسانی نێوانیان دەکرێت، بێبەشداری چالاکانەی ژن لە هەموو ئاستەکانی بڕیاردا ناتوانرێت ئامانج، لە بەدەستهێنانی یەکسانی و پەرەپێدانی مەدەنیەتدا بپێکرێت.

×هەروەک لە پلانی کاری کۆنگرەی نێو دەوڵەتی چوارەمی ژناندا لە ساڵی **1995**دا، هاتوە دەبێت ژن بەشداریەکی راستەقینەی لە پێگە جیاوازەکان و دروستکردنی بڕیاردا هەبێت، ئەوەش سەلمێنراوە، هەر پەرەپێدانێک پێویستی بە وزە و بەشداری ژن و خەباتی بەردەوامی هەیە، لە پێناو هەلیکار و سەقامگیریدا، چونکە پەرەپێدان بە چەمکە گشتی و بەردەوامەکەی بە





دەستنایەت بێ بەشداری ژنان، بە تایبەتی لەو وڵاتانەی پشت بە سەرچاوەی مرۆیی دەبەستن.

×لەبەشی یەکەمی ماددەی دووەم بڕگەی یەکەمی رێکەوتنامەی سیداوادا، باس لە چەسپاندنی بنەمای یەکسانی نێوان ژن و پیاو لە دەستوری وڵاتدا یان لە هەر تەشریعێکیتری گونجاودا کراوە.

×سیستەمی سیاسی هەرێمی کوردستان ئاسانکاری بۆ هاتنە پێشەوەی ژن لە پۆست و بواری سیاسی و کارگێڕییەکاندا نەکردوە و باشترین نمونەش کابینەی شەشەمی حکومەتی هەرێمە، کە تەنها یەک ژن بۆ پۆستی وەزارەتێک دانراوە، ئەمە پێویستی بە فەراهەمکردنی زەمینەیەکی گونجاو بۆ ژن و هاوکاریکردنی لەلایەن حیزبەکانیانەوە هەیە، بە پێدانی دەرفەتی تەواو بۆ بەشداری چالاک و دامەزراندنی ناوەندێکی توێژینەوە، لە بارەی واقیعی سیاسی ژنانەوە و کۆمەکی رێکخراوەکانی مەدەنی بۆ گرنگیدان بە بەرنامەی سیاسی و هاندانیان، لە رووی سیاسیەوە و لە هەمانکاتدا مەشقپێکردن و هاندانی خوێندکارانی زانکۆ لە بەشداری سیاسیدا بە شێوە زانستیەکەی.

×بەشداری سیاسی ژن لە هەمانکاتدا پەیوەستە بە شێوەیەکی تایبەت بە چەمکی هاوڵاتیبون و پرەنسیبی یەکسانیەوە، بۆیە لە سەرەتاوە دەبێت ژن هەست بە هاوڵاتیبونی خۆی وەک پلە یەک بە یەکسانیەکی تەواوە وە لە بەردەم یاسادا بە بێ هیچ جیاوازییەک بکات.

**دەروازەی چوارەم**

**باسی یەکەم: بودجە**

**1- حکومەت لە بودجەدا مەسەلە جێندەرییەکانی لە بیر کردوە.**

×لە بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، کابینەی شەشەمدا هیچ بڕە پارەیەک بۆ مەسەلە جێندەرییەکان بەگشتی تەرخاننەکراوە، هەرچەندە پێشخستنی بوارەکانی کلتوری و رۆشنبیری و پەرەپێدانی کۆمەڵایەتی و کەمکردنەوەی ئاستی توندوتیژی لەسەر ژنان پێویستیان بە بودجەیەکی دیاریکراو هەیە، لە پێناو دەرباز کردنی ئەو بۆشاییەی هەیانە بە تایبەتی، کە ئێستا بە پێی ئامارە حکومیەکانیش ئاستی توندوتیژی لەسەر ژنان لە هەڵکشاندایە.

×رۆژی **2010/1/19** ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان پرۆژە یاسای بودجەی خەمڵێنراوی دیاریکرد، کە **11** تریلیۆن و **433** ملیار و **176** ملیۆن دینارە، لەو بودجەیەدا زیاتر لە **21**ملیار دینار بۆ زانکۆیەکی ئەهلی تەرخانکراوە و **100**ملیۆن دۆلار بۆ ناردنە دەرەوەی قوتابیان تەرخانکراوە و بە پێی برگەی**16**ی پرۆژە یاسای بودجەش، **120**ملیار دینار بۆ زەمالات و ناردنە دەرەوەی قوتابی تەرخانکراوە، چەندین پرۆژەی وەهمی پارەی بۆ دانراوە، ئەندامانی پەرلەمانیش رەخنەیان لەو بودجەیەی حکومەت هەیە، کە بە یەکسانی پارەی بەسەر سێکتەرەکاندا

×ژنان لە کۆمەڵگەی کوردیدا بە دەست کۆمەڵێک کێشەوە دەناڵێنن، کە نا چالاکی ژنان لە هەر یەکێک لە بوارەکاندا دەوروژێنرێت، یەکسەر هۆکاری کلتوری و کۆمەلایەتی کۆمەڵگە بە فاکتەر و بەربەستی بەردەمیان دەزانرێت، بەڵام ئاخۆ دەکرێت بەهۆی ئەم رێگریانەوە دەرگا لەسەر ژنان دابخرێت و لە هیچ بوارێکدا نەیەنە پێشەوە؟ یان بۆ تێپەڕاندنی ئەم بەربەستانە پێویستە لە بودجەدا ژمێرەیەک بۆ گرنگی رۆڵی ژن و پرسەکەی و هوشیاری کۆمەڵگە بکرێت و زەمینەی بۆ بسازێنرێت، تا لە کایەکانیتر دورنەکەوێتەوە، لەلایەکیتریشەوە ئەرکی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و ژنانیشە، فشار بخەنە سەر حکومەت بۆ تەرخانکردنی ئەم بڕە.

×بە پێی راپۆرتێکی رێکخراوی یونیسێف لە رۆژی **2**ی شوبات، کە رۆژی بەرەنگاربونەوەی خەتەنەکردنی مێینەیە، زۆرینەی ئەو کچانەی خەتەنە دەکرێن، لە دوای ئێران و رۆژهەلاتی کوردستانەوە لە هەرێمی کوردستانن.

×بە پێی ئامارێکی رێکخراوی وادی ئەڵمانیش لە **62**٪ی ژنانی کوردستان خەتەنە کراون و ئەم دیاردەیەش بەردەوامە، بە پێی ئامارێکی کۆمەڵەی کۆمەڵناسان و دەرونناسان، لە **52,3**٪ی رەگەزی ژنان لە گوندنشینەکان، لە**40,77**٪ی ژنانی هەموو گوندەکانیش نەخوێندەوارن، کەچی لەم بودجەیەدا هیچ بڕێک بۆ چارەسەرکردن و روبەڕوبونەوەی ئەم دیاردە مەترسیدارانە لەسەر





دابەشنەکردوە، **45**ملیۆن دۆلاریش بۆ قوتابخانەی نمونەیی شوەیڤات تەرخانکرا، کەچی هیچ بڕە پارەیەک بۆ تواناسازی ژنان و منداڵان لە بودجەدا تەرخاننەکراوە.

×لە وڵاتێکی وەک سوید، کە بە جیدی هەوڵی نەهێشتنی توندوتیژی لەسەر ژنانەدات، ساڵانە **430** ملیۆن دۆلار بۆ نەهێشتنی توندوتیژی لەسەر ژنان تەرخاندەکرێت، تەرخانکردنی بڕێک لە بودجەدا بە مەبەستی کەمکردنەوەی توندوتیژی لەسەر ژنان، پێویستبو هەر زو بیری لێبکرایەتەوە، چونکە کابینەی شەشەمی حکومەتی نویٚ هەر لە سەرەتاوە وەک حکومەتێکی تەکنۆکرات خۆی ناساند.

### پەرەپێدانی کۆمەڵایەتی پێویستی بە ژمێرە بۆکردن لە بودجەدا نیە؟

×چەمکی پەرەپێدانی کۆمەڵایەتی، کە مافێکی مرۆییەو ژنانیش لەم مافە سادەییە بە دەر نین زۆرێک لە کۆمەڵناسانیش جەخت لەوە دەکەنەوە، کە پەیوەندیەکی بەهێز لەنێوان پەرەپێدانی مرۆیی و پەرەپێدانی کۆمەڵایەتیدا هەیە، پەرەپێدانی کۆمەڵایەتی بە پلەی یەکەم ئامانجی لە ناوبردنی نەخوێندەواری و بایەخدان بە بواری تەندروستی و مافی فێربون و رۆشنبیرییە لە کۆمەڵگەدا، ژنان رێژەیەکی زیاتری پێکدەهێنن، ئەم خاڵانە لە ئەمڕۆدا کێشەی سەرەکی زۆرێک لە ژنانن و تێپەڕاندنیان ئاراستەکردنی ژنە بەرەو چارەنوسێکی پێشکەوتو.

ژنان دیارینەکراوە، ئەو ئەنجومەنەش حکومەت بە نیازە بۆ ژنانی پێکبهێنێت رەخنە و ناڕەزایی زۆری ژنانی لەسەرە.

**لە بودجەدا تا چەند خویندنەوە بۆ بواری کلتور کراوە، کە ژنان زۆرینەی باجەکەی دەدەن**؟

×پێکهاتەی سەرجەم کلتور بریتیە لە بەها و نۆرم و شێوازی تاکەکەس، پەیوەندی بە شێوازی ژیانەوە هەیە، هەر کلتورێک شوێنێکی دیاریکراو بە مرۆڤ دەبەخشێت، لە کلتوری دیموکراسی و مەدەنیدا مرۆڤ دەبێتە سەنتەری رێز گرتن و بیرکردنەوە و ئیرادەی خۆی، مرۆڤ بەگوێرەی ئەتنیک و میللەت و دەوڵەت جیاناکاتەوە، لە رابردویی **19**ساڵی حکومەتی هەرێمدا، کلتوری بێ متمانەیی و شکاندنی ئیرادەی یەکتر ئەوەندە پێشخراوە، کە وەک تەنها کالایەک و بێ ناوەڕۆک باس لە ماف و ئەرکەکانی ژنان کراوە، جەوهەر و هاوسەنگی ژن چەواشە و کەم نرخکراوە، ئەم کلتورە ئێستا پێویستی بە ریفۆرم و گۆڕانێکی بنچینەیی هەیە، پێویستە رێکخراوی مەدەنی بۆ پەروەردەکردنی پیاوان دروستبکرێت، راهێنانیان تا بە شێواز و میتۆدی مەدەنیانە کار بکەن.

×کلتور فرە رەهەند و فرە فۆرم و بەها و شێوازە، بەلام سیستەمی سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا، هەوڵیداوە تەنها کلتورێکی زاڵ و رەها بەسەر تاکی ئەم کۆمەڵگەدا زاڵ بکرێت و جیاوازیەکان بسڕێتەوە و فشاری خستونەتە سەر، کە ئەمە لە ناوەڕۆکدا کوشتنی کلتوری دیموکراسیە، بە هۆی زاڵکردنی





هەمیشە یەک بۆچون یەک نۆرمی بیرکردنەوەوە، کلتورێکی داخراو زاڵکراوە بەسەر کلتوری رێز گرتن و هۆشیاری و دروستکردنی زەمینەی مەدەنی و فیکری بۆ گەنج و ژنان، زەمینە خۆشنەکراوە تاک رابێت مانایەکی قوڵ بە ژیانی خۆی بداتەوەو ژنان لە خەمی دەوڵەمەند کردنی بیر و لۆژیک و خۆ پێگەیاندندا بن.

**لە بواری رۆشنبیریدا ژنانیش پێویستیان بە بودجەی تایبەت هەیە**.

×کاری حکومەتە زەمینەییەک بۆ بوارەکانی رۆشنبیری تایبەت بە ژنان لە بودجەدا بئافرێنێت، بۆ ئەوەی ژن خۆی بەڕێوە بەرێت، نەک ناچاری حیزب و بەرپرس بێت، ئەو بڕە پارەیەی باسیدەکات، کە بۆ ژنانی خەرجدەکات، تەنها رێکخراوە ژنانیە حیزبیەکانی سەر بە خۆیان نەگرێتەوە، بەڵکو کەناڵێک بکرێتەوە هەر ژن و رێکخراو دەزگا و کەسایەتیەک بگرێتەوە بێ جیاوازی لە بودجە سودمەند بن، بێجگە لەوەی ژنانیش پێویستیان بە هاوکاری بواری رۆشنبیری و رۆژنامەوانی و چاپکردن و هتد هەیە.

×دەتوانرێت تازەکردنەوەی کلتوری کۆمەڵگە، کە رێگرن لە بەردەم ژناندا بکرێتە پڕۆژە بۆ زیندوکردنەوەی ئەوانەی لە دەستدراون و ئەوانەشی پێویستە بەدەستبخرێن و دەوڵەمەند بکرێن، لە رێی کۆمەککردنی ئەو رێکخراوە ژنانیانەی کێشەیان لەگەڵ ئەم سیستەمەدا هەیە و زەمینەی پێویستیان بۆ تەرخانبکرێت، یان بۆ کەسانی دەستەبژێر و هوشیار لە پێناو

برەودان بە هوشیاری کلتوری کۆمەڵگە و گۆڕینی کلتوری شەرەف لە جەستەی ژندا، بەڵکو هەوڵدان بۆ پێناسە کردنەوەی راستی شەرەف و گەڕانەندنەوەی ماف و رێزی جەوهەری بۆ ژنان.

×بۆ ئەوەی مرۆڤ ببێتە چەقی نرخ و بەها و رێزگرتن لە مافەکانی، کە ئەم ئەرکە دەکەوێتە ئەستۆی لایەنی حکومی و رێکخراوە مەدەنیەکان و رەخنەگران، بۆ پەرەپێدانی پرۆژەی مرۆییانە، هەستکردن بە بەرپرسیارێتی زۆر بێهێز بوە، بە تایبەتی بەرامبەر بە ژن کلتورێک هاتۆتە ئاراوە، هەمیشە بەرامبەر بە باسکردنی مافەکانی ژنان کەمتەرخەم و بێباک و توندوتیژن، ئەم کلتورە پێویستی بە گۆڕین بۆ کلتورێکی مرۆڤدۆستانە و رێز گرتوانە لە ئیرادە و مافی ژنان هەیە، چونکە پێشکەوتنی کۆمەڵگە بەندە بە رێزگرتن لە هەبون و مافەکانی ژنان.

**باری دەرونی ژنانی کەس و کاری ئەنفالکراوان**.

× کاریگەری جەنگ و توندوتیژی، باری دەرونی ئەو مرۆڤانەی پێیدا دەرباز بون و بینیویانە زۆر تەنک و هەستیارتر دەکاتەوە، بۆیە پێداویستیەکانیشیان زیاد دەکات و ئاوڕدانەوەی زیاتریان دەوێت.

×لەمەوە دەگەینە ئەو راستیەی باری دەرونی ژنان و کەس و کاری ئەنفالکراوان، زیاتر لە حاڵەتێکی پڕ لە چاوەڕوانی و هەستیاریەکی زۆردان و پێویستی قەرەبوکردنەوەی دەرونیان زۆر زیاترە لە هەر مرۆڤێکیتر، بۆیە پێویستە سەنتەرێکی دەرونی لە





ناوچەکانیان دابینبکرێت، بۆ لێکۆڵینەوە و توێژینەوە لە باری دەرونی و دیاریکردنی خواست و پێویستیەکانیان بە تایبەتی ژنان.

×کەس و کاری ئەنفالکراوان بە تایبەتی ژنانیان تا ئێستا لە زەحمەتترین باردا دەژین و بژێوی ژیانیان بە گران بەڕێوە دەبەن، بەرپرسانیش وەک پێویست نەهاتون بە دەم داواکانیانەوە، بەپێی ئامارێکی بەڕێوەبەرایەتی ئەنفالی سنوری شاری سلێمانی، کە ئەنفالی قەرەداغ و شاربازێڕ تا تانجەرۆ و دوکان و دۆڵی جافایەتی دەگرێتەوە، تەنها لەم سنورەدا **1300** کەسی ئەنفالکراو تۆمار کراون، لەساڵی **2005** وە تا سەرەتای **2006** لە سەرژمێریەکدا، کە لە**100**ماڵ لە ناحیەی شۆڕش و رزگاری ئەنجامدراوە دەرکەوتوە، لە **81**٪ی ژنان لە ناحیەی رزگاری سەرۆکی خێزانن.

×لە**76**٪ی ژنان لە شۆڕش سەرۆکی خێزانن و لە **90**٪یان بە و کەمە موچەیە ژیاون، کە حکومەت لەساڵی**2001**دا بۆی بڕیونەتەوە، لە **2002/4/11**دا خەرجکراوە، لەم نێوەندەدا ژنان بە پلەی یەکەم توشی کارەساتی دەرونی سەخت بونەتەوە، لەبەر هۆکارە کۆمەڵایەتی و سیاسی و سۆزەکیەکان، بە هۆی تاوانەکانی شەڕەوە، کە ژنان زێدەتر مەرگەساتەکەیان چەشتوە، لەبەر هەمان هۆکار بۆنەتە بەرپرسی یەکەمی خێزان و رویان لە نانپەیدا کردنکردوە.

×ڕۆژی **2010/1/1** ئەنجومـــەنی وەزیرانـــی هـــەرێمی کوردستان، پڕۆژە بودجەی خەمڵێنراوی دیاریکرد، کە **11**تریلیۆن و **433**ملیار و**176**ملیۆن دینار بو، لـەم بودجەیـەدا بێجگـە لـە شوێننەدان بە پرسە جێندەرییەکان، بڕی پارەی پێویست بۆ ژنـانی کەس و کاری ئەنفالکراوان لەبیر کراوە، لە کاتێکـدا زۆرێـک لـەو ژنانە سەرۆک خێزانن و بژێوی ژیانی ماڵ و منداڵیان لە ئەستۆدایە.

×بـــەپێی ڕوپێوییـــەکی وەزارەتـــی شـــەهیدان و کاروبـــاری ئـەنفالکراوان، پرۆسـەی ئـەنفالی سـاڵی**1988**، لـە **14،14**٪ ڕێژەی بێوەژنی لە کوردستاندا بەرز کردۆتەوە، کە لە **44،09**٪ی ئەو ژنانەی کەسوکاری ئەنفالن ژنی ماڵەوەن و بێکارن، لە ناحیەی شۆڕش، کە نزیکەی**4** هەزار خێزانی تێدا دەژی، **1700** ژن لەو ناوچەیە هاوسەرەکانیان ئەنفالکراوە و خۆیـان سـەرۆک خێـزانن و بژێوی خێزانەکانیان پەیدا دەکەن، بـە پێـی ئامـارێکی وەزارەتـی شەهیدان و کاروباری ئەنفالکراوان لـە **23،83**٪ی کەسـوکاری ئەنفالکراوەکان کرێچین.

×هەر ئەو وەزارەتە زیانی مادی شاڵاوەکانی ئەنفالی بە **8** ملیار دۆلار مەزەندە کردوە و زۆرێک لەوانەی لەو شاڵاوە بەجێماون ژنن و خێزان و ئەرکی ڕۆژانەی ژیانیان لەسەر شانە.

×ژمارەیەکی زۆری ژنانی پاش ئەم کارەساتە بێوەژن و سەرۆک خێزانن، بۆیە ئەگەر بە گشتیش لەهەر پڕۆگرام و ئاوڕدانەوەیـەکی حکومی و مرۆییدا ژنان نەگیرێنە دەست، بـەڵام ژنـانی کـەس و





کـاری ئـەنفال خـاوەن تایبەتمەنـدی زۆر جیـاواز و سـەرەکیترن، پێویستە بە بایەخ پێدانەوە و بە گرنگییەوە خزمەت بکرێن.

×ئەرکی حکومەت تەنها پێدانی موچە نیە بـە کـەس و کـاری ئەنفالکراوان، بەڵکو ئەو پرسیارە هەمیشە دێتـە پێـشەوە، کـە ئایـا حکومەت و دەزگاکانی تا چەند توانیویانە شێوازی ژیانیان بۆ ڕیتمی کۆنیان بگەڕێننەوە و ئەم خەمە قورسەیان لەسـەر کەمبکەنـەوە؟، بەوەی ئاسودەیی دەرونیـان بـۆ بگەڕێننـەوە و تێکـەڵ بـە ژیـانی ئاسایان بکەنەوە؟ تا چەند خزمەتگوزاری و ژینگەیەکی فەراهەمیان بۆ دابینکردون؟، بەوەی تەنها لە ڕۆژی**4/14**دا نا، بەڵکو سەرجەم ڕۆژێکیان بـۆ خزمـەتکردن و ئاسـاییکردنەوەی بـاری گـوزەران و ژیانیان تەرخانبکەن و لە خەمی ئەم پرسە چارەنوسسازەدا بن.

×ئامرازەکانی ئاسانکاری ژیانیان بە مەبەسـتی کەمکردنـەوەی ئـەرکی سـەر شـانیان و دابەزانـدنی قورسـایی دەرونـی ژنـان تەرخانبکەن، ئەرکی دامەزراوە پەیوەندیدارەکانی هەرێمە ئەم کارانە بگرێتە ئەستۆ و خزمەتکاری ڕاستەقینەیان بێت، چەندین کارگـە و دامەزراوەی خزمەتگوزاری و سەنتەری دەرونی و شوێنیتری کاریان بـۆ دابـین بکـات، هـەموو ئـامرازێکی فەراهـەمهێنی ژیانیـان بـۆ دابینبکات، هەڵبەتە لە پێناو قەرەبو کردنەوەی دەرونیاندا، دەستەبەر کردنی پێداویستی و خزمەتکردن بەشێکی کەمە و گرنگە بـۆ بـار سوکیان.

×لەبەرگی دووەمی پەرتوکی لە پەراوێزی ئەنفالدا تەها سلێمان دەڵێت، "ئەگەر ساڵی**1988** ساڵی پەلاماری ئەنفال بـو بـۆ سـەر

کورد بون و شوناسی نەتەوەییمان لەلایەن بەعسەوە، ئەوا هەر لەو ساڵە بە دواوە و تا ئێستا ئافرەتانی پەراوێز، پاشماوەی ئەنفال گشت کاتــەکانیان لــە ئــەنفالێکی بەردەوامدایــە و قورســترین دەردە کۆمەڵایەتی و ئابوری و دەرونــی و خێزانیــەکانی پەلامارەکــە بــە جەستە و هەست و نەستی ئەم ئافرەتانەوەیە.

## 2- ئاسایشی کۆمەڵایەتی ژنان

×ئاسایشی کۆمەڵایــەتی پێویــستیەکی ســەرەکییە بــۆ هــەموو کۆمەڵگەیەک، بۆ ئەوەی تاک هەســت بــە ئاســایش و دڵنیــایی و سەقامگیرییکات، بۆیە ناتوانرێــت بیرکردنەوەیــەکی تەندروســت و رۆشــنبیری و ئەدایــەکی باشــمان هــەبێت، لــە غیــابی ئاسایــشی کۆمەڵایەتیدا، ئاسایشی کۆمەڵایەتی ژنان بە تایبەتی بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتییە، دەکەوێتــە ئەســتۆی هــەموو تاکێــک و کۆمەڵگــە، لەسەروشیانەوە بەرپرسانی حکومی و دەزگا مەدەنی و دەستەبژێر و تایبەتمەندەکان.

×لــە راپــۆرتی پەرەپێــدانی مرۆیــی ســاڵی **1994**ی نەتەوەیەکگرتوەکاندا، بۆ یەکەمجار چــەمکی ئاسایــشی مرۆیــی و کۆمەڵایــەتی بــە رەهەنــدە جیاوازەکانیــەوە، وەک بنەمایــەک بــۆ گەشەپێدان بەکارهێنرا، تا ئەو کاتە چەمکەکە تەنها لــە پاراســتنی سنوری جوگرافی دژی دوژمنانی دەرەکی، یان پاراستنی جیهان لە شەڕی ئەتۆمی کورتکرا بوە وە نەک ئاسایــشی خــەڵک، ئاسایــشی مرۆیی پاراستنی مافی تاکە لە نەخۆشی، برسێتی و بێکاری، تاوان، ململانێ و ستەمی سیاسی و پیسبونی ژینگە، چــەمکی ئاسایــشی





مرۆیی جەختدەکاتە سەر توانای خەڵک و پێویستی بەشداریکردنی لە پرۆسەی پەرەپێداندا.

×نەبونی یەکسانی و دادپەروەری بەرامبــەر ژنــان، پێــشێلکاری مافی مرۆڤی لێدەکەوێتەوە، ئەمەش ئاسایی هەڕەشەیە لە ئاسایشی مرۆیی ئەگەر بەردەوام بێــت و چارەســەر نــەکرێت، لــە راپــۆرت و بەڵگەنامەی نەتەوە یەکگرتوەکاندا ئاماژە بەوە کراوە، ژنان لە روی ماددی و سۆز و جەســتەییەوە روبــەڕوی هەڕەشــە دەبنــەوە، بۆیــە دەبێت وا دابنرێت ئەم هەڕەشانە بەرامبەر هەموو کۆمەڵگە دەکرێت نەک بە تەنیا ژنان، بۆیە دەبێت هەوڵی پاراستنیبدرێت، ئــەو کاتــە ئەمە ناکاتە پاراستنی مافی ژنەکە بە تــەنیا، بــەڵکو پەیوەســتە بــە ئاسایشی هەموو کۆمەڵگەوە.

×بە پێی هــەمان ئــەو داتایانــە دەرکــەوتوە، کــارکردن لەســەر توندوتیــژی دژی ژنــان و بــەکارهێنانو قــسە لەســەر کردنــی لــە نەخشەکێشانی سیاسیدا و چارەســەرکردنی، ئاسایــشی مرۆیــی بــۆ هــەموو کۆمەڵگــە دابینــدەکات، لەبەرئــەوە دەبێــت لــە ســەرەتاوە ئاسایــشی کۆمەڵایــەتی بــۆ ژنــان دابینبکرێــت و رێکخراوەکــانی کۆمەڵگــەی مــەدەنی و ژنــان هانبــدرێن، بەشــداری لــەم نەخشەکێــشانەدا بکــەن و لــە دەســتور و پەیماننامــە نێــو دەوڵەتیەکانیشدا گرنگی پێبدرێت، چونکە منداڵ پەروەردە دەکاتەوە و کردەکانی رەنگدانەوەی لەسەر نــەوەی نــوێ دەکاتــەوە ئەگــەر ئاسایشی کۆمەڵایەتی نەبێت.

×بەڵگەنامە نێـو دەوڵەتیـەکان جـەخت لـەوە دەکەنـەوە، کـە پەیوەندی لە نێوان چەمکی پێگەیاندنی ژنان و ئاسایشی مرۆیی و کۆمەڵایەتیـدا هەیـە، ئاسایـشی مرۆیـی شـێوەیەکی فراوانـە لـە دابینکردنی خـۆراک و نیـشتەجێبون و تەندروسـتی و فێرکـردن و کۆتاییهێنان بە توندوتیژی و پاراستنی تاک لە ململانێ و قەیران و دابینکردنی دیموکراتی و رێزگرتن و مافی مرۆڤ، ئەرکی سەرەکی لـە دابینکردنـی ئاسایـشی مرۆیـی و مـافی مـرۆڤ لـە ئەسـتۆی حکومەتە، بێجگە لە فشاری رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مـەدەنی و ژنان.

×ئاسایـشی کۆمەڵایـەتی بـۆ ژن ئاسایـشی جەستەییـشی بـۆ دابینــدەکات، دابینکردنــی چــاودێری تەندروســتی و خــۆراکیش دەگرێتــەوە، بــۆ ئــەوەی توشــی شــێواندنی جەســتەیی وەک خەتەنــەکردن و دەســتدرێژی و هەراســانکردن و هــەر جــۆرە توندوتیژیەک، لە ناو خێـزان و دەرەوەی خێزانیـشدا نەبێتـەوە، لـە هەرێمی کوردستاندا بەرزبونەوەی رێژەی توندوتیژی و ئامارەکـانی هەڵاواردنی ژنان، نیشانەن بۆ ئەوەی ئاسایشی کۆمەڵایەتی ژنـان هەر لەم رووەوە نا، بەڵکو لە زۆر لایەنەوە فەراهەم نیە.

×ئاسایــشی کۆمەڵایــەتی، ئاسایــشی ئــابوریش بــۆ ژنــان دابیندەکات بە داهاتی جێگیر، کە بەشی بژێوی و پێداویـستیەکانی بکـات، گـەرەنتی بـاری کۆمەڵایـەتی لـە لایـەن حکومەتـەوە و دابینکردنی خزمەتگوزاری و چاودێری منـداڵ و خێـزان و هـەلی یەکسانی لە کاردا بۆ دەکات، ئاسایشی کۆمەڵایەتی و دەرونـی بـۆ





ژنــان بریتیــە لــە دورخــستنەوەی لــە توندوتیــژی هەمــەجۆر و بەشدارییپێکردنی لە بڕیار و هەستکردنی بـە دڵنیـایی، هەسـتبکات گەر مافی پێشێلکرا یاسا دەیپارێزێت، کەواتە دەبێـت لـە پێـشەوە هەموو ئەو یاسـایانەی تایبـەتن بـە ژنـان، وەک یاسـاکانی بـاری کەسێتی و سەفەر و هتد.. هەموار بکرێنەوە و کار لەسەر دەرکردن و جێبەجێکردنی ئەوانیتر بکرێت.

×لە پێشترین پێناسەکانی ئاسایش، کە زیـاترین ئـاڵوگۆڕی لـە ئەدەبیاتی ئاسایشی تایبەتمەندا کردوە، پێناسەکەی "باری بوزانـە"، کە یەکێکـە لـە پـسپۆڕە دیارەکـان لـە توێژینـەوەی ئاساییـشدا، وتویەتی"ئاسایش کارێکە بـۆ رزگـاربون لـە هەڕەشـە". دەوڵـەت و کۆمەڵگە هەندێکجار لەگەڵ یەکدا گونجاون و هەنـدێکجاریش دژ بە یەکن، بۆیـە ئاسـایش رێژەییـە و رەهـا نیـە، بـەڵام ئاسایـشی نەتەوەیی توانای دەوڵەتە بۆ پاراستی ناسـنامەی سـەربەخۆی ئـەو قەوارەیە بە ڕەهایی.

×بەکارهێنانی چـەمکی ئاسـایش بـە گـشتی دەگەڕێتـەوە بـۆ کۆتایی جەنگی جیهانی دوەم، کە واتـای پاراسـتنی وڵاتێکـی لـە مەترسی و دەستی بیانی گەیانـدوە، بۆیـە دەزگـا و وەزارەتیـان بـۆ دروستکردوە، "روبرت مکنمارا" وەزیری پێشوی بەرگری ئەمریکی، چوار ئاستی دیاریکردوە، لەوانە ئاسایشی تاک، هەموو هەڕەشەیەک لە سەری، ئاسایشی نیشتمانی، هەر مەترسیەک لە ئاستی ناوخۆیی و دەرەکی، ئاسایشی هەرێمی، پاراستنی قەوارەکەی، ئاسایشی نێـو دەوڵەتیش پاراستنی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانی گرتۆتـەوە،

بەڵام ئاسایشی مرۆیی لە نیوەی دووەمی ساڵی نەوەدەکاندا بە کار هات.

×ئاسایشی مرۆیی جەختی خستۆتە سەر تاک و پێداویستیەکانی، نەک دەوڵەت وەک یەکەیەکی سیاسی، بەو پێیە پێویستە ئامانجی سیاسەتی ئاسایش بە دەستهێنانی ئاسایش بۆ تاک بێت، چەمکی ئاسایشی نیشتمان و هەرێم فراوانتر بووە، بەو پێیەی ئێستا رەگەزێکی سەرەکیە و گرنگی بە شۆڕشی تەکنۆلۆژی لە بوارەکانی زانیاری و پێوەندی دەدات، گرنگی بە کێشەکانی تەقینەوەی دانیشتوان و ژینگە دەدات و کار بۆ کەمکردنەوەی رووداو و مەترسییەکان لەسەر مرۆڤ دەکات.

×ئەفلاتۆن باس لەو شارە خۆرسکە دەکات، کە بنەماکانی لەسەر دڵنیایی و خۆشەویستی تاک پێکهاتبێت، لە پەرتوکی سیاسەتی مەدەنیدا رۆڵی تاک لە کۆمەڵگەدا و ئەرکەکانیشی دەستنیشاندەکات، دەبێت پەیوەندی ئەندامانی ئەو شارە، لەسەر بنەمای دادپەروەری و خۆشەویستی بۆ شارەکە بێت و پێگەکانی شار لەسەر ئاکاری خەڵکەکە راوەستاوە، چونکە مرۆڤی مەدەنین و دەیپاڕێزن.

×ژان ژاک رۆسۆ لە پەرتوکی هاوپەیمانی کۆمەڵایەتی لەساڵی**1712-1778**دا، پێیوایە دەبێت لە نێوان مرۆڤەکاندا پەیمانێک هەبێت بۆ ژیانی کۆمەڵایەتی و ئەو هاوپەیمانییە ببێتە دەستورێک لە نێوانیاندا، پێیوایە سیستەمی کۆمەڵگەی مەدەنی هیچ نیە مەگەر بە پاراستنی مافی ئەندامەکانی نەبێت، کە مرۆڤ





تێیدا ئازاد بێت و چارەنوسی خۆی دیارییکات هەڵبەتە بێ جیاوازی رەگەز، بۆ ژنان واتای ئاسایشی کۆمەڵایەتی دەگەیەنێت.

×راگەیاندنی جاڕنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ لە ساڵی**1948**دا، لەسەر بنەمای رێز گرتن لە مافی مرۆڤ و ئازادیەکانی و دژی پێشێلکاری مافی تەواوی گەلان پێکهات، بنەمایەکی سەرەکیشە بۆ بە دەستهێنانی ئاسایشی کۆمەڵایەتی، کە ئاسایشی ژنان دەپارێزێت، روانگەی ئاسایشی کۆمەڵایەتی، رێکخستنی کۆمەڵگە و ژیانی کۆمەڵایەتی و پەرەپێدان و دابینکردنی پەروەردەی مەدەنی و شارستانی و پەیوەندی خێزان و گەرەنتیکردنی ژیان و کار بۆ هەر تاکێک دەگرێتەوە، بۆ ئەوەی رێز لە مافەکانی مرۆڤ و پێکهێنانی ئاشتی و دڵنیایی بگیرێت، کەواتە تا چەند دەتوانرێت باس لە ئاسایشی کۆمەڵایەتی ژنان بکرێت، کە ئەم پێوەرانە ونن و ئێستا توندوتیژی لەسەر ژن رۆژانە لە هەڵکشاندایە؟.

×بە پێی راپۆرتێکی پەرەپێدانی مرۆیی نەتەوە یەکگرتووەکان، بەرزی رێژەی بێکاری و تێکڕای گەشەی دانیشتوان، ئاماژەن بۆ ئەوەی دەوڵەتانی عەرەبی تاساڵی**2020**، پێویستیان بە **51**ملیۆن هەلی کاری نوێ هەیە، داگیرکارییەکانی وەک ئەوەی دەکرێتە سەر غەزە و عێراق و وڵاتانیتری رۆژهەڵاتی ناوین، هۆکارە بۆ دروستبونی هەڕەشە لەسەر ئاسایشی کۆمەڵایەتیان، کە

ئاشکرایە زێدەتر ژنان لەم ڕەوشانە زیانمەند دەبن و ئاسایشی کۆمەڵایەتیان دەکەوێتە مەترسییەوە.

### 4- بودجە بۆ پرسە جێندەرییەکان دیارینەکراوە

- بودجەی ئەمساڵی حکومەتی هەرێم **13** ترلیۆن و **940**ملیار دینارە و لە بودجەی پار ساڵ زیاترە بە داهاتە ناوخۆییەکانەوە، سەرەڕای تەرخانکردنی بەشی کەرت و بوارە جیاجیاکان بە هەموو کەمو کوڕیەکانیشیانەوە، بەڵام هیچ بەشە بودجەیەک بۆ پرسە جێندەریەکان تەرخاننەکراوە، ساڵی پار بەش بۆ پرسی جێندەر و پەرەپێدانی کۆمەڵایەتی و کلتوری و رۆشنبیری و ژنانی کەسوکاری ئەنفال بە تایبەتی دیارینەکرابو، تەوەرێکی بەرنامەکەم ژن و ئەفراندن لە کەناڵی کەی ئێن ئێن لەسەر ئەم بابەتە ئامادە و پێشکەشکرد.
- لە ڕووی زانستیەوە چەمکی جێندەر یان جۆری کۆمەڵایەتی، بریتیە لەو بنەمایانەی قسە لەسەر هەڵگرتنی نایەکسانی و نا دادپەروەری کۆمەڵگە دەکات، کە لە نێوان هەردو ڕەگەزدا دروستیکردوە، بۆیە پێویستی بە بودجەش هەیە، بەڵام لە تەرخانکردنی بودجە گرنگتر دیدی حکومەتە بۆ پرسگەلی ژن نەک بە تەنیا مەسەلە دارایییەکە.
- لە بەرنامەکەوە بەو ئەنجامە گەیشتم ڕێکخراوەکانی ژنانیش زۆر دەرکیان بەم پرسە نەکردوە، وەزیری رۆشنبیریش بە





بەرنامەکەمی ڕاگەیاند، ئەوان هەوڵیاننەداوە پرسی ژن لە پرسە گشتیەکان جیابکەنەوە، هەروەک ئەو بیرۆکە هەڵەیەی لە شۆڕشەکانی ئۆکتۆبەر و روسیادا دەوترا، خەباتی ژنان بۆ دوای خەباتی نەتەوەیی هەڵبگرن و تێکەڵکێشی مەکەن.

- وەزیر نمونەی ئەو پرۆژانەی حکومەتی هێنایەوە، کە بە نیازن لە گوندەکاندا جێبەجێی بکەن، پێیوا بو جێبەجێکردنی پرۆژەیەکی بۆ نمونە ئاو، لە هەمانکاتدا پرۆژەیەکی جێندەرییە، چونکە ژن لە گرانیەکی ژیان، کە ئاو هێنانە دور دەخاتەوە، واتە بە قسەی ئەوان دەرەنجام دەبێت بەشی ژنان هەر لە گشتیدا و لە پیاوی وەربگرێتەوە.
- یەکەم بودجەی ژنان لە لایەن حکومەتی فیدراڵی ئوستالیاوە لەساڵی**1984**وە دانراوە، لە ساڵی**1995**یشدا پەرلەمانتاران و ڕێکخراوە ناحکومیەکان، لە باشوری ئەفریقیا هەستان بەم دەستپێشخەرییەی بودجە بۆ ژنان، لە ساڵی**1997**دا حکومەتی باشوری ئەفریقیا و کەنەدا و وڵاتە یەکگرتوەکان و زیمباوی پشتیان بە بودجەی ژنان بەست، تەرخانکردنی بودجە بۆ ژنان، کە لە بودجەی حکومەتەوە وەردەگیرێت، هەوڵێکە بۆ کارکردن و هەستکردن بە کێشەی ژن و چارەسەرکردنی گرفتەکانیان، زۆر لە گرفتی کۆمەڵگەش لەم ڕێگەیەوە کەمدەکرێنەوە.
- هەڵبەتە تەرخانکردنی بودجە بۆ پرسی جێندەر لە وڵاتانیش تازەیە، بەڵام ناکرێت حکومەتی هەرێم پشتگوێیبخات،

چونکە ڕێژەیەکی زۆر لە نەخوێندەواری و توندوتیـژی هەمـەجۆر و کۆمەڵێک تەنگەژە هەن، تایبـەتن بـە ژن و کۆمەڵگـەیان گیـرۆدە کردوە و چارەسەریان دەوێت.

- لە وڵاتێکی وەک سویدا ساڵانە **430** ملیۆن دۆلار تەنیا بۆ نەهێـشتنی توندوتیـژی لەسـەر ژنـان تەرخانـدەکرێت جیـا لـە بوارەکانیتر، تەرخانکردنی بڕێک لە بودجەدا بۆ ژنانی کەس و کاری ئەنفالکراوان زۆر پێویستە، کە تا ئێستا لە زەحمەتترین باردا دەژین و بژێوی ژیانیان بە گران بەڕێوەدەبەن، هەڵبەتە هەتا مرۆڤ نەچێتە ناو ئەم کەسانەوە و ئازارەکانیان لە نزیکەوە نەخوێنێتەوە، هەستیان پێناکات، لە هەڕەمی پێداویستیەکاندا ئـەبراهام ماسلۆ بـاس لـەوە دەکات، گەر پێویستییە سەرەکیەکان پــڕ نەکرێنــەوە، پێداویــستییە دەرونیەکان شکست دێنن و گرفتی بۆ دروستدەکەن، ئەمە ڕێک بۆ کەسوکاری ئەنفالکراوەکان ڕاستە، چونکە لە پێویستییە سەرەکیەکان بێبەشن، بۆیە دووچاری چەندین گرفتی دەرونی قوڵتر هاتون.
- پەرەپێــدانی کۆمەڵایــەتی ئامــانجی لــەناوبردنی نەخوێندەواری و بایەخدان بە بواری تەندروستی و مـافی فێربـون و ڕۆشنبیرییە لە کۆمەڵگەدا، کە جێندەر هەوڵی بۆ دەدات، ناکرێت ئەو بڕەی لە ڕێگەی وەزارەتی ناوخۆوە تەرخانـدەکرێت، لەوێـشەوە بـۆ بەڕێوەبەرایەتیەکانی دژی توندوتیـژی دەنێردرێـت، بـەڵکو دەبێـت سـەربەخۆ بێـت و بـە یەکـسانی حکومـەت و پەرلـەمان خۆیـان سەرپەرشتییکەن.[22]

[22] – ڕۆژی دووشەممە 2011/5/23 لە ڕۆژنامەی چەتردا دابەزیوە.





## باسی دووەم:

## جێندەر

### 1- جێندەر جۆری کۆمەڵایەتی و ڕەگەز

×چەمکی جێندەر لە کۆتـایی سـاڵی شەسـتەکان و سـەرەتای ساڵی حەفتاکاندا بە چڕی باسی لێوەکراوە، سەرەتا لـە فەرهـەنگی زماندا بە واتای ڕەگەز هـاتووە، لـە مانـا و بـواری سۆسیـۆلۆژییدا جیاوازی لەسەر بنەمای ڕەگـەز و نەتـەوە و ئـایینیش دەگرێتـەوە، نەک تەنها جیاوازی لە نێوان ژن و پیاودا، بۆ نمونە ئاستی پێکهاتە و نەتەوەیش دەگرێتەوە وەک لەناو گـەلانی فـرە نەتەوەیـشدا بـە کاردێت، کەواتە تەنها لەسەر بنەما و تایبەت بە ژنان نیـە، چـونکە ژنانیش لەناو خۆیانـدا جیاوازیـان بـە پێـی پلـەی کۆمەڵایـەتی و سیاسی و ئاست و سۆز و هەڵوێست هەیە، هەندێک کـەس بـاس لەوە دەکەن، کە بە واتا جێندەرییەکەی هەموو ژنێک ناچەوسێتەوە، بۆ ئەمەش نمونەی ژنانێک دەهێننەوە، کە لـە پلـەی وەزیـردان و پەرلەمانتارن و پاسەوان و کارگێڕەکانیان پیاون.

×جێندەر چەمکێکی واقیعیە و داکۆکی لە مرۆڤبون دەکات و لە زەمینـەی واقیعیـدا پراکتیـزە دەکرێـت، هـەموو وردەکاریـەکانی کۆمەڵگـە دەگرێتـەوە، چـونکە واتـای بەشـدارییپێکردنی هـەموو توێژێک دەگرێتەوە، کە دەسەڵاتیان لە بەشـداریکردنی پرۆسـەی سیاسـیدا نیـە، زۆرجـار وەرگرتنـی ڕاوبۆچـونی خـەڵک لەلایـەن دەسـەڵاتدارانەوە لـەبارەی پێویـستی و خزمەتگوزاریـەکانیان، شێوەیەکە لە بەشدارییپێکردنی ئـەو چـین و توێـژە پەراوێزانـە لـە

پڕۆسەکەدا، کە دەکاتە بەشداری جێندەری، کەواتە ئەوە چەمکی جێندەرە بەشداری بە هەموو توێژەکان لە ناوەندی بڕیار و چارەنوسیاندا و لە کایە پێویست و مافە سەرەکیەکانیاندا دەکات.

×چەمکی جێندەر بە پێی کۆمەڵگەکان گۆڕانکاری بە سەردا دێت و بەم پێیەش باش هەرس دەکرێت، یان بە پێچەوانەوە مانا و ناویتری لێدەنرێت، بۆیە ئەم چەمکە پەیوەستە بە ئاستی پێگەیشتویی و هوشیاری کۆمەڵگەکانەوە، جێندەر لە جەوهەردا هەوڵی دادپەروەری کۆمەڵایەتی دەدات و بێ جیاوازی ژمێرە بۆ هەموو پێکهاتە و رەگەز و توێژەکان دەکات و هەموو ئازادیەکانی مرۆڤ، لە هەموو لایەنێکەوە دەپارێزێت و بە چاوی رێزەوە تەماشایان دەکات، چونکە ئامانجی هەڵاواردنی لایەنێک و رەگەز و دیدیتر نییە بەڵکو بە پێچەوانەوە.

×ئەم چەمکە گرێدراوە بە هوشیاری پیاو و ژنیشەوە لە جیاوازینەکردن لە نێوان رەگەز و جۆری کۆمەڵایەتیدا و هەستکردن بەوەی، جۆری کۆمەڵایەتی هەڵقوڵاوی رۆشنبیری کۆمەڵگەیەو دەتوانرێت گۆڕانیشی بەسەردا بێت، مەبەستی جێندەر یان جۆری کۆمەڵایەتی دابەشکردنی کارە لە نێوان ژن و پیاودا بە شێوەیەکی دادپەروەرانە، کە هەردو رەگەزییش لەسەر ئەمە کۆکبن، هیچ یەکێک لە ڕەگەزەکان هەوڵی زاڵبون بەسەر ئەویتردا نەدات، لە روی ئابوری و سیاسی و هوشیارییەوە باوەڕیان بە یەکسانی جێندەری هەبێت.





## بەشداری

×بەشداری لەنێوان هەردو رەگەزدا و لە هەموو ئاستەکانی دروستکردنی بڕیاردا یەکسانە، لە پێشخستن و بەڕێوە بردنی بواری سیاسی و پلان و کارگێڕی تایبەت و بەرنامەی پێشخستندا بەشداریەکی کارا و گرنگی هەبێت، پەیکەری پەیوەندی کۆمەڵایەتی لە چوار جۆر لە دام و دەزگا پێکدێت، لەوانە"دەوڵەت، بازاڕ، کۆمەڵگە، تاک و خێزان"و بەشداری کارای جێندەرییان پێویستە، یەکسانی لە نێوان ژن و پیاودا لەسەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی، بەڵکو لە هەموو چالاکیەکدا دەبێت مامەڵەی نێوان هەردو رەگەز مەدەنیانە بێت.

×جۆری کۆمەڵایەتی یەکسانانە کار بۆ چاککردنی رەوشی ئابوری و هەژاری و نەهامەتی کۆمەڵگە بە هەموو جۆرەکانیەوە دەکات، کە تووشی هاتوە ئەمەش بە واتای هەستکردنی هەردو رەگەزە بەو ئاستەنگیانەی روبەڕوی کۆمەڵگە دەبنەوە.

پەرەپێدانی مرۆیی پەیوەستە بە جۆری کۆمەڵایەتیەوە

×لە روی ئابورییەوە دابەشکردنی کار لە نێوان ژن و پیاودا، پێوەرە بۆ رونکردنەوە و ناسینی قەبارەی هەڵاوسان و کەمکردنەوەی کەموکورتی ئەم بوارە، بەوەی لە بواری پەرەپێدانی مرۆیی و ئابوریدا، بەشی تاک لە کۆی داهاتی نەتەوەیی راستەقینە و تێکڕای جی دی پیدا هاوسەنگ و یەکسان بێت.

×دەستەی گشتی یەکسانی جێندەری و رەگەز، لە رێکخراوی هاوکاری و پەرەپێدانی ئابوری جیهانیدا، بە هاوکاری زانکۆی

مانشستر و دام و دەزگاکانی، لە ساڵانی1993-1998دا، لە پێناو پێشخستنی چەمکی جێندەر و یەکسانکردنی لە سیاسەتی ئابوری گشتیدا، پرۆژەیەکیان خستەڕو و بە ناوی جێندەر و چاکسازی ئابوری و پەرەپێدان، بۆ هاتنە پێشەوەی زیاتری ژنان و گرنگیان لە بواری پەرەپێدان و ئابوریدا.

×تێگەیشتن لە زاراوەی سەرەکی جێندەر، جۆری کۆمەڵایەتی و رەگەز، پێویستی جۆری کۆمەڵایەتی و زانیاری لەسەر گرنگیەکەی و شیکردنەوەی جۆری کۆمەڵایەتی لە بواری پەرەپێدان و پێشکەوتنی تواناکاریەکان لەمبارەیەوە، جیاوازی نەکردن لە نێوان هەردو رەگەزدا لەو زانیاریانەی دابەشدەکرێت و بڵاو دەکرێنەوە، زانین و بەرچاو رونیە لە بارەی پێشکەوتنی ئاماژەکانی پەرەپێدانی مرۆیی و پەیوەندیدار بە جۆری کۆمەڵایەتیەوە.

## شوناسی جێندەری بۆ ژن و پیاو

×ئەو شێوازەیە لە رێگەیەوە دەتوانرێت رەفتار و ئاستی بیرکردنەوە و هەڵسوکەوتی هەردو رەگەز دیاریبکرێت، جۆری کۆمەڵایەتی کۆمەک بە نەژاد و چینی کۆمەڵایەتی دەکات، کاریگەری لەسەر دابەشکردنی ئیمتیازات و دەسەڵات و سەرچاوەی کۆمەڵایەتی و ئابوری لە کۆمەڵگەدا هەیە، پەیوەندیەکانی جۆری کۆمەڵایەتی واتای پەیوەندی بەهێزی نێوان ژن و پیاو، دەبێت پەیوەندی هاوکاری و کۆمەکی هاوبەش لە نێوانیاندا بێت.





×پەیوەندی جۆری کۆمەڵایەتی، پەیوەندی نێوان خەڵک و کۆمەڵگەکان روندەکاتەوە، ئەم پەیوەندیانەش بەهۆی رەگەزەوە جیاوازی هەیە و بریتیە لە چۆنیەتی دابەشکردنی دەسەڵات لە نێوان ژن و پیاودا، دەکرێت لە نێوان ژن و پیاودا جیاوازی جۆری کۆمەڵایەتی و نەژاد و ئاست و باری کۆمەڵایەتی و ئاین و تەمەن هەبێت.

×لە زۆرێک لە کۆمەڵگەکاندا رەفتار و ئەدای جۆری کۆمەڵایەتی دەگۆڕێت، بە هۆی گۆڕانی تەکنۆلۆژی، کە گۆڕانکاریەکی گەورەی ئابوری و کۆمەڵایەتی لە سەرانسەری جیهاندا پێکهێناوە، ژن و پیاو لە کۆمەڵگەکاندا ئەرک و بەرپرسیارێتی و رەفتاری جیاواز لەسەر بنەمای رەگەز وەردەگرن، دابەشکردنی کار لە روانگەی جۆری کۆمەڵایەتیەوە و لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ یەکێکیتر و بە پێ ئاستی رۆشنبیری و گۆڕانە دەرەکیەکان و کات دەگۆڕێت.

## رۆڵی بەرهەمهێنان

×بەرهەمهێنانی کاڵا و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری و پێدانی داهات و کارکردنی بەرهەمهێنەرانە دەگرێتەوە، ئەمانە کاری باوەڕپێکراون لە لایەن تاک و کۆمەڵگەوە ئەنجامدەدرێن، بەڵام بەهای هەمانکار، کە بە پیاوێک دەدرێت بە هەمان پێوەر دەبێت بە ژنیش بدرێت، بێجگە لە رۆڵی دایکێتی، کە پێکدێت لە

گرنگیدان و چاودێری منداڵ و کاروباری ماڵ و شیردان و پاکژی ئەرکی ژنانە و ئەنجامیدەدەن.

## ڕۆڵی ڕۆشنبیری

×ئەم ڕۆڵە پێکدێت لەو کار و چالاکیانەی لە بواری گشتی و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتیدا ئەنجامدەدرێن و شوێنگەیەکی گەورە لە کۆمەڵگەدا دەگرن، لەم ڕووەوە پیاو کاتێکی زۆرتری هەیە بۆ هەستان بەم ڕۆڵ و چالاکیانە بەراورد بە ژنان، ئەمەش دەبێتە هۆی دروستکردنی بڕیار لە کۆمەڵگەدا.

×پێداویستیەکانی جۆری کۆمەڵایەتی بۆ هەردو ڕەگەز، بەرپرسیارێتی و ڕەفتاری جیاوازیان دەخاتەئەستۆ، کە بەرژەوەندی و پێداویستی جیاوازن و بە پێداویستی و بەرژەوەندی کرداری و ستراتیژی بە ناو دەکرێن، پێداویستی جۆری کۆمەڵایەتی ژن و پیاو دەتوانن دیاریبکەن، کە پەیوەستە بە ژیانیانەوە، پێداویستیە کرداریەکانی ژنان بە پێی ئەو ڕەفتارانەی دەینوێن جیاوازن، ئەمانەش پێداویستی کاتی و ماوە کورتن، وەک پێداویستی نیشتەجێبون و ئاسایش و ئاو و خاوێنی و بەرگری و تەندروستی و داهات، پێداویستی کاتین و ژنان زیاتر گرنگیان پێدەدەن، دابینکردنی پێداویستیە کرداریەکان بۆ ژنان لە هەندێک باردا دەبێتە هۆی دابەشکردنی جۆر و جێندەر لە کاردا.





## پێداویستی و بەرژەوەندی ستراتیژی

×ئەم پێداویستیانە پەیوەستن بە ڕەوشی ژنانەوە، لە بواری سیاسی و دەسەڵات و حوکم و دابەشکردنی کار لەسەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی، دەتوانرێت بوترێت پێداویستی ستراتیژی پێکدێت، لە گۆڕانکاریکردن لە دابەشکردنی کار لەسەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی، نمونە دابەشکردنی کار بە شێوە تەقلیدییەکەی نا، بەڵکو بەشدارییپێکردنی پیاوانیش لە کاری ماڵ و بەخێو کردنی منداڵدا، بە مەبەستی نەهێشتنی توندوتیژی لەسەر ژنان و یەکسانی لە داهات لە نێوانیاندا، بۆ هەمان کار دروست ببێت و بەشداری یەکسان لە ناوەندی بڕیار و سیاسیدا.

×ئاستی گەیشتن بە سەرچاوەی یەکسان، بە مانای بە یەکسانی دەست پێڕاگەیشتنی ژن و پیاو بە سەرچاوەکان لە بواری ئابوری و بەرهەمدا بە تایبەتی، وەک زەوی و قەرز و کار و ڕاهێنان و بازاڕ و هەموو خزمەتگوزاریی و سودە گشتییەکان، یەکسانی هەلیکارکردن، بۆ گەیشتن بەم ئاستەش هەموار کردنی هەموو ئەو یاسایانە پێویستە، کە ژنیان بچوککردۆتەوە، لە پێناو نەهێشتنی هەموو جۆرەکانی زاڵدەستی بەسەر ژندا.

## جیاوازی لە نێوان چەمکی ڕەگەز و جۆری کۆمەڵایەتیدا

×ڕەگەز، جیاوازییە بایۆلۆژییەکان لە نێوان هەردو ڕەگەز ژن و پیاو دەگەیەنێت.

جیاوازی لە کرۆسۆمات و جینات و ئەندامی زاوزێ و ئەنجابیـدا هەیە.

×رەگـەز جێگیـرە و ناگۆڕێـت، بـەڵام جێنـدەر یـان جـۆری کۆمەڵایـەتی بـەهۆی نـاجێگیری کۆمەڵگـە و گـۆڕانی ئاسـتی هوشـیارییەوە، بۆیـە گەشـەکردنی بـواری کۆمەڵایـەتی ڕێگـە و ڕەفتاری تاک دیاریدەکات، بەم پێیە گەشەکردنی ئاکار و ڕەفتـاری تاک یان ڕەگەز لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ یەکێکیتر و لە کاتێکەوە بـۆ کاتێکیتر دەگۆڕێت.

×گۆڕانی خەسـڵەتی کۆمەڵایـەتی تـاک، بـەگوێرەی گـۆڕانی ئاکاری کۆمەڵگە و لەگەڵ پێشکەوتنی کات و ڕەوشی کۆمەڵایەتی و باری ئابوری هەردو ڕەگەز، توانای وەرگرتنی خەسڵەتی تازەیـان هەیە.

×جۆری کۆمەڵایەتی بەگوێرەی کات دەگۆڕێـت و زۆر هۆکـار کاری تێدەکات، بەڵام ڕەگەز ناگۆڕێت، جۆری کۆمەڵایەتی بە پێی نەژاد و ڕەنگ و ئاستی کۆمەڵایەتی و ئاین و ڕۆشنبیری و تەمـەن جیاوازی هەیە، بەڵام هەموو جیاوازییەکان لە نێوان هەردو ڕەگەزدا و لە هەموو شوێنی جیهاندا وەک یەکە.

## 2- گرنگی جۆری کۆمەڵایەتی لە ئابوری گشتیدا

×لـە نێـوان سـاڵانی **1993** و **1998**دا دەسـتەیەک بـۆ یەکسانی جێندەری و ڕەگەز لە ڕێکخراوی هاوکاری و پەرەپێـدانی ئابوری جیهانیدا، بە هاوکاری زانکۆی مانشستر و دەزگاکانیتریانـدا،





هەستان بـە پێشخـستن و پەیوەسـتکردنی چـەمکی جێنـدەر لـە سیاسـەتی ئـابوری گـشتیدا "اقتـصاد الكلـی"، دەرهاویـشتە سـەرەکیەکانی ئـەم کـارە، لـە پەرتوکێکـدا بـە نـاوی جێنـدەر و چاکسازی ئابوری لە هاوکـاری و بـواری پەرەپێدانـدا کۆکرانـەوە، دامەزراوە ئاماریەکانیش هەوڵیاندا پێودانگێـک بـۆ ژمێـرە کردنـی کاری ژنان بە بێ کرێ "واتە کاری ماڵەوە" لە ژمێرەی نیـشتمانیدا واتە کۆی داهاتی نیشتیمانیدا بژمێرێت.

×بە شێوەیەکی سەرەکی وەک ئامادەکاری بۆ هاوکاری بـواری ئـابوری گـشتی و دروسـتکردنی بڕیـار، بـۆ ئەوانـەی لـە بـواری پەرەپێدانی نێو دەوڵەتیدا کار دەکەن، لە پێناو چـۆنیەتی گرێـدانی ڕەهەندەکانی جێندەر بە بوار و ڕوانگەی ئابوری و پـلان و بـواری دارایی و ڕاوێـژکاری سیاسـی و پەرەپێدانـەوە، بـۆ ئـەوەی ببێتـە هاندەرێک لە نێوان شارەزایانی ئابوری گشتی و شارەزایانی سیاسی و وەڵامدانەوەی زیاتری پێداویستیەکانی پەرەپێدانی مرۆییدا.

×جێنـدەر لـە شـیکردنەوەی ئابوریـدا وەک بیرێکـی گـشتی، سەرەڕای هەوڵی ئابوریناسان لە بەشداری هاوبەشی هەردو ڕەگـەز لە هێزی کاردا، بـەڵام وەک چـەمکێک بـۆ ئامـاژەدان بـە توێـژە کۆمەڵایەتیەکان بەکارهاتوە، ئەگەرچـی لـە ڕوانگـەی ئابورییـەوە بەشداری ژنانە لە هێزی کاردا و جیاوازینەکردنە لە کرێـی هـەردو ڕەگەزدا بە پێی دینامیکیەتی بازاڕ.

×لە ساڵی شەستەکاندا شارەزایانی بواری سەرمایەی مرۆیی بـۆ یەکەمجار، پەیوەندی ئابوری خێزان و بژێوی ژیانیان بـە بـازاڕەوە

شیکردەوە و دابەشکردنی کاتیان وەک ئامرازێکی نوێ لەسەر بنەمای رەگەز و رەفتاری بازاڕ و کاریگەری لەسەر تاک و خێزان و جیاوازیەکان له نێوان هەردو رەگەزدا رونکردەوە.

×له ساڵانی حەفتاو هەشتاکاندا شیکردنەوەی نوێ بۆ ئەم چەمکانە کرا، لەوانە دەبێت له بازاڕی کاردا رێگە بە هاتنە ناوەی هێزی رکابەرێتی له دروستکردنی بڕیاردا بدرێت، له هەمانکاتدا جەدەلی پتەو بۆ قەرەبو کردنەوەی کاری ژنان له ماڵدا بدرێت، له کۆبونەوەی نەتەوە یەکگرتوەکان و کۆنگرەی ژنان لەساڵانی **1976** و **1985**دا، چەمکی "بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتیان، "وەک دەرەنجامێک بە دەستهێناو گرنگیانپێدا، هەموو ئەم فاکتەرانە هاوکارێکی باشبون بۆ کارکردنی ژنان له کەرتی بەرهەمهێناندا و بەشداریکردنی.

×لەگەڵ ئەو پێشکەوتنانەی له بواری ئابوری گشتیدا پێکهاتن و دوای ئەو قەیرانانەی له جیهانی سێهەمدا و له ساڵانی هەشتا و حەفتاکاندا رویاندا، زنجیرەیەک بەرنامە بۆ هەموارکردنی پەیکەری ئابوری داڕێژران، کە رۆڵیان له دیاریکردن و بەشداریکردنی ژناندا هەبو، ئەو هەولانە کاریگەریان له پەیوەستکردنەوەی چەمکی جێندەر له شیکردنەوەکانی ئابوری گشتیدا هەبو.

×بول کولیری، کە زانایەکی ئەم بوارەیە له توێژینەوەیەکیدا پێشنیاری کردبو، له بانکی نێو دەوڵەتی ساڵانی**1988**و**1990**هەتا **94**دا، داهات پۆلێن بکرێت و خەرجی لەسەر بنەمای جێندەر، جۆری کۆمەڵایەتی بێت، له پێناو





بەکارهێنان و هەڵسەنگاندنی له پێشکەوتنەکان و بەرنامەی هەموار کردنەوەی پەیکەری ئابوریدا، هەروەها دیمتری ساڵی**1996** مەنهەجێکی بۆ شیکردنەوەی ئاماژەکانی رودانی سوود و پۆلێنی جێندەری له خەرجیە گشتیەکاندا پێشخست.

×یەکێک له رەگەزە سەرەکیەکان، کە له دەرەنجامی ئەم کارەوە دەرکەوت، ئەوە بو ژنان له کاردا نەرمیەکی زیاتریان بۆ وەلامدانەوەی ئەو گۆڕانە ئابوریانە هەیە، کە رودەدەن زۆر له نوسەرانیش له ساڵی هەشتاکاندا هەستان بە توێژینەوە لەسەر بنەمای پشتبەستن بە کاری ژنان له گەشەی پیشەسازی جیهانی و بازرگانی و جیهانگیریدا، بۆ چارەسەر کردنی ئەم مەسەلەیەش له بەڕێوەبەرێتی کۆلۆمبیا بۆ پلانی نیشتمانی و دامەزراوەی ئەڵمانی بۆ هاوکاری هونەری، له بارەی ئابوری گشتی و جێندەر و دەوڵەتەوە کتێبێکیان بلاوکردەوە، لەم پەرتوکەدا بابەتی تیۆری و ئامرازەکانی پەیرەو کردنی پرۆسەکە بۆ پەیوەستکردنی جێندەر بەناوەرۆکی سیاسەتی ئابوری گشتییەوە و چاکسازی دەوڵەت و بواری پەرەپێداندا شیکرایەوە.

×زۆرێک له پێشکەوتنە تیۆری و ئەزمونییەکان له بواری جێندەر و ئابوری و پەرەپێداندا له کۆمەڵێک گۆڤاری وەزریدا روماڵکرا، له ساڵی**1995**وە گۆڤارێکی تایبەت بە بواری ئابوری ژنان دەرچو، بە پێی لێکۆڵینەوەیەک هێزی یەکسانی رێژەیی له نێوان هەردو رەگەزدا له رێگەی گۆڕانی پەرەپێدانی ئابورییەوە دەگۆڕێت، ئەم جۆرە گۆڕانکارییە دەبێتە هۆی گۆڕانکاری له

دابەشکردنی یەکسانی کاڵا و کاتی بە تاڵ لە چوارچێوەی خێزان و بژێوی ژیانیاندا.

×شارەزایانی بوارەکە پێیان وابوو دەتوانرێت لە ڕێگەی بەرنامەی چاکسازی ئابورییەوە و کردنەوەی هەل بە دەستهێنان یان گۆڕینی هۆیەکانی گەیشتن بە داواکارییە سەرەتاییەکان، یەکسانی لە پەیوەندی نێوان هەردو ڕەگەزدا بە دەستبهێنرێت.

×تیۆری ناوەندی بڕیار لە چوارچێوەی ئابوری بەش"جزئی"دا، بەشێکی گرنگە لە ئابوری گشتی و بواری پەرەپێداندا، بۆ جیاوازینەکردن لە توانای پێگەیشتن و هۆکارەکانی گەیشتن بە گشت سەرچاوەکان لەناو خێزاندا و هاوکارە بۆ دەرککردن بە شوێنەوارە جیاوازەکانی، لە سیاسەتی هەموار کردنی ئابوری و وەڵامدانەوەی جیاوازییە جێندەرییەکاندا.

×بە پێی ئەو شیکردنەوانەی کراون دەرکەوتوە، ئامادەگی جێندەری لە خەرجی گشتیدا نزمترە، لە ساڵی **1995**دا ڕێژەی کۆمەک بۆ ژنان لە کەرتی پەروەردەدا، لە **37٪** و بۆ پیاوان لە **56٪** بوە، لە کۆی کۆمەک و ڕێژەی داهاتی سنورداری کۆمەڵگەی جیهانی.

×بودجەی جێندەری یان بودجەی ژنان لە بودجەی حکومەتەوە وەردەگیرێت، هەوڵێکە بۆ کاریگەریکردنە سەر کۆمەڵە جیاوازەکان لە ژنان و پیاوان بە تایبەتی لەسەر ئاستی نیشتمانی، بە هەستکردن بە کێشە و هۆکارەکانی لە ڕێگەی پەیوەندیە جێندەریەکان لە کۆمەڵگە و بواری ئابوریدا، دەستپێشخەری بۆ بودجەی جێندەری





یان بودجەی ژنان، ئەو چالاکیانە دەگرێتەوە، کە ئامانجیان خزمەتگوزاری جێندەریە وەک بەرنامەی تایبەت بە ژنان.

×خەرجی و خزمەتگوزاری لەسەر بنەمای جێندەر پۆلێن دەکات، بێجگە لە سیاسەتی دەرفەتی یەکسان لە خزمەتگوزارییە گشتیەکاندا، یەکەم بودجەی ژنان لەلایەن حکومەتی فیدراڵی ئوستralیاوە لە ساڵی **1984**وە دانراوە، لە ساڵی **1995**دا پەرلەمانتاران و ڕێکخراوە ناحکومیەکان، لە باشوری ئەفریقیاش هەستان بەم دەستپێشخەرییە تایبەت بە بودجە بۆ ژنان، لە ماوەی ساڵی **1997**دا حکومەتی باشوری ئەفریقیا پشتی بە بودجەی ژنان بەست و لە وڵاتانی وەک کەنەدا و وڵاتە یەکگرتوەکان و زیمبابوی پشتی پێبەسترا.

×کۆمەڵێک ئامراز بۆ دیاریکردن و شیکردنەوەی بودجەی جێندەری هەیە، لە پێناو هەڵسەنگاندنی سیاسەتێکی هوشیارانەی جێندەری، لەسەر بنەمای پۆلێنکردن و دیاریکردنی خەرجی گشتی و باج بە پێی پۆلێنی جێندەری، ئەمەش چوارچێوەیەک بۆ سیاسەتی ئابوری و هوشیاری جێندەری دیاریدەکات، سەرچاوەکان بەو ئەنجامە گەیشتون، کە بۆ گرنگیدان بە پەرەپێدانی مرۆیی و کەمکردنەوەی گرفتەکانی ژنان، پێویستە پڕۆژەی بچوکیان بۆ پێشبخرێت و سود لە بودجەی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی وەربگیرێت و چاککردنی باری تەندروستی و پەروەردە و دابینکردنی کاتیان گرنگی پێبدرێت.

×هاوسەنگی لە دابەشکردنی سامانی دارایی بە پێی جێندەر، چونکە گرفتی بێکاری و زیادبونی تێکڕای کۆچی نایاسایی و نا یەکسانی ڕەگەزی دەرەنجامی ئەو نا هاوسەنگیانەن، لە دوای ڕوخاندنی یەکێتی سۆڤیەت و جەمسەری سۆسیالیست، سیستەمی ئابوری گۆڕا بە ئابوری بازاڕ، لە ڕوانگەی سیستەمی جیهانگیرییەوە، کە لابردنی ئاستەنگ و ماوەی نێوان گەلانە و کۆکردنەوەی جیهانە لە دەوری یەک شارستانی ئەمەش تا ڕادەیەک هەنگاوەکانی ئاڵۆز کردوە.[23]

## 3- گرنگی جۆری کۆمەڵایەتی لە بونیادنانەوەی وڵاتاندا

×ئەنجومەنی ئاسایشی نێو دەوڵەتی پڕۆژە بڕیاری ژمارە"1483"ی دەرکرد، لە بارەی گرنگی جۆری کۆمەڵایەتی لە پڕۆسەی بونیادنانەوەی عێراقدا، مافی مرۆیی ژن و ڕوانگەی جۆری کۆمەڵایەتی ڕەگەزێکی پەیوەستە بە گفتوگۆکانی ئاشتیەوە، پڕۆسەی پاراستنی ئاشتی پڕۆسەی دوبارە بیناکردنەوەی ئەو کۆمەڵگەیانەیە، کە شەڕیان بەسەردا هاتوە، بە پێی بڕیارەکە دەبێت لە سەرەتای هەر کارێکەوە جۆری کۆمەڵایەتی ببەسترێتەوە بە داڕشتنەوەی بەرنامە و پێداویستییەکانی ژنان و پیاوانەوە.

×ڕێکەوتنامەی سیداو لە ساڵی1979دا ڕاگەیەنراوە و ئەو وڵاتانەی ڕێکەوتننامەی سیداویان ئیمزا کردوە، پێویستە هەر چوار

[23] – لە ژمارە"34"ی ڕۆژنامەی ڕووبەر ڕۆژی 3شەممە2010/10/5دابەزیوە.





ساڵ جارێک ڕاپۆرتی خۆیان پێشکەش بە نەتەوە یەکگرتوەکان لەبارەی ڕەوشی ژنانی وڵاتەکەیانەوە بکەن، کۆنگرەی پەکین لە ساڵی1995دا، کە چوارەم کۆنگرەییو بە هاوکاری ڕێکەوتننامەی سیداو پلاتفۆرمێکی پێکهێنا، 12مادەی تایبەت بوو بە ژنان لە بوارەکانی وەک هەژاری و فێرکردن و ڕاهێنان و تەندروستی و توندوتیژی دژی ژنان و مافی مرۆڤ و ژینگە و دروستکردنی بڕیار و گەلێک بواریتر، کە زەمینە بۆ هاوسەنگی جێندەری دەڕەخسێنن.

×ڕێکخراوی تەندروستی جیهانیش پێناسەی جێندەری کردوە، بەوەی ئەو تایبەتمەندیانەیە، کە ژن و پیاو هەڵیانگرتوە و پەیوەندیان بە جیاوازی کۆئەندامە ئۆرگانیەکانیانەوە نیە، بە پێی بەڵگەیەکی نەتەوە یەکگرتوەکانیش ئەم چەمکە هێمایە بۆ تایبەتمەندی کۆمەڵایەتی و بەشداری لە چالاکیە کۆمەڵایەتیەکاندا و ئەو ڕەفتارەیە مامەڵەی پێوە دەکەین، دەشێت بە پێی کات و جیاوازییە کۆمەڵایەتیەکان گۆڕانی بەسەردا بێت.

×دەزگا حکومیە عەرەبیەکان ئێستا کار بۆ باشکردنی ڕۆڵی ژن لە بواری پەرەپێداندا دەکەن، هەرچەندە هەندێکیان جێندەریان بە یەکسانی ژن و پیاو لە بواری کاردا شرۆڤە کردوە، یان کۆمەڵێک پەیوەندی کۆمەڵایەتی لە نێوان ژن و پیاودا، کە کاریگەرن بە هۆکارە ئاینی و ڕۆشنبیری و نەریتیەکان و گۆڕانی کاتیش کاریگەری لەسەر دادەنێت، بە گوێرەی چەند سەرچاوەیەکیش جێندەر بەشێکە لە ئامێری پەرەپێدانی ئابوری و کاراکردنی ڕۆڵی ژن لەم بوارەدا، بێجگە لە هەموو بوارەکانیتری کارکردنی ژنان.

×لە ماددەی دووەمی جاڕنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤیشدا هاتوە، هەموو مرۆڤێک مافی هەیە، سەرجەم ماف و ئازادییەکانی رابهێزێت ئیدی لە هەر جۆرێکبن، بێ گوێدانە رەنگ و نەژاد و رەگەز و زمان و ئایین و بیروڕای سیاسی و کۆمەڵایەتی و هتد، کاتێک رێکەوتنی نەهێشتنی هەموو شێوەکانی هەڵاواردن "سیداو" دژی ژنان لە ساڵی**1979**دا پێکهات، سی ماددەی لە خۆی گرتبو لەوانە دەبێت ژنان بەشداری کارایان لە کاری پەرەپێداندا هەبێت، هەڵبەتە بە مەبەستی کاراکردنی رۆڵی ژن لە بونیادنەوەدا.

×بە گوێرەی ئەو سەرچاوانە پێویستە راهێزانی یەکسانی نێوان ژن و پیاو دور لە هەڵاواردن، لە رێگەی گرنگیدان بە کار و ئافراندنی ژینگەیەکی گونجاوە وە بێت، بۆ گۆڕینی هەڵوێستە کلتوریی و کۆمەڵایەتیەکان، بە رای هەندێک لە شارەزایانی ئەم بوارە گۆڕینی کلتور و دیدی کۆمەڵگە لەمەڕ بەشداری کارای ژنان لە رێگەی پرۆسەی ئابوری و کۆمەڵایەتیەوە دەبێت.

×دەبێت خزمەتگوزاری راوێژکاری بۆ فراوانبکرێت و ئاسایشی سیاسیش بۆ ژن توانای خۆ دەربڕین و وەرگرتنی راو بڕیارەتی، کە توانای راهێزانی مافەکانی هەبێت، ئەم جۆرە لە ئاسایش زەمینەی دیموکراتی و شەفاف و یاسایی بۆ فەراهەم دەکات، ئەمەش قورسترین بەرپرسیارێتیە لەسەر ئاستی سیاسی و رۆشنبیری و ئابوری و زانستی و ئارامی، بە شێوەی نەرێی و ئەرێی لەسەر تاکەکانی کۆمەڵگە رەنگدەداتەوە، نەبونی ئاسایش واتای نەبونی دڵنیایی و ئازادی و دیموکراتی لە کۆمەڵگەدا دەگەیەنێت.





×ئاسایشی کۆمەڵایەتی لە روانگەی بیرمەند و فەیلەسوفەکانەوە، پێکهێنانی کۆمەڵگەیەکی تەندروستە، کە یاسا حوکمی بکات، ئیبن خەلدون پێیوابوە پەیوەندی لە نێوان تێکچونی بواری ئابوری و تێکچونی سیستەمی دەوڵەتدا هەیە، بۆیە کۆمەڵگەیەکی تەندروست و سیستەمێکی گشتی بە دارشتنی ئاسایشێکی تەندروست دەبێت، بۆ ئەوەی هەموان لە ناویدا هەست بە دڵنیایی بکەین.

×ئەفلاتۆن پێیوابوە گریکەکان گرنگی بە کۆمەڵگەی مەدەنی دەدەن، کۆمەڵگە دیاردەیەکی سروشتی و پێگەیشتوە و پێداویستیەکانی تاک تێیدا زیاد دەکات، خەڵک بە شێوەی کۆمەڵگەی بچوک پێشدەکەون، ئەمەش هاوکاریان دەبێت بۆ دابینکردنی بواری نیشتەجێبون و خۆراک و پۆشاک و پێداویستیەکانیتریان لە دابەشکردنی کار و بەپرسیارێتیە کارگێڕی و مەدەنیەکان، رۆڵی ئەو شارەی لە سێ بواری کارگێڕی و بەرهەم و بەرگرییەوە دیاریکردوە.

×رۆسۆ دەڵێت دەسەڵات ژیانی خەڵک رێکدەخات و نابێت لە دەرەوە هاوردە بکرێت، چونکە ئاسایش و دڵنیایی لە پێویستیەوە دروستدەبن، دەبێت مرۆڤ تێیدا ئازاد بێت و چارەنوسی خۆی دیاریبکات.

×لە ساڵی **1945**وە بۆ پاراستنی مافی مرۆڤ و دادپەروەری، رێکخراوی مافی مرۆڤ پێشکەوت، بۆیە پەیوەندیەکی بەتین لە نێوان پاراستنی ئاسایش و پاراستنی مافەکانی مرۆڤدا لە هەموو

بوارێکەوە هەیە، بۆیە دەتوانێت بەشداری لە بونیادنانەوەدا بکات، چونکە پرەنسیبی دادپەروەری کۆمەڵایەتیش جەختدەخاتە سەر پێداویستی کۆمەڵگە و تاک، کە تێیدا هەست بە دادپەروەری و یەکسانی بکرێت، جەوهەری دادپەروەری کۆمەڵایەتی رزگارکردنی مرۆڤە لە نەریتە کۆمەڵایەتیەکان و رێزگرتن لە مافی مرۆڤ.

×رێزگرتن لە رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و پێکهێنانی ئاشتی و دڵنیایی و ئاسایشی کۆمەڵایەتی پەیوەندی راستەوخۆی بە سیاسەتی بازاری کراوەوە هەیە، بۆیە روخاندنی ژێرخانی ئابوری و چینی ناوین لە هەر وڵاتێکدا فاکتەرێکی هەستیارە لە پوکاندنەوەی ئاسایشی کۆمەڵایەتی و نەبوژاندنەوەی ئابوری و پێشکەوتنی کەلتوری هەژاری.

کەلتوری هەژاری کۆمەڵێک داب و نەریتە، کە کۆمەڵگە پەراوێزەکان توشی دێن و پێیاندەوترێت کۆمەڵگە هەرەمەکییەکان، ئەم کەلتورە لە ئەنجامی سیاسەتی زۆرداریەوە دروستدەبێت، ئەم کلتورە هەرەشە لەسەر ئاسایشی کۆمەڵایەتیش دروستدەکات، بە تایبەتی لە دوای ئەوەی چینی ناوین تێکەڵ بەو کەلتورە دەبێت و نامێنێت، بێکاری و بۆشایی لە بەرهەمدا زیاد دەکات و بە پلەی یەکەمیش کاریگەری لەسەر ژن زۆرترە.

×بە پێی هەندێک لە سەرچاوەکان تەنها توێژینەوە و بە دواداچون لە بژێوی ژیانی هاوڵاتیان بەس نیە، بەڵکو چاودێری و گرنگی پێدان و چاندنی گیانی خۆشەویستی ژیان و متمانە





بەخۆبون پێویستە، بۆ هەستکردن بە ئاسایشی کۆمەڵایەتی و پێشکەوتنی باری ئابوری و بەشداریکردنی.

×پارتە ئۆپۆزسیۆنەکانی ئوردون بەردەوام ئاماژە بەوە دەکەن، خراپی باری ئابوری وڵاتەکەیان مەترسی بۆ سەر ئاسایشی کۆمەڵایەتیان هەیە و حکومەت رێو شوێنی باجی نوێی گرتۆتە بەر، کەچی بۆتە هۆی دروستکردنی بارگرانی لەسەر هاوڵاتیان، چونکە حکومەت هیچ بەرنامەیەکی چارەسەری دارایی و ئابوری و کۆمەڵایەتی لەم بوارانەوە پێشکەش نەکردوە، کەواتە کەمی گەشەی ئابوری و بەرزبونەوەی هەڵاوسان، هۆکارە بۆ پێکنەهێنانی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و لاواز کردنی رۆڵی ژنان لەهەر بوارێکدا و بواری ئابوری بە تایبەتی.

×پێیانوایە وەرگرتنی هەر رێووشوێنێک لە بارەی باجەوە بەدابینکردنی خزمەتگوزاری گشتی لە کۆمەڵگەدا دەبێت، لە نرخی گونجاو بە تایبەتی بۆ چینی هەژار و گرنگیدان بە فێرکردن و بواری تەندروستی بۆ کۆمەڵگە، جەوهەری ئاسایشی کۆمەڵایەتیش واتای پێشکەوتن و پەرەپێدان لە روی ئابوری و کۆمەڵایەتی و سیاسیەوە دەگەیەنێت.

×پێشکەوتنی چەمکی ئاسایش لە روی ئابوری و کۆمەڵایەتییەوە، بۆ فراوانتر بونی ئاسایشی کۆمەڵایەتی لە هەموو رویەکی ژیانەوە بۆ هاوڵاتیان و ژنان بە تایبەتی دەگەیاند، کە خۆی لە هەستکردن بە باشی بژێوی ژیان و سەقامگیری ئابوری و دڵنیایی کەس و خێزان لە ژینگەی دەرەوەیشی دەگرێتەوە.

×پێـنج مەسـەلەی سـەرەکی ئاسایـشی مرۆیـی ژن لـە ڕوی ئابوریشەوە دەخەنە مەترسیەوە لەوانە:

×توندوتیژی دژی ژن و منداڵان

نەبونی خاوەنداریێتی و سامان و کەمی حوکمی ژن لەم بوارەدا

ڕانەهێزانی تەواوی مافە مرۆیی و سیاسیەکان لە لایەن ژنەوە

ژن وەک قوربانی بەکار بێت نەک کاریگەر.

×بە گوێرەی سەرچاوە زانستیەکان لاوازی هەموو ئـەم بوارانـە ئاسـتی بەشـداری ژن کەمدەکاتــەوە و پەیوەندیـەکانی جـۆری کۆمەڵایــەتی واتــای پەیوەنــدی بــەهێزی نێــوان ژن و پیــاو دەگەیەنێت، بۆیە دەبێت پەیوەندی هاوکاری و کۆمەک لە نێوانیاندا هاوبەشبن.

×جۆری کۆمەڵایەتی پەیوەندی نێوان خـەڵک و کۆمەڵگـەکان ڕوندەکاتەوە و ئەم پەیوەندیانەش بەهۆی ڕەگەزەوە جیاوازی هەیە، لە زۆرێک لە کۆمەڵگەکاندا ڕەفتار و کرداری جۆری کۆمەڵایـەتی، بە هۆی گۆڕانی تەکنۆلۆژیاوە دەگۆڕێت، ئەمەش گۆڕانکاری گەورە لە بواری ئابوری و کۆمەڵایەتیدا و لەسەر ئاستی جیهاندا پێکهێناوە، دابەشکردنی کـاریش لـە ڕوانگـەی جـۆری کۆمەڵایەتیـەوە و لـە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ یەکێکتر بە پێی ئاستی تـاک و کۆمەڵگەکـە و گۆڕانی دەرەکی و کات دەگۆڕێت.





**باسی دووەم:**

## 1- لێبوردنەکەی سەرۆکی هەرێم دژ بە ژنان.....!!

×سـەرۆکی هـەرێمی کوردسـتان بـە بۆنـەی هـاتنی جـەژنی قوربانەوە، بە لێبوردنێک کۆمەڵێک کەسی زیندانیکراوی ئازاد کرد و بڕیاریدا لە ڕۆژی جەژندا بگەڕێنەوە ناو خێزانەکانیان و بەخـشراون لە تاوان، لەناو ئەم کۆمەڵـەدا کەسـانێک ئـازاد کـران تاوانبـارن و بکوژی ژنان بـون، دوای ئـەو بڕیـارە کەمـە دەنگێکـی نـاڕەزایی بەرزبۆیەوە!، بەڵام دەسەڵات و سەرۆکی هەرێم گوێیان لێنەگرتون و تا ئێستا لە ڕونکردنەوەیەکی زۆر ئاسایی زیاتر هـیچ کاردانـەوە و وەڵامێکیان نەبوە، ئەم بۆنەیە هاوکات بـوو لەگـەڵ نزیکبونـەوەی ڕۆژی**25**ی نۆڤەمبـەر، کـە ڕۆژی بەرەنگاربونـەوەی توندوتیـژی دژی ژنانە و یادێکی جیهانییە.

×هەڵبەتە هەڵە نابین ئەگەر بڵێین زۆر بە ئاشکرایی دو فاقییەت لـە سیاسـەتی دەسـەڵاتی هـەرێمی کوردسـتاندا دەبینرێـت، لـە لایەکەوە ڕێگە نادرێت یاسـای بەرەنگاربونـەوەی توندوتیـژی لـە پەرلەمانی کوردستاندا، لە خولی ڕابـردو و لـەم خولەشـدا پەسـەند بکرێـت و بەیاسـا توندوتیـژی سـەر ژنـان قەدەغـە بکرێـت، لەلایەکیتریشەوە **16**ڕۆژ بـۆ بەرەنگاربونـەوەی توندوتیـژی دژی ژنان لە یادەکەدا ڕێکدەخرێت، کەچی ناوبەر و دروشمی کەناڵەکانی دەسـەڵات لـە دژی توندوتیـژی و گوایـە ڕوبەڕوبونـەوەی، بـەم شێوەییە ژنێک هاوار دەکات و دەڵێت"بۆ لێمان دەدەن چیمانکردوە

بۆ دەمانکوژن؟"،!! ئەمە جارێکیتر ئەوپەڕی بچوککردنەوەی ژنانـە، بێ دەسەڵات و بێ توانا نیـشاندانی ژنـە، ئەمـە خـۆی دەچـێتەوە خانەی توندوتیژییەوە بەرامبەر بە ژنان و پێناچێت هیچ لە دۆزەکە بباتە پێشەوە، چونکە دەسەڵات خۆی لەگەڵ پرسی ژناندا هاوکار و راستگۆ نیە.

×ئازادکردنی کۆمـەڵێک بکـوژی ژن بـێ ئـەوەی لـە قورسـی تاوانەکانیان بکۆڵرێتەوە و جارێکیتر گەڕاندنەوەیان بۆ ناو کۆمەڵگـە ئەو راستیەمان بۆ پشتڕاستدەکاتەوە، کە زۆرینەی تاوانبارانی دژ بـە ژنان لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا ناکرێت و دەستگیر نـاکرێن و سـزایان بەسەردا ناسەپێنرێت، بەم هەڵوێستە بە ژنـان دەڵـێن هـەموو ئـەو بەرپوەبەرایەتیانـەی بـە نـاوی بەرەنگاربونـەوەی توندوتیژییـەوە، لـەدوای کوشـتنی دۆعـاوە دروسـتکراون و ئـەو کـۆنفرانس و کۆبونەوانەی بودجەیەکی زۆری بۆ تەرخاندەکرێت و بەرپرسان دێن و کۆمەڵێک وتـەی رەنگـاو رەنگمـان پێـشکەشدەکەن و بـەڵێنی بنـەبڕکردنی توندوتیـژی دەدەن، هـیچ لـە مەسـەلەکە ناگۆڕێـت، گشتیان بـۆ کپکردنـەوەی ناڕەزاییـەکانی ئێـوەی ژنـەو بـە هـیچ کلۆجێک هەنگاوی لەگەڵدا نانرێت.

×پێماندەڵێن هەرگیز بـە وردی و گەوهـەری بـە شـوێن داوا و ناڕەزاییەکانتاندا ناچین، بگرە تاوانبارانیشتان، ئەگەر لە حاڵەتێکـدا و بە ڕێکەوت دەستگیریش کرا بن ئازاد دەکەین، بۆیان هەیە بێترس و دڵەڕاوکێ بگەڕێن بە مانا ژن، کـە قوربانییـە و تـاوانی بەرامبـەر کـراوە، داکـۆکی لێناکرێـت بـە پێـچەوانەوە دەبێـت بـاجی ئـەو





توندوتیژی و تاوانانەش، کە بەرامبەریکراوە ئەو بیدات دەرەنجام با ژن نەبوایە!!.

×ئیدی خۆ لە خۆڕا لە واقیعی ئێستای کۆمەڵگـەی کوردییـدا و لەناو فەزای پیاواندا ئەو چەمکە رەوا نەبوە، کە پیاو لە رابردو زیاتر ژن بە بچوک و کەمتر لە خۆیان دەبینن، ئێستا ژن لە کۆمەڵگـەی کوردییدا تەنیا وەک غەریزە و سێکس دەبینرێت، وا تەماشـای ژن دەکرێت بونیادەمێکە بۆ تێرکردن و سزادانی لەلایەن پیاوەوە، ئێستا لە کۆمەڵگەی کوردیدا و لە سایەی ئەم دەسەڵاتەدا، ژن رۆژانە بە چاو و تەماشاکردن و هەموو جۆرەکانیترەوە روبەڕوی هەراسانکردن دەبێتەوە.

×لەوانەیە ئەمانە بۆ هەندێک کەس، کە نایانەوێت لەو راسـتیە بڕوانن و تێبگەن زیادەڕۆیی بێت، بەڵام لە کاتێکدا یاسایەک نەبێت داکۆکی لە ژنان بکات و حکومەت و دەسەڵات و سەرۆکایەتیەکانی لەگەڵیدا سەمیمی نـەبن و دڵـسۆزی نـەبن!، پەرلـەمان بـە دوای کەیسەکانیانەوە نەبێت و لێپرسینەوە لە تاوانبـاران نـەکرێت، هـیچ کەسێک لەسەر تاوان و ئازاردانی ژنـان روبـەڕوی سـزای قـورس نەبێتەوە، بێگومان بەر فراوانترین بواری ئازاردان و کەمکردنـەوەی ژنان بۆ پیاوان دەڕەخسێت، چونکە کەس نیە تاوانباری بکات.

×دیسانەوە بە ئازادکردنی ئەم کۆمەڵە تاوانبارە ئیدی راستییەکی تر یان زەمینێکی تر بەرەو روی ژنان دەبێتەوە، بەو شێوەیەی کە تا ئێستا دەمانگوت تاوانباران دەستگیر ناکرێن و سزا نادرێن، وەڵامی بەرپرسانی هـەرێمی کوردسـتان ئـەوە بـو، کـە سـزایان هەیـە و

زیندانەکان پڕن لەو جۆرە کەسانە، بەڵام لەمەولا تاوانەکان بەرامبەر بە ژنان ئاساییدەبن، چونکە سزایان نیە ئەگەر دەستگیریش بکرێن بە ئاوا لێبوردنێک ئازاد دەکرێن، بێ ئەوەی لە گوڵ کاڵتریان پێ بوترێت، کەواتە گرنگی ئەم**16**رۆژەش بۆ بەرەنگاربونەوە هەمان راستیمان بۆ دوپاتدەکاتەوە، کە تەنیا جوانکردنی روی دەسەڵات و کۆمەڵێک بەرپرسی بوارەکەن بۆ خۆ کردنە فریشتە لەبەردەم ژناندا.

×لە داهاتویەکی نزیکدا شاهێدی ئەو دەرەنجامانە دەبین، کە لە ئازاد کردنی تاوانبارانەوە رودەدەن، ئیدی ژمارەی سکاڵا تۆمار کردن زیادیش بکات بۆ پیاوانی تاوانبار هیچ گرنگ نیە، سکاڵا تۆمارکردن وەک یەکێک لەو خاڵانەی بەرپرسانی بەڕێوەبەرایەتیەکانی دژە توندوتیژی لە کاتی راگەیاندنی ئامارەکانیاندا بە شانازیەوە دەڵێن، راستە توندوتیژی هەیە، بەڵام لەبەرامبەردا ژمارەی سکاڵاکان زیادیانکردوە.

×بۆیە من پێموایە بۆ ئەوەی بارێکی زیاتر و کارەساتبارتر لەسەر رێژەی توندوتیژیەکانی سەر ژنان کەڵەکە نەبن، دەبێت فشار لە پەرلەمان بکەین بۆ ئەوەی سەرۆکی هەرێم ناچار بکەن بەرامبەر ئەو بڕیارەی لە رۆژی جەژندا پەشیمان ببێتەوە.

## 3- ژن، خاڵی لاوازی مەلاکان!!

×هەمیشە کە مەلاکان دێنەگۆ بە تایبەتی ئەو مەلایانەی هێشتا بە عەقڵیەتی سەردەمی دورگەی عەرەبی و زیندە





بەچاڵکردن قسە دەکەن، سەرتاپای ژیانی ژنان دەخەنە تەڵەزگەوە، ئاشکرایە ئەو کلتورە سونەتیەی هەمیشە دەیڵێین و بە رێگری بەردەم پێشکەوتنی کۆمەڵگەی دادەنێیین لەم عەقڵیەتەوە سەرچاوە دەگرێت، مەلاکان هەرچی کار و چەمک و کردەیەک سودی ژنان و پێشکەوتنی کۆمەڵگەی تێدا بێت ئەوان دژین.

×چەمکی جێندەر هێندەی کار لەسەر بە یەکسانی بەشداری و کارکردنی ژنان لەگەڵ رەگەزی بەرامبەر و لە بوارە سیاسی و ئابوری و کۆمەلایەتیەکاندا دەکات، چارەکی ئەوە پەیوەندی بە سێکس و زایەند و هاو ڕەگەزیەوە نیە وەک مەلاکان ئاماژەیان پێکردوە.

×رۆژانە توندوتیژی و کوشتن و سوتاندنی ژنان لەم کۆمەڵگەیە و کۆمەڵگەکانیتر لەسەر ژنان بەڕێوە دەچێت و مەلایەک ویژدانی نابزوێت و وتەیەکی دژ ناکات، هەرچی خراپەکارییە لەم کۆمەڵگەیەدا دەدرێتە پاڵ ژنان و مەلا قسەیەکی نیە، بۆچی لە دژی چەمکەکانی گەندەڵی و فایلی بەرپرسەکان و هێندە تۆڕی سیخوڕی لەم هەرێمەدا هەن قسەیەکیان نیە، هێندە کاڵای خراپ دێتە بازاڕەکانەوە قسەیەکیان نیە؟.

×جارێک نەمانبیست لە وتاری هەینیدا لە بارەی یەکێک لەو داگیرکاری و ستەمەوە، وتەیەک پێشکەش بە خەڵکی سادەی ئەم هەرێمە بکەن، کە کوردی پارچەکانی تری کوردستان دوچاری دەبنەوە، بۆچی دژی ئازاد کردنی بکوژانی ژن ناڕەزاییەکیان نیشاننەدا، کە سەرۆکی هەرێم لە جەژنی قورباندا ئازادیکردن؟.

×بۆیە من پێموایە خاڵی لاوازی ئیسلامی سیاسی و مەلاکان ژنە، ئەوان نەک لە دژی تاوان و دەستدرێژی بۆ سەر ژنان نایەنە قسە، بەڵکو لەو کاتانەدا، کە هەر بوارێکی تایبەت بە ژنان بێتە ئاراوە و لە ئێستاشدا لە دژی چەمکی جێندەر ئاستەنگی دروستدەکەن و نەک ناهێڵن خەڵک بە عەقڵ بیر بکاتەوە، بەڵکو جارێکیتر بۆ فشار و ئازاردانی ژنان هانیاندەدەن.

×با مەلاکان ئەگەر دەتوانن دەست لە ژنان بەردەن و بهێڵن وەک خۆیان بژین!، چەمکی جێندەر کەی کێشەی دروستکردوە ئەگەر ئێوە نەیشێوێنن؟، لە ناو هێندە ئاڵۆزی سیاسی و کارگێڕی و گەندەڵی بەرپرسان و جەنجاڵی بازاڕ و سەرقاڵی خەڵک بە کێشەکانیانەوە، کەی کاتی هێنانە ئارای ئەم چەمکە و پێچەوانە کردنەوەیەتی ئەگەر دەست یان لایەنێکی لە پشتەوە نەبێت، بۆ لە ئێستادا دەیوروژێنن؟.

×ئێستا لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا چالاکی دژ بە لە سێدارەدان هەیە و چەندین لاوی خەباتگێڕ لە ژێر رەحمەتی پەتی سێدارەدان، ئایا جارێک بە خەیاڵیاندا هاتوە ریسوای بکەن و دڵنەواییەکی خەڵک بدەنەوە؟، دایکانی چاو بە فرمێسک هانا بۆ هەر کەس و لایەنێک دەبەن بۆ ئەوەی هەر هیچ نەبێت هاوکاریان بن و فشار لە دەوڵەت بکەن لاوەکانیان لە سێدارە نەدرێن.

×لە باکوری کوردستان دەوڵەتی تورکیا لە نوێوە بەڵێن تازە دەکاتەوە، کە یەک زمانی خوێندن هەیە و زمان و ناسنامەی





کوردی قەدەغەیە مەلایەک نەهاتە گۆ، هەرچەندە ئەم زوڵمە لە سایەی حکومەتێکی ئیسلامیەوە بەڕێوە دەچێت.

×سەردەمانێک کورد لەهەر سێ پارچەکەیتری کوردستان ستەمی رۆژانەیان بەرامبەر دەکرا و تورکیا و ئێران تۆپبارانیان دەکردین، مەلا و لایەنە ئیسلامییەکان ویژدانیان ئازاری نەدەدان، کەچی لەو لاترەوە هاوکاریان بۆ کەرتی غەززە و فەلەستین کۆدەکردەوە و بۆیان دەناردن.

×رێکخراوەکانی ژنان و ئافرەتان چەندینجار لە بابەتە هەستیارەکانی تایبەت بە ژندا هانایان بردۆتە بەر مەلاکان و داوایان لێکردون، لەم بارەیەوە فەتوایەک بدەن بۆ نەفرەتکردن لە کوشتنی ژنان و خەتەنەکردنی کچان، ئەوان نەک گوێیان لێناگرن بەڵکو ئەو کاتەی رێکخراوە نێو دەوڵەتییەکان ئاماری خەتەنەکردنی کچانیان بڵاوکردەوە و تاوان خرایە ئەستۆی ئاینی ئیسلام.

×لیژنەی باڵای فەتوای کوردستان بە بەیاننامەیەک رەتیانکردەوە خەتەنە لە ئیسلامدا هەبێت، کەچی نەک قەدەغە و بە نەفرەتیان نەکرد، وتیان واجب نیە، بەڵام سوننەتە بۆیە هێندەی تر کێشەکەیان لەناو خەڵکدا برەو پێدایەوە!!.

×لە وڵاتێکدا کەس ناوێرێت ناوی ئاین و مەلاکان بهێنێت یەکسەر روبەڕوی سزای قورس و دادگا دەکرێتەوە، کەچی هێندە کوشتنی ژنان و رۆژنامەنوسان و هێندەی یاسای خراپ لەلایەن پەرلەمانەوە دەردەچێت، هێندە نەهامەتی رۆژانەی بازاڕ و گرانی نرخ روبەڕوی خەڵکی هەژار دەبێتەوە، لە چوار دەورماندا

سنورەکانمان تۆپباران دەکرێن و کوردی پارچەکانیتری کوردستان زوڵمیان بەرامبەر دەکرێت و لە سەرەتاییترین مافیان بێبەشن، مەلا یان لایەنێکی ئیسلامی سیاسی هەڵوێست و قسەی نیە.

×لێ هێندەی هاتنە گۆ ژن وەک خاڵی لاوازی خۆیان نیشاندەن و هێرشی ناڕەوایان دەکەنە سەر و ئاستی توندوتیژی بە ڕەفتارەکانیان لە دژی ژنان برەو پێدەدەنەوە.

×با وەزارەتی ڕۆشنبیری خۆی بێتە قسە و ئەم بابەتە ڕون بکاتەوە و لە خەڵکی بگەیەنێت، کە بابەتەکەی ئەوان ئەوە نیە، کە مەلاکان چەواشەیان کردووە بە بێ هیچ شەرم و موجامەلەیەک بۆ لایەنە ئیسلامییەکان.

### 4– ئەنفال و زەماوەند

×ڕۆژی **4/14** لەگەڵ چەند هاوڕێیەکدا بوین، گەنجێک هات و وتی بە نیازە بەیانی دەستگیرانەکەی مارە بکات، منیش پێموت ئەگەر بە قسەم بکەیت ئەمڕۆ بۆ چەند ڕۆژێتری رابگرە، کە یادی ئەنفالە هیچ نەبێت با ئەو چەند ڕۆژە ڕێز لە خەمی کەسوکاری ئەنفالکراوان بگرین.

×نەمزانی هەمان ڕۆژ دەسەڵاتی کوردی بۆ یادی ئەنفال پرۆسەی هاوسەرگیری بە کۆمەڵی بۆ کەسوکارەکانیان ڕێکخستوە، چەندین ساڵە دەکرا تاوانی ئەنفال ببێتە مەکۆیەک بۆ گردبونەوەی کورد و پرسی نەتەوەیی، لە ئێستاشدا دەکرا دەسەڵات بە کۆمەڵێک چارەسەری گرفت و برینە دەرونی و قوڵەکانی ئەو قوربانیانە و ژنان





زۆر بە تایبەتی بەرەو ڕویان بچوایە، بە پرۆژە و کاری گرنگ بۆ ژیانیان بگەڕێنێتەوە، زۆرترین چارەساز و پسپۆڕی دەرونی و کۆمەڵایەتی لە ناوچەکانیان جێگیر بکردایە و لە هیچ خزمەتێک بێبەشی نەکردنایە، هاوسەرگیری گەورەترین سوکایەتی بو بەو کەسانە.

×یادکردنەوەی راگوزەر قوڵکردنەوە و زیندوکردنەوەی زامی تاوانەکەیە، ئەگەر دەسەڵات بەم جۆرە قوربانیانی ئەنفال بۆ ژیان دەگەڕێنێتەوە، لە لایەکەوە مەراسیمی شین و ماتەمیان بۆ ڕێکدەخات و لە دەروازەیەکیتریشەوە ئاهەنگ، ئەمە پارچەکردنی یادەکە و نەتوانینی دەسەڵاتە بە تاوانەکە.

×ئەوان تا ئێستا سەنتەر و ناوەندێکی لێکۆڵینەوەیان نیە، ژنانی ئەو دەڤەرانە لە ئەنجامی پشتگوێ خستنیان بە کۆمەڵێک زامی سەختەوە دەناڵێنن و خۆیان نامۆ دەبینن، پار ساڵ لە سەردانێکم بۆ کەلار یەکێک لەو ژنانە وتی، **22** ساڵە بلوزی برا ئەنفالکراوەکەمم هەڵگرتوە و هەر چاوەڕێم بگەڕێتەوە ئەمە زامی ئەوانە.

×لە یادی ئەنفالدا ژنان لە لایەکەوە لە شین و لاواندنەوە دان و چەندینجار ئەو وتەیان بە گوێدا داینەوە، "ئەنفالی ئازیزەکانمان کۆن نابێت ئەڵێی دوێنی رویداوە، نەک **23**ساڵ پێش ئێستا، ئەو ژنانە ئاوا بیر دەکەنەوە هەر لە چاوەڕوانی سەختدان، ئیدی پرۆسەی زەماوەند کەی قەرەبوی ناخیاندەکاتەوە؟، هیچ شتێک بێجگە لە خزمەتکردنی دەرونی و دڵنەواییکردنیان لە نزیکەوە و کارکردن لە گەڵیاندا قەرەبوی ناخیان ناکاتەوە.

×باسی مێژوی**23**ساڵی تاوانەکە ناکەم، کە ئەم قوربانیانە پشتگوێ خراوترین بونەوەر بون باسی دوێنێیە، کە پێموابو دەسەڵات لە دوای هێندە ساڵ ئەزمونی وەرگرتوە، بەڵام ساڵ بە ساڵ تاوانەکانی وەک ئەنفال و هەڵەبجە بێ بەها دەکرێن، دۆزی کورد لەسەر ئەم تاوانانە دەکرا، ببوایەتە فاکتەرێک بۆ یەکخستنی گەلی کورد و بە دەستهێنانی متمانەی نێو دەوڵەتی و قەوارەیەکی سیاسی بەهێز بۆ کورد.

×بەختیار عەلی لە بارەی نائاگایی دەسەڵات لە بارەی ئەنفالەوە دەڵێت،"ناسیۆنالیزمی کوردی نایەوێت لاپەڕەکانی مێژوی خۆی هەڵبداتەوە، چونکە هەڵدانەوەی ئەو لاپەڕانە مانای گەڕانە بە دوای سیاسەتێکی نوێدا بەرامبەر دوژمنان، مانای پشکنینی رێگایە بۆ وەدیهێنانی هەستێکی نەتەوەیی گەورەتر لە هەستی ئینتما بۆ حیزب". [24]

×یادی **4/14** بۆ ژنانی قوربانی تاوانەکە بە تایبەتی دوبارەکردنەوەی تاوانەکەیە بە پێش چاویانەوە، بۆیە دەسەڵاتێک، کە توانای مانا پێ بەخشینی بە تاوانەکە نییە، بە بێ دەنگی تێپەڕی بکات زۆر بۆ خۆی سوودمەنترە، لە کاتێکدا خۆیان سەربەخۆیانە زۆر بە نرخ یادی دەکەنەوە.

---

[24] – بەختیار عەلی، لە ئارەزووی کوشتنەوە بۆ ئارەزووی فەرامۆشکردن، گۆڤاری رەهەند، سلێمانی چاپی یەکەم، ژ 7، 1999، ل223.